

**پرۆفیسۆر کامەران ساڵەیی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسا:**

## دادگای فیدراڵیی عێراق فشاری سیاسی لەسەرە بۆیە کەوتووەتە ناو هاودژیی دەستووری و یاساییەوە

# گوڵان


ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠٧)- (٢٨)ی شوباتی ٢٠٢٢


## هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا گەڕانەوەیە بۆ شەڕێکی ساردی بەهێز

# هەژانێکی بەهێز لە بنەمای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

دەبێت لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیەتی پوتینەوە لە شەڕی ئۆکرانیا بڕوانین






# پارتی و بارزانی لە دڵی گەلی کورددا دەژین و هیچ هێز و کۆسپ و ڕووداوێک ناتوانێت ئەم ڕاستییە بگۆڕێت

٨

ڕێکخستنەوەی ڕیزەکان و دەستپێکردنەوەی کاری پارتایەتی ئەرکێکی گرنگ و لەپێشینەمان بوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵێکی چڕ و شێلگیرانە درا بۆ دامەزراندنی لق و ڕێکخراوەکان لە ئێران و دەرەوە و تەنانەت لە ناوخۆی کوردستانیش، هەرچەندە لە هەموو لایەکەوە هەڤاڵانمان گوشارێکی زۆریان بۆ هاتبوو، بەڵام دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر، ژمارەیەک لە هەڤاڵانمان لە ئێران دەرچوون و ژمارەیەکیان گەڕانەوە بۆ کوردستان و، بەشێکیان لە ئەورووپا و کوردستانی تورکیا گیرسانەوە و، دەستیان بە خەبات و کاری ڕێکخستن کردەوە، دوای ماوەیەک دەرکەوت کە پارتی و بارزانی-ی نەمر لە دڵی گەلی کورددا دەژین و، هیچ هێز و کۆسپ و ڕووداوێک ناتوانێت ئەم ڕاستییە بگۆڕێت، پارتی بوونی خۆی سەلماند و دەست بە ڕێکخستنەوە کرا لە سەر خاکی کوردستان.

هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بە پشتبەستن بە هێز و تواناکانی گەلەکەمان لە ٢٦ی گوڵانی ساڵی ١٩٧٦ بووە هۆی زیندووبوونەوەی هیوا لە ناخی گەلی کورد و دۆستەکانمان لە هەموو شوێنێکدا. بۆ مێژوو دەیڵێین، هاوکاری و یارمەتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و گەلەکەمان لە باکوور و پارتی لە سووریا و لوبنان، هۆکاری گرنگ بوون لە ڕێکخستنەوە و کاری پارتایەتی لە قۆناخی هەستیاری دوای نسکۆدا، لێرەدا پڕ بە دڵ سوپاسی برایانمان دەکەین لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیا.

دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی نۆیەم، دەرفەتێکی باشتر و زەمینەیەکی لەبارتر ڕەخسا بۆ خۆڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە کاری ڕێکخستنی پارتایەتیدا، بەتایبەتی لە ناو پەنابەران لە ئێران و هەندەران و لە ناوخۆی وڵاتیشدا، لەسەر ئەو بنەمایە، هەوڵدرا میکانیزم و شێوازی ڕێکخستن و کاری پارتایەتی بە شێوەیەکی سەردەمیانە و پێشکەوتوو دابمەزرێتەوە، کە لەگەڵ هەلومەرج و شێوازی خەباتی گەلەکەمان لەو قۆناغەدا بگونجێت.

# چاپکراوی نوێ





چاپی یەکەمی کتێبی (ڕوانین) لە نووسینی (زیرەك کەمال) بە بەرگێکی ناوازە چاپکرا و کەوتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە و نووسەر و خوێنەران پێی ئاشنا بوون، ئەم کتێبە دانسقەیە بریتییە لە کۆمەڵێك وتار و دیمانە، نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سیاسەت ناتوانێت دەرەقەتی تێگەیشتن و شرۆڤەکردن و تاوتوێکردنی کۆمەڵێك چەمك و دیاردە و ڕووداو و ئاقار بێت، بۆیە نووسین لقێکی مەعریفە و میتۆدە زانستی و مێژووییەکانە، کە نووسینی کتێب و ڕۆژنامەش دەگرێتەوە، لێرەدا باس لە چەندین بوار دەکات کە ئەگەر نووسین نەبوایە مرۆڤ بە هیچ ڕووداو و پێشهات و داهێنانی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی و زانستی و مێژووی مرۆڤایەتی ئاشنا نەدەبوو.

نووسەر پتر لە سی ساڵە لە بواری جیاجیادا دەنووسێت، لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان و ناوەندەکانی دیکەی میدیایی و فەزای گشتیدا قسە دەکات، دیدو بۆچوون و قەناعەتی خۆی لە بارەی چەمکە فیکری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان خستووتە ڕوو. ئەمە وێڕای پتر لە دوو هەزار وتار و دیمانە و توێژینەوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکاندا بڵاوکراونەوە، بە سەدان دیمانەو کۆڕ و سیمینار. نووسەر بەشێکی ئەم وتار و دیمانانەی لەم کتێبەدا نووسیوەتەوە و بە چاپی گەیاندوون، بە قەناعەتی زیرەك کەمال ئەمە بەشێکی زۆری نووسینەکانی نێو ئەم کتێبە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی مانا و ناوەڕۆکەوە زیندوێتیی خۆیان پاراستووە و زەمەن و ڕەوتی ڕۆژگار دەرەقەتیان نەهاتووە.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەر ( زیرەك کەمال) دەکەین بۆ ئەم بەرهەمەی کە کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕدەکاتەوە و نووسەر و خوێنەران بە ناوەڕۆکی ئاشنادەبن.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## چاپکراوی نوێ




بەم دواییە سێ کتێب چاپکراوی عەمیدی پۆلیس (محەمەد جەزا عەبدوڵا)وە گەیشتنە گۆڤاری گوڵان، کتێبی یەکەمیان بە ناونیشانی (یادوەری و هەڵوێست.. ئەمەنێك لە بندەستی ڕووداوەکان) کە بە ناسناوی خۆی (گوڵچن) چاپی کردووە، پێشەکییەکەی لەلایەن حەسن هەمزەوە نووسراوە، کە ئاماژەی بە چەمکی (ئۆتۆبایۆگرافی) کردووە کە چەمکێکی گشتگیرەو مانای نووسینەوەی ڕەوتی ژیانی کەسێك دێت لەلایەن خودی ئەو کەسەوە، ئەمەش وەك ژانرێکی ئەدەبی گرنگەو دەکرێت چەندین توێژینەوەی لەسەر بکرێت لە ڕوانگەی زۆر لە زانستە مرۆییەکانەوە، وەك سایکۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجیاو تاوانناسی و زۆر کایەی دیکەی مەعریفی. کتێبەکە لە چەند بەشێك پێکهاتووە، لاس لە ئەزموونی خۆی دەکات لەو خزمەتانەی لە ناوەندەکانی هێزەکانی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە سێکتەر جۆربەجۆرەکاندا کردوویەتی، وەك فریاکەوتن، ڕەگەزنامە، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، زۆر شوێنی دیکە، دوا قۆناغی خزمەتکردنی وەك بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر.







کتێبی دووەمی (محەمەد جەزا عەبدوڵا) بە ناونیشانی (ڕەوسە.. پەندی پێشینان) بەرگی یەکەم و دووەم، ئەم کتێبەشی هەر بە ناسناوی (گوڵچن) بڵاوکردووەتەوە، نووسەر لەم کتێبەدا مەبەستی ئەوەیە کە بابەتەکانی گشتگیر و تایبەتن بە زۆرێك لە چەڵەمەو ئەو کێشانەی کە ڕابردوو تا ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان گیریان بە دەستییەوە خواردووەو پێوەی دەناڵن، نووسینەکان بە شێوەیەکی ساکارو ڕەوان نووسراونەتەوە، هەندێ لەوانە کە پەندن خەریکە بچنە نێو خانەیەکی مێژووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مرۆڤ لەبیریان نەکات و پەندو ئەزموونیان لێ وەربگرێت.

کتێبی سێیەمی نووسەرو شاعیر (محەمەد جەزا عەبدوڵا- گوڵچن) کە نامیلکەیەکی شیعرییە، بریتییە لە کۆبەرهەمی هۆنراوە بە ناوی (خۆزگە)، کە دوو بەرهەمی لەخۆگرتووە، کە لە ساڵی ٢٠٠٩و ساڵی ٢٠١٧دا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی توندوتیژی دژ بە ژنان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان چاپکراون و لە هەولێر بڵاوکراونەتەوە، نامیلکە شیعرییەکە چەندین پارچە هۆنراوەی تێدایە کە بە هەستێکی شاعیرانەو دوور لە ڕتووش ناخی شاعیریان هەژاندووە، دیارە ئەم بەرهەمە پێشکەش بەو ئافرەتانە کراوە کە بەبێ تاوان لەناودەبرێن، بەو گوڵە ناسکانەی زیندەبەچاڵ کران لە ئەنفال و کیمیاباران، بەوانەی مەرگیان هەڵبژارد بۆ ڕزگاربوون لە دەست جەورو ستەم.

دەستخۆشی لە نووسەرو شاعیر(محەمەد جەزا عەبدوڵا) دەکەین بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




دکتۆر هومام ئەلشەمماع :



## چارەسەرکردنی دۆسێی نەوت و گاز بە دانوستاندن و گفتوگۆ دەبێت نەک بە بڕیارێکی نادەستووری و نادادپەروەری

د.نەژدەت ئاکرەیی



## پێکهاتەکان لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەییدا..

د. ڕێگر فەرهاد محەمەدئەمین




## خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ بڕیارە سیاسییەکەی دادگای ئیتحادی

مارک کاتز :



## دەبێت لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیەتی پوتینەوە لە شەڕی ئۆکرانیا بڕوانین

ستیڤن سیمبالا :



## سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە شەڕی ئۆکرانیاوە کاریگەری دەبێت لەسەر بایەخدانی بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

کاڵێ کامران:

**لە زۆرترین پاڵەوانێتیدا بەشداریم کردووە و ئاست و ئەنجامم بەرچاو بووە**



دکتۆر بێوار خنسی :

**هەرێمی کوردستان بەدیلی گازی سرووشتیی هیچ وڵاتێک نییە**




**لە ساڵیادی رۆژی جیهانیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا**

**داوای بنبڕکردنی کوشتنی ئافرەتان دەکرێت**




**ئۆمیکرۆن هاندەرە بۆ هەوکردنی کۆئەندامی دەمار**



جەمیلە یوسفی:

**رۆژاڤا مالا ئەولەکاریێ بوو ژ بۆ هەموو هونەرمەندێن کوردستانێ**



**گەورەترین و ناوازەترین مۆنیتۆری چەماوە**





# مستەفا بارزانی

## گەوهەرێکی درەوشاوە
## لە ناو بیری نەتەوەییدا

**زیندوویی فیکری مستەفا بارزانی هەموو کات ئەو گەوهەرەیە کە لە ناو بیری نەتەوەییدا ڕێگەی داهاتوومان بۆ ڕووناک دەکاتەوە**



گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ڕێبەرە کاریزماکانی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان، شێوازی پێناسەکردنی «نەتەوە و نیشتمان»ـە لە ناو فیکری ڕێبەرە کاریزمایەکەدا، بۆیە ئەگەر لەم دەرگایەوە بچینە ناو فیکری مستەفا بارزانی و دووبارە ئەو پرسیارە بکەینەوە: ئایا «نەتەوە و نیشتمان» لە ناو فیکری بارزانی-دا چۆن پێناسە کراوە؟ ئەوا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسەی کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ شێوازی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان کردوویەتی و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە و گوتوویەتی: «پێش هەموو شت ئێمە هەموومان مرۆڤین، بڕوابوونیشمان بە مرۆڤبوون، لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانمان دروست دەکات».

ئەم جەختکردنەوەیەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەسەر «مرۆڤبوون پێش هەر شتێکی دیکە»، تەنیا قسەیەکی تیۆری شێخێکی تەریقەت نەبووە، بەڵکو ئەوە «فیکر و پراکتیزەکردن»ـە لەسەر ئەرزی واقیع و بە قوربانیدان پراکتیزە کراوە، لە پێش هەمووشیانەوە جەنابی شێخ خۆی چووەتە بەردەم پەتی سێدارە و شەهید بووە.

لە دوای شەهیدبوونی شێخ عەبدولسەلام بارزانی-یشەوە، شێخانی بارزان درێژەیان بە هەمان چەمکی «مرۆڤبوون پێش هەر شتێکی دیکە» داوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە هێز و قوربانیدان داکۆکییان لە مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکەی وەك «ئەرمەن و کلد و ئاشووری و سریانی و ئێزدی و.. هتد» کردووە و، مستەفا بارزانی یەکێك بووە لەو سەرباز و پێشمەرگانەی ناو ئەو فیکرە و لە پێناویدا لەسەر ئەرزی واقیع بەشداری کردووە، هەروەك چۆن لە سەردەمی ڕاگەیاندنی «مەملەکەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید»، بە هێزێکەوە بەرەو سلێمانی دەکەوێتە ڕێ، بۆ



ئەوەی بەرگری و پشتیوانی لە مەملەکەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید بکات.

لەگەڵ ئەوەی یەکەمین وێستگەی پراکتیزەکردنی چەمکی «مرۆڤبوون» لای مستەفا بارزانی لەوەوە دەست پێ دەکات کە وەك پێشمەرگەیەکی لاو سەرکردایەتی ئەو هێزەی کردووە بۆ بەرگری و پشتیوانی لە مەملەکەتەکەی شێخ مەحموود لە سلێمانی، بەڵام لە میانەی بەشداری و ئامادەبوونی بەردەوامی بۆ داکۆکیکردن لەم چەمکە و قوربانیدان لە پێناویدا، چوارچێوەی ئەم چەمکەی لەسەر ئاستی ناوچەیەکی دیاریکراوی وەك «بارزان و دەوروبەری» فراوان کرد بۆ ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و هەوڵی دا لەسەر هەر دوو ئاست تێگەیشتنێکی ماقووڵ و فراوان لەسەر ئەم چەمکە بێنێتە ئاراوە بەمجۆرە:

**١- لەسەر ئاستی کوردستانی**

● مستەفا بارزانی تێگەیشتنێکی قووڵی لە نێوان تێکڕای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دروست کرد و، هەموویانی گەیاندە ئەو قەناعەتە بەوەی پێش ئەوەی ئێمە «کورد و کلدان و ئاشووری و سریان و تورکمان» بین، یان پێش ئەوەی « موسڵمان – شیعە و سوننە- و کریستیان و ئێزدی و کاکەیی و.. هتد»بین، هەموومان مرۆڤین و کوردستان نیشتمانی هەموومانە و یەك چارەنووس پێکەوە دەمانبەستێتەوە.

● لەسەر ئاستی ناوچەگەریی. مستەفا بارزانی دیالۆگی ڕاستەوخۆی لە نێوان هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە دروست کرد و دیاردەی ناوچەگەرێتی بە کوردستانیبوون سڕییەوە، ئەمەشی لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ساڵی **١٩٤٣** پیادە کرد و حکومەتی پادشایەتی عێراقی ئەو سەردەمەی ناچار کرد، وەك داکۆکی لەسەر مافی کوردستانییەکان دانوستاندنی لەگەڵ بکات، سەرەنجامیش چەمکی کوردستانیبوون

بووە بناغەی خەبات و مقاوەمەت لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.

**٢- لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەکە**

مستەفا بارزانی لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان تەنیا وەك «ڕابەر و کاریزما»یەك دەرنەکەوت، بەڵکو وەك «خاوەنی فیکرێکی تازە» پەیامی خۆی ئاراستەی دەوروبەر و جیهان کرد و، لە ساڵی ١٩٤٣ کە لە ناو گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی بووین و نەتەوەکان یەکتریان پاکتاو دەکرد، مستەفا بارزانی پەیامی خۆی ئاراستەی عەبدولڕەحمان عەزام پاشا سیاسەتمەدار و کەسایەتیی ناسراوی عەرەبی «کە دواتر بووە یەکەمین سەرۆکی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی» کرد و پێی ڕاگەیاند: «شەڕی ئێمە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ڕژێمانەیە کە ئێمە و ئێوەش پێکەوە دەچەوسێننەوە». ئەم پەیامە وەرچەرخانێکی فیکری بوو هەم لە ئاراستەکردنی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هەمیش وەرچەرخانێکی فیکری لە شێوازی وەڵامدانەوەی نەتەوەی عەرەب بۆ ڕەوایەتیی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و، ئەو وەرچەرخانەشمان لە شۆڕشی چواردەی تەممووز و نووسینەوەی دەستووری کاتی عێراق بینی کە بەندی سێیەمی دەڵێت: عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»، هەروەها لە وەڵامدانەوەی ئایەتوڵا موحسین حەکیم-یش بینیمان کە شەرعییەتی بە ڕەوایەتیی شۆڕشی کوردستان دا و فەتوای پاکتاوکردنی کوردستانییەکانی ڕەت کردەوە.

**٣- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**

● پێش ساڵی ١٩٤٥ و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات، چەمکی کوردستانیبوون وەك بناغەی سەرەکیی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە فیکری مستەفا بارزانی-دا ڕەگی داکوتابوو، هەر بۆیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی ئامادەباشیی خۆی پیشان دا کە سەرباز و پێشمەرگەی پاراستنی ئەو کۆمارە بێت و، قارەمانیەتی بارزانی و پێشمەرگەکانی لە پاراستنی کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی لە کەسایەتییەکی هەرێمی و لۆکاڵییەوە بەرز کردەوە بۆ کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی کە لەسەر ئەرزی واقیع سەلماندی «پارێزەری ڕاستەقینەی» ئەو کۆمارە بووە.

**● دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان**

مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی تەسلیمبوونیان ڕەت کردەوە و ڕێڕەوە مێژووییەکەیان بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بە سەرکەوتوویی دەست پێ کرد و خۆیان گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت، بە گەیشتنیان بۆ سۆڤیەت، بارزانی پەیامی خۆی بۆ «ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانی گەورە» بە جیهان ڕاگەیاند، لەم پێناوەشدا پەیوەندی بە هەموو ئەو سەرۆك دەوڵەتانەوە کرد کە سەرقاڵی دروستکردنی میحوەرێکی دیکەی جیهانی بوون لەدەرەوەی میحوەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە پاشان بە ناوی «جیهانی سێیەم» ڕاگەیەندرا، هەروەها هەوڵێکی زۆری دا هەتا لەگەڵ «خرۆشۆف»سەرۆکی ئەو کاتی یەکێتی سۆڤیەت کۆببێتەوە، ئەم هەوڵانەی مستەفا بارزانی، ناوی بارزانی کردە مورادیفی کوردبوون و کوردستانیبوون و مرۆڤبوون و، وەك ڕابەر و سەرکردەیەکی جیهانی لەسەر ئاستی وڵاتان سەیر دەکرا و، پەیامەکانی وەك مانشێت دەبوونە سەردێڕی ڕۆژنامە گەورەکانی ئەو کاتی جیهان و، گەڕانەوەشی بۆ عێراق دوای میوانداریی ڕابەری عەرەبی جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٥٨ لە قاهیرەوە بۆ بەغدا ئەو وێنایەی بەرجەستە کرد، کە مستەفا بارزانی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی و جیهانییە.

هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم باکگراوەندە لە ناو فیکری مستەفا بارزانی-دا، بۆ ئەوەیە بڵێین: «**تەنیا سەرمایە و چەکی دەستی مستەفا بارزانی فیکر و بیرکردنەوە**» بووە، هەر بۆیە کاتێك هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ڕایەڵەیەك لە نێوان سەردەمی بوونی جەستەیی و تەواسڵی فیکری مستەفا بارزانی دروست بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەمان ئەو ڕایەڵەیەی کە شەخسی مستەفا بارزانی لە نێوان سەردەمی جەستەیی شێخ عەبدولسەلام و تەواسڵی فیکری شێخ عەبدولسەلام و پەرەپێدان و فراوانکردنی ئەو فیکرە دروستی کردووە.

لێرەوە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو ڕایەڵەیە بکەین کە مستەفا بارزانی لەگەڵ فیکری شێخ عەبدولسەلام بارزانی دروستی کردووە، دەبینین شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩٠٥ داوای کردووە بگاتە لای پادشای ئینگلیز و داوای پشتیوانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لێ بکات، لە بەرامبەردا سەیر دەکەین دوای ٥٠ ساڵ بە سەر ئەم هەوڵەی شێخ عەبدولسەلام، مستەفا بارزانی هەمان هەوڵی هەیە و هەوڵەکەشی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەگاتە لای «خرۆشۆف» بۆ هەمان مەبەست دەگاتە کۆشکی کرملین. ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە تەنیا شتێك گرنگ بێت بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی فیکری بارزانی، دروستکردنی ئەو ڕایەڵەیە بووە کە تەواسڵ لە نێوان سەردەمە جیاوازەکان دروست دەکات و جیاوازیی سەردەمەکان لە ئاستی فیکرەکەدا دەسڕێتەوە.

لێرەوە ئەگەر درێژەدان بە ڕایەڵە و تەواسڵی مستەفا بارزانی لە ناو فیکری مسعود بارزانی-دا هەڵسەنگاندنی وردی بۆ بکەین، دەبینین چۆن مستەفا بارزانی ڕایەڵە و تەواسڵی فیکری شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هێنایە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، پاشان مسعود بارزانی بووە درێژەپێدەری ڕایەڵە و تەواسڵی هەمان فیکر و کاتێك تەواسڵی ئەو فیکرە لەگەڵ گۆڕاوە مێژووییەکان مامەڵەی جیاواز بۆ هەمان ئامانج دەکات، لێرەوە ئەگەر ڕایەڵە و تەواسڵی ئەم فیکرە لەسەر شێوازی مامەڵەی سەرۆك مسعود بارزانی پیادە بکەین، ئەم ئاکامانەی لێ دەخوێنینەوە:

١- ئەگەر لەسەر خاڵی هاوبەشی دەستپێکی بەرپرسیاریەتی گرتنە سەرشانی مسعود بارزانی لەگەڵ هەمان دەستپێکی بەرپرسیاریەتی گرتنە سەرشانی مستەفا بارزانی و شێخ عەبدولسەلام بارزانی بەراورد بکەین، دەبینین هەر سێکیان لە ناو قووڵایی «نائومێدیدا» بیریان لە دروستکردنەوەی ئومێد کردووەتەوە و هەر سێکیشیان بێجگە لە سەرمایە فیکری «مرۆڤبوون و کوردستانیبوون» هیچ سەرمایە و چەکێکی دیکەیان پێ نەبووە. سەرۆك مسعود بارزانی لە بەشی چوارەمی کتێبەکەی «بارزانی وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان»، زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەم ڕاستییە کردووە و لەمەش زیاتر هەڵوەستەی لەسەر ئەوەش کردووەتەوە «ئەگەر ئەو نائومێدییە بەردەوام بێت، هەموو شتێك لە دەست دەدەین».

٢- خاڵی گرنگ و سەرەکی لە هەوڵی هەرسێکیاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە لێکتێگەیشتن و یەکریزی و تەبایی نێوماڵی کوردستان و ئاشتی و تەبایی لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی دەوروبەر و جیهاندا، ئەم هەولانە لە سەردەمی هەر سێکیاندا بە جۆرێك گەیشتووەتە ئەو ئامانجەی کە خەباتی لە پێناودا کراوە، سەرەنجامیش لێکتێگەیشتن و قەناعەتی هاوبەش و تەبایی و یەکریزی دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە.

٣- بروابەخۆبوون خاڵێکی دیکەی بەهێزی هاوبەشی سێ سەردەمی جیاوازی دروستکردنی ڕایەڵە و تەواسڵی فیکری ماوەی نزیکەی ١٢٠ ساڵ خەباتی بەردەوامی یەك ئامانجە، بۆ ئەم ئامانجە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، دوای ئەوەی مستەفا بارزانی ئامانجەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بردە کۆشکی کرملین و لەگەڵ خرۆشۆف باسی کرد، دوای نزیکەی ٦٠ ساڵ لەو هەوڵە، مسعود بارزانی ئەم ئامانجەی بردە کۆشکی سپی و لەسەر ئاستێکی پرۆتۆکۆلی وەك شاندی کوردستان لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و ئیدارەی ئەمریکی بە ڕەسمی باسی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی کرد.

ئەوەی لەم بەراوردکارییەی ماوەی ١٢٠ ساڵی ڕابردوو فێری دەبین، ئەوەیە کە بڵێین ئەگەر ڕایەڵە و تەواسڵ لەگەڵ ئەو فیکرە دروست بکەین کە ئامانجی «**مرۆڤبوون و گەیشتن بە ئازادی و پێناسەکردنەوەی نەتەوە و نیشتمانە**» و لە بەر ڕۆشنایی ئەو فیکرە هەمان ڕایەڵە و تەواسڵ بەردەوام بێت، ئەوا دەگەینە ئەو ئامانجەی بەوەی ڕاستە ڕابەرێکی کاریزما وەك مستەفا بارزانی وەك جەستە لە ناوماندا نەماوە، بەڵام زیندوویی فیکرەکەی هەموو کات ئەو گەوهەرەیە کە لە ناو بیری نەتەوەییدا ڕێگەی داهاتوومان بۆ ڕووناك دەکاتەوە.



پرۆفیسۆر دکتۆر کامەران ساڵەیی
پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسا بۆ گوڵان:

# دادگای فیدراڵیی عێراق فشاری سیاسی لەسەرە بۆیە کەوتووەتە ناو هاودژیی دەستووری و یاساییەوە

**دادگای فیدراڵیی عێراق کە بە نەفەس و نییەتێکی سیاسییانە بڕیارێکی دژی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەرکرد، هەر زوو بووە هۆی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە لەلایەن یاساناسان و شارەزایانی بواری یاسا و نەوت و گازەوە. بۆ قسەکردن لەسەر نایاسایی و نادەستووریی بڕیارەکە، دیدیارێکمان لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر کامەران ساڵەیی شارەزا لە بواری یاسا سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دادگای فیدراڵیی عێراق بۆچی خۆی تێوەگلاندە ناو بڕیارێکی نایاسایی و نادەستوورییەوە، تەنانەت ئەو مادده دەستوورییانەی پشتی بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارە پێ بەستراوە پڕیەتی لە هاودژی؟**

- بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی چونکە بە نییەتێکی سیاسیی تێکدەرانە دەرکراوە، ناڕوون و هاودژیەکی زۆری تێدایە، تەنانەت سەرجەم بۆچوونەکانی بۆ ماددەو بڕگە دەستوورییەکان بەپێچەوانەوەیە، بەمەش دادگای فیدراڵی خۆی تێوەگلاندووە لە بڕیارێك کە دژییەك لەخۆ دەگرێت، تەنانەت پشتی بە کۆمەڵێك مادده لە ناو دەستووردا بەستووە، هەرخۆی لە خۆیدا بڕیارەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆ نموونە نەوت و گاز کە لە ماددەی ١١٢ دا هاتووە، هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە نییە، ڕاستەوخۆ دادگاکە وتوویەتی ئەمە دەسەڵاتە حەسرییەکانە کە لە ماددەی ١١٠ی دەستووردا هاتووە، لەکاتێکدا لەو ماددەیەی دەستووردا کە دەسەڵاتی حەسرییە، هیچ باسی نەوت و گاز نەکراوە، تەنانەت لە ماددەی تایبەت بە دەسەڵاتە هاوبەشییەکان کە باس لەو کێڵگە نەوتییانە دەکات کە پێش دەرکردنی دەستوور لە ئایاری ٢٠٠٥ هەبووە، واتا نەوەك کێڵگە نەوتیەکانی ئێستا کە باس لەوە دەکات ئەو کێڵگە نەوتییانەی ئەو کات بە هاوبەشی لەلایەن هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەوە بەڕێوەدەبرێن، چەندین ساڵیشە هەرێم و عێراق بە شێوازی جۆراوجۆر لەسەر داهاتی نەوت و بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتوون، پێشتر چەند هەوڵێك هەبوو بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی عێراق کە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بگرێتەوە، بەڵام ئەو یاسایە کاتێك ڕێگری لەبەردەم دەرکردنی کرا، ئەو کات ڕێککەوتنێك لە نێوان حکومەتەکەی مالیکی و هەرێم کرا، بەوەی تا ساڵی ٢٠٠٧ ئەگەر بەغدا ئەو یاسا تایبەتەی بە نەوت و گازی عێراق دەرنەکرد، ئەوا هەر لایەك بۆ خۆی دۆسیێی نەوت و گاز بەڕێوە ببات، ئەم دادگایە بە پێچەوانەی ئەو هەموو ماددەو بڕگە دەستوورییەوە هاتووە هەمووی تێك داوە و کاری لەسەر بەحەسریکردن و بەمەرکەزیکردنی عێراق کردووەو، ئێمەی گەڕاندووەتەوە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەبوو. باشە ئەگەر دۆسیێی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ماددەی ١١٠ و مادده حەسرییەکانیش باس نەکرابێت، ئیتر چۆن دەبێتە دەسەڵاتێکی حەسری؟ لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ٢٠١٢ بڕیارێکی دادگای فیدراڵی هەیە بە ناوی بڕیاری ژمارە هەشت، کە دەڵێت ئێمە مەلەفی هاوبەش ڕادەگرین تا یاسای نەوت و

**دادگای فیدراڵی خۆی تێوەگلاندووە لە بڕیارێک کە دژییەک لەخۆ دەگرێت، تەنانەت پشتی بە کۆمەڵێک مادده لە ناو دەستووردا بەستووە، هەرخۆی لە خۆیدا بڕیارەکە هەڵدەوەشێنێتەوە**

**ئەگەر دۆسیێی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ماددەی ١١٠ و مادده حەسرییەکانیش باس نەکرابێت، ئیتر چۆن دەبێتە دەسەڵاتێکی حەسری؟**

گاز دەردەچێت، ئێ باشە ئێستا یاسای نەوت و گاز دەرنەچووە، واتا هەر لایەنێك ئازادە لە بەڕێوەبردنی دۆسیێکەی خۆی. لە بودجەی ساڵی ٢٠١٢ حکومەتی بەغدا ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد کرد و گوتی: هەرێمی کوردستان داهاتی ١٧٥ هەزار بەرمیل نەوتمان بدەنێ، ئەمەش بەڵگەیەکە بەوەی حکومەتی عێراقیش ڕازی بووە بەوەی کورد نەوت و گازی خۆی ئیدارە بکات و بیفرۆشێت و خۆی بەڕێوەی ببات و، دوای ناردنی پارەکە مەقاسەی تێدا بکرێت و تەسوییەی بکەن، ئەم حاڵەتە لە بودجەی ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٠ هەمان ڕێککەوتن دووبارە بووەتەوە، بە گۆڕانکارییەکی کەمی بەرزبوونەوەی ژمارەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت.

لە یاسای دارایی عێراقیشدا لە ماددەی ١١ بەندێکی تێدایە، دەڵێت: ئەگەر هەرێمەکان ئەو پارەیەی لە داهاتی نەوت و باجەکان لەسەریانە نەیدەنەوە، ئەو دەمە لە پشکی هەرێمی کوردستان دەیبڕین و بە شێوازی مەقاسە دەیانگەڕێنینەوە، بەداخەوە دادگای فیدراڵیی عێراق هەموو ئەو ماددە دەستووری و بڕگە یاساییانەی کە لە بەرژەوەندیی کوردە، پشتگوێی خستوون.

*** جگە لەو دژیەکانەی لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیدا هاتووە، دوای تێپەڕبوونی ڕۆژێك دادگاکە بەیانێکی دەرکرد کە چەند ڕوونکردنەوەیەکی تێدا بوو، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو ڕوونکردنەوەیە؟**

- بۆ ڕۆژی دوایی دادگای فیدراڵی عێراق ڕوونکردنەوەیەك، یان بەیانێکی بڵاو کردەوە، کە من نازانم ناوی چی لێ بنێم، ناکرێت لە دوای دەرکردنی بڕیار ئەم ڕوونکردنەوەیە بدرێت، هەرچۆنێك بێت ڕوونکردنەوەکە دەرکرا و هەرچەندە شێوازێکی ڕوونکردنەوەی سیاسیی پێوە دیارە، نەك یاسایی، بەتایبەتی کاتێك باسی ئەوە دەکات (نەوتی کوردستان لەلایەن ئیسرائیلەوە کڕدراوە)، ئەمەش وەکو پاکانەیەك وایە کە دادگاکە پەنای بۆ بردووە، چونکە دەزانێت ئەو ماددە دەستوورییانەی پەنای بۆ بردووە، لاوازن و پشت بە ئیجتیهاداتی نایاسایی دەبەستێت، لەگەڵ ئەمەشدا من پێم وایە ئەو ڕوونکردنەوەیە شتێکی باشی تێدایە، چونکە ددان بەوەدا دەنێت کە دەڵێت حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ ـەوە پارەی نەداوەتە کورد و، ئەمەش وای کرد حکومەت نەتوانێت بەپێی پێویست مووچە بدات، لە خاڵێکی دیکەشدا دەڵێت ئەگەر هاتوو لە نێوان هەرێم و بەغدا کێشە دروست بوو، ئەو کات نابێت ئەمە کاریگەریی لەسەر ئەو بڕە پارەیە بکات کە بەغدا بۆ هەرێمی کوردستانی دەنێرێت، هەموو ئەم بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنێت کە دادگای فیدراڵیی عێراق کەوتووەتە ناو فشارێکی سیاسیی توندەوە، بۆیە خۆی تێوەگلاندووە لە بڕیارێکی لەم شێوەیە.

*** جگە لە نادەستووری و نایاسایی بوونی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، وەکو شارەزایەکی یاسایی تاچەند پێت وایە بڕیارێکی لەم شێوەیە لە ڕووی پراکتیکەوە جێبەجێ دەکرێت؟**

- بەپێی ماددەی ١٢١ کە دەڵێت: دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەرییان هەیە، بە گوێرەی ئەوەی لە دەستووردا هاتووە، (جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.) لە ماددەی ١١٥ ی دەستووردا هاتووە ئەو دەسەڵاتانەی کە حەسری نییە، دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکانە و ئەوانیش دەسەڵتی ئەوەیان هەیە یاسا دەر بکەن، تەنیا ئەو یاسایانە نابێت دەربکەن کە پەیوەندیی بە دەسەڵاتی حەسرییەوە هەیە، کەواتە بەو پێیەی نەوت و گاز لە دەسەڵاتە حەسرییەکاندا دانەنراوە. ئەم بڕیارە زۆر بە پەلە دەرکراوە و لەگەڵ ماددە دەستوورییەکاندا دژ بە یەکە، تەنانەت ماددەی ١١٢ هیچ پەیوەندی نییە، نە بە ماددەی ١١٠ و نە بە ماددەی ١١٥ی دەستوورەوە، بەڵکو ماددەیەکی تایبەت چارەسەرەکەی بە هاوبەشییە و دەبێت بە ڕێککەوتن بکرێت. باشە خۆ ئەگەر داهاتی هەموو هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بنێرین، دەگاتە چوار ملیار دۆلار کە شەش تریلیۆن دینار دەکات، لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە ١٠ تریلیۆن دینار هەیە، واتا شەش ملیار دۆلار، بەمەش دەبێت بەغدا هەموو ساڵێك دوو ملیار دۆلارمان بۆ بنێرێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی عێراق نییە، بۆیە ئەم بڕیارە

**دادگای فیدراڵیی عێراق هەموو ئەو ماددە دەستووری و بڕگە یاساییانەی کە لە بەرژەوەندیی کوردە، پشتگوێی خستوون**

**ئەگەر داهاتی هەموو هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بنێرین، دەگاتە چوار ملیار دۆلار کە شەش تریلیۆن دینار دەکات، لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە ١٠ تریلیۆن دینار هەیە**

**ئەم بڕیارە بە هیچ شێوەیەک جێبەجێ ناکرێت، چونکە ڕەهەندێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و لایەنی ئاڵۆزی تەکنیکی و هونەریی هەیە**

**گریمان حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕازی بوو بەم بڕیارە نایاساییە، ئایا زەمانەتی ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان و پێداویستییەکانی مووچە و بەردەوامیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان چییە؟**

بە هیچ شێوەیەك جێبەجێ ناكرێت، چونكە ڕەهەندێكی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و لایەنی ئاڵۆزی تەكنیكی و هونەریی هەیە، باشە گریمان حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕازی بوو بەم بڕیارە نایاساییە، ئایا زەمانەتی ناردنی پشكی هەرێمی كوردستان و پێداویستییەكانی مووچە و بەردەوامیی پرۆژە خزمەتگوزارییەكان چییە؟ باشە ئەگەر بڕیارێكی وا جێبەجێ بكرێت، كێ كێڵگە نەوتییەكانی كوردستان بەڕێوە دەبات و عێراق خۆی نەوتەكەی لە كوێوە هەناردەی بەندەری جیهانی توركی دەكات، بەشێكی سەرەكی لە بۆرییەكانی كوردستان موڵكی گەورە كۆمپانیاكانی نێودەوڵەتییە، باشە بەغدا چۆن دەتوانێت مافی گەورە كۆمپانیاكانی ڕۆزنەفتی ڕووسی و تۆتاڵی فەرەنسی بدات.

*** ئایا گەڕانەوە بۆ مەركەزییەت و زیانگەیاندن بە ئابووری و بژێویی خەڵكی كوردستان، خۆی لە خۆیدا هەڵوەشانەوەی ئەو بنەمایانە نییە كە لەسەر بنەمای دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق ئەم وڵاتەی لەسەر دامەزراوە؟**

- من نامەوێت ئەمەم بە هەستیاری لێ وەربگریت، پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەكەت بدەمەوە، دەبێت ئەم ڕاستییە بگوترێت: ڕاستە حكومەتی عێراق لەوەتەی دروست بووە دژایەتیی كوردستان و كورد دەكات، بەڵام بەشێكی لەم دژایەتیكردنەش بۆ كەموكورتیی خۆمان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئێمە ئەو هەموو ساڵە دانوستاندن و گفتوگۆمان لەگەڵ حكومەتی بەغدا كرد، بۆچی باسی ئەم سكاڵایەمان نەكردووە كە لە ساڵی ٢٠١٢ لە ئاكامی ململانێیەكی سیاسی دژی هەرێم بۆ دادگاكە بەرز كراوەتەوە، باشە بۆ دەبێت ڕاوێژكارەكانمان و بەرپرسانمان لە بەغدا تا بڕیارەكە لە دژمان دەرنەكەن، هیچ هەڵوێستێكیان نەبێت، حكومەتی هەرێمی كوردستان بەتایبەتی پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەدان پڕۆفیسۆر و دكتۆر و شارەزا و كەسی بەتوانا و كارامەی هەیە، باشە بۆ ئەم كەسانە نانێرێت بۆ بەغدا، باشە لەم دادگایە ئەو هەموو پێشێلكارییە دژی كورد كراوە، ئەی ئێمە چەند سكاڵامان پێشكەش بەدادگاكە كردووە؟ كوا قەرەبووی شەهید و كیمیاباران و جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ و شایستەكانی جووتیاران و پشكی هێزی پێشمەرگە و پشكی كورد لە دامەزراوەی سوپا و دیاریكردنی سنوورەكەمان؟ ئەو دوو دادوەرەی لە دادگای فیدراڵی دامانناون زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی ئەو ڕۆژە ئامادە نەبن، چونكە ماددەی پێنج لە یاسای دادگای فیدراڵی دەڵێت نیساب تەواو نابێت، تا هەموو ئەندامەكانی دادگا ئامادە نەبن، ئێ بۆ پرسیار نەكەین بۆچی دوو دادوەرە كوردەكە ئامادە بوون و دەمانتوانی ڕێگەیەكی دیكە بدۆزینەوە و دەست لەكار هەڵبگرن و دوای شەش مانگی دیكە دوو دادوەری دیكەمان دادەمەزراند و، ئەو كاتیش لەو ماوەیەدا داوای كشانەوەی سكاڵاكەمان لە حكومەتی نوێ دەكرد، خۆ لەوەتەی دەستوورمان داناوە، بەغدا بەردەوام لە كێشە و گرفتدایە لەگەڵ كورد و، تەنانەت بڕوایان بە فیدراڵییەتیش نییە و هەر لە وشەی فیدراڵییەت تێ ناگەن و بگرە دۆستەكانیشمان هەر لە وشەی مەركەزییەت و بەغدا تێدەگەن، بۆیە ئەم بڕیارەی دادگا دوابڕیار نابێت و چەندین ئاستەنگ و گرفت و كێشەی دیكە بۆ هەرێمی كوردستان دروست دەكەن و ئەمەش ڕێگەچارەسەرەكەی تەنیا بە سەربەخۆیی ئابووری و ڕێكخستنی نێوماڵی كوردە، دوژمنەكانی كورد نایانەوێت ئەم هەرێمە بڕووخێت، بەڵام ناشیانەوێت بەهێز بێت.

*** وەكو كەسێكی شارەزا لە بواری یاسا، ڕێگەچارەی ئەم بڕیارە نادەستوورییە دژی نەوت و گازی كوردستان چییە؟**

- لە یاسادا بڕیارێك گرنگە كە قابیلی جێبەجێكردن بێت، ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵیش قابیلی جێبەجێكردن نییە، دەبێت لەگەڵ هاوپەیمانەكانمان و لە ناو حكومەتی نوێی عێراقدا میكانیزمێك بدۆزرێتەوە، هاوكات سەرۆك كۆماری عێراق هەندێك پرسیار بكات، تەنیا لە دادگای فیدراڵی بپرسێت ئایا دەسەڵاتەكانی حەسری چییە و لە ماددەی ١١٠ و، تایبەتمەندێتی ماددەی ١١٤ چییە، كە لەو دوو ماددەیە باسی نەوت و گاز نەكراوە، جێگای داخە سەرۆك كۆمار بڕیارێكی نەرمی ئینشائیی دەركردووە و ڕێگری لە پێشێلكردنی دەستوور نەكردووە.

**ڕاستە حكومەتی عێراق لەوەتەی دروست بووە دژایەتیی كوردستان و كورد دەكات، بەڵام بەشێكی لەم دژایەتیكردنەش بۆ كەموكورتیی خۆمان دەگەڕێتەوە**

**باشە لەم دادگایە ئەو هەموو پێشێلكارییە دژی كورد كراوە، ئەی ئێمە چەند سكاڵامان پێشكەش بەدادگاكە كردووە؟**

**لەوەتەی دەستوورمان داناوە، بەغدا بەردەوام لە كێشە و گرفتدایە لەگەڵ كورد و، تەنانەت بڕوایان بە فیدراڵییەتیش نییە و هەر لە وشەی فیدراڵییەت تێ ناگەن**

**ئەم بڕیارەی دادگا دوابڕیار نابێت و چەندین ئاستەنگ و گرفت و كێشەی دیكە بۆ هەرێمی كوردستان دروست دەكەن**



**دکتۆر هومام ئەلشەمماع**

راوێژکاری دیاری ئابووریی عێراق بۆ گوڵان:

# چارەسەرکردنی دۆسێی نەوت و گاز بە دانوستاندن و گفتوگۆ دەبێت نەک بە بڕیارێکی نادەستووری و نادادپەروەری

**دژایەتیکردنی یاسای نەوت و گازی کوردستان بە بڕیارێکی نادەستووری و نایاسایی و نادادپەروەریی دادگای فیدراڵی عێراق مەرامێکی سیاسیی گەورەی لە پشتەوە بوو. لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر هومام ئەلشەمماع ڕاوێژکاری دیاری ئابووریی عێراق جەخت لەسەر هۆکاری دەرکردنی ئەم بڕیارە نادەستوورییە کردەوە. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٥ ساڵ بە سەریدا تێپەڕ بووە، بێ ئەوەی دادگای فیدراڵی عێراق هیچ قسەیەکی لەسەر بکات، تەنانەت سکاڵاکەی وەزارەتی نەوتی عێراقیش نزیکەی ١٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕ بووە، کەچی لە بڕیارێکی بەپەلە دادگای فیدراڵی عێراق بڕیارێکی نادەستووری لە دژی یاساکەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەرکرد؛ پرسیار لێرەدا ئەوەیە وەکو شارەزایەکی ئابووریی عێراقی چۆن دەڕوانیتە ئەم بڕیارە؟**

- یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ١٥ ساڵ لەمەوبەر دەرچووە و سکاڵاکەی وەزارەتی نەوتی عێراقیش لە ساڵی ٢٠١٢ بووە، بە درێژایی ئەو ماوە زۆرە دادگای فیدراڵی عێراق هیچ لێدوان و بڕیارێکی لە دژی یاساکە نەبوو، چونکە ئەو دادگایە باش دەزانێت بڕیار لە دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی نادەستووری و نایاساییە، لەگەڵ ئەمەشدا بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و دەستێوەردانی دەرەکی دادگاکە بڕیارێکی زاڵمانە و نادادپەروەرانەی توندی دەرکرد، بێ ئەوەی لە دەستووردا ئەو مافە بە دادگای فیدراڵی درابێت، بڕیارێکی لەم شێوەیە لە دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەربکات. ئەوەی هاندەری جووڵاندنی ئەم سکاڵا کۆنە بوو کە ١٠ ساڵ بە سەریدا تێپەڕ بووە، ئیتاری تەنسیقی بوو کە ئەندامی لەناو دادگای فیدراڵی و زۆر وەزارەت و دامودەزگای حکومەت و پەرلەمان هەیە، سکاڵاکەی بە شێوەیەك جووڵاند کە بڕیارێکی توند و زاڵمانەی لە دژی یاسای نەوت و گازی کوردستان لێکەوتەوە.

*** کاتێك باس لەوە دەکرێت ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی عێراق بڕیارێکی نادەستوورییە، لەمەدا پشت بە چ دەقێکی دەستووری بەستراوە؟**

- بەڕێوەبردنی نەوت و گاز یەکێك نییە لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتی دادگای فیدراڵی، لە ماددەی ١١٠ی دەستووری کە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاری دەکات، کە تایبەتمەندییەکانی نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخستووە، بەمەش ئەم ماددەیە لە بەرژەوەندیی یاسای نەوت و گازی عێراقە، ئەگەرنا دەبووایە لە دەستووردا بوترایە «نەوتی عێراق موڵکی هەموو گەلی عێراقە.» تا ئێرە و بوەستایە، نەك ئاماژە بە پارێزگا و هەرێمەکان بکات.

سەبارەت بە ماددەی ١١١ی دەستووری کە ئاماژە بە دەرهێنانی ئەو نەوتە دەکات لە کێڵگەکانی ئێستا بە هاوبەشی بەڕێوەدەبرێت لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان، ئەو یاسایانەی لە هەرێمەکان دەردەچن دەسەڵات و پێشینە لە پێشترە لەو یاسایەی لە حکومەتی فیدراڵی دەردەچێت، هەر خۆی لە خۆیدا ماددەی ١١٢ی دەستووری لە بەرژەوەندیی نەوت و گازی هەرێمە، لە بەر ئەوەی ئەم ماددەیە باس لە کێڵگەی نەوتی ئەو کات دەکات، نەوەکو ((کێڵگەکانی ئێستا)) واتا ئەو کێڵگە نەوتییانەی بەرهەمیان هەبووە پێش ئایاری ٢٠٠٥ کە دەستووری هەمیشەیی عێراق دەرچوو بە هاوبەشی لەلایەن هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەوە بەڕێوە دەبرێن، واتا دەستوور بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو کێڵگە نەوتییانەی نەکردووە کە دواتر لە چوارچێوەی یاسای نەوت و گازی کوردستان وەبەرهێنانیان تێدا کراوە، بەپێی ئەم ماددە

**بڕیارەکەی دادگا تەنیا پاڵپشت بوو بە هاندەرێکی سیاسی و ڕق و کینێکەوە ئامانج لێی لێدانی گورزێکی گەورە بوو لە سیستەمی فیدراڵیی عێراق**

**داهاتی نەوت لە عێراقدا بە ناشەفافییەت و ناڕوونی بەڕێوەدەبرێت و گەندەڵی زۆربەی هەرە زۆری ئەم داهاتە بە هەدەر دەدات**

**ئابووریی عێراق لە ناویشیدا بارودۆخی نەوت و گاز لە ئاستێکی باشدا نییە؛ بەدەست دەیان گرفت و کێشەوە دەناڵێنێت و مەترسیدارترینیان «گەندەڵی و موحاسەسەیە»**

دەستوورییە بێت، هەر کێڵگەیەکی نەوت و گاز هەیە، دواتر وەبەرهێنانی تێدا کراوە، لە دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکانە نەوەکو دەسەڵاتی حەسری. حکومەتی فیدراڵی نۆ دەسەڵاتی حەسری هەیە، کە بە ڕوونی لە ماددەی ١١٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژەیان پێ کراوە و لە ناویاندا باسی دەسەڵاتەکانی نەوت و گاز نەکراوە. بەمەش دادگای فیدراڵی عێراق بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارە نادەستووری

**دادەنێت، بەردەوامیش دەبێت بۆ پارێزگاریکردن و داکۆکیکردن لە ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆی، ئایا تا چەند بڕیارێکی لەم شێوەیە لە ڕووی پراکتیکییەوە لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ دەکرێت؟**

- بە تەئکید دانوستانەکان هەروەکو لە ڕاگەیاندراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە کە بەردەوام دەبن لە کارکردنی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ گەیشتن بە



و نادادپەروەرییە پشتی بە کۆمەڵێك ماددەی دەستووری بەستووە کە بە پێچەوانەوەی ئیدعاکانی دادگاکەوە دەسەڵات و ماف بە هەرێمەکان و پارێزگاکان دەدات بە هەرێمی کوردستانیشەوە کە بە ناوەندەوە نەبەستراوەتەوە و ئەو مافەی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگە نەوت و گازانەی دوای پەسەندکردنی دەستوور دۆزراونەتەوە و وەبەرهێنانیان تێدا کراوە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بە بڕیارێکی نادەستووری و نادادپەروەرانە**

ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم بابەتە. ئەمەش دوای پێکهێنان و دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق دەبێت، بەڵام ئیتاری تەنسیقی ئەو کۆمەڵەیەن کە نایانەوێت حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانی لە ڕێگەی هاوپەیمانێتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانێتیی سیادە دامەزرێت و بە پاساو و بیانوو و شێوازی جۆراوجۆر پێکهێنانی ئەم حکومەتە دوادەخەن و ئاستەنگ لەدوای ئاستەنگ دروست دەکەن، توانا و دەسەڵاتیان لەسەر زۆر کەس و سیاسەتمەدار و

تەنانەت دادوەریش هەیە، لە ناویاندا سەرۆکی دادگای فیدراڵیی عێراق کە بەئاشکرا کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی زۆر لایەنی سیاسی و ئەجیندەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێوە، ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵیش بۆ تێکەڵکردنی ئەوراقەکان و نانەوەی ناکۆکی و کێشەیە، ئەوەتا کاتێك بە بیانوویەکی لاواز ڕێگا لە بەڕێز هوشیار زێباری دەگرێت، خۆی کاندید بکات، چاو لەوەش دەپۆشێت کە بەڕێز بەرهەم سالح سەرۆك کۆماری عێراق خاوەنی پاساپۆرتێکی ئەمریکییە، کاتێکیش تەنازولی لەو پاساپۆرتە کرد، ئەمە پێشێلکاریی دەستوورییە، چونکە ئەو کاتە ئەو ببووە سەرۆك کۆمار کە تەنازولی لەو پاساپۆرتە بیانییە کرد و بەمەش ئەهلیەتی خۆکاندیدکردنی نامێنێت.

هەر خۆی لەخۆیدا دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەبێتە هۆی دواکەوتنی دەستپێکردنی دانوستاندن و گفتوگۆکانی تایبەت بەنەوت و گاز لەنێوان هەردوو حکومەتدا، بەتایبەتی ئەگەر دادگای فیدراڵی بڕیار لە دژی کردنەوەی دەرگای خۆکاندیدکردن بۆ سەرۆك کۆمار بڕیار بدات، ئەو کات ماوەیەکی زۆر تێپەڕ دەبێت تاوەکو جارێکی دیکە دەرگا بۆ خۆکاندیدکردنی سەرۆك کۆمار دەکرێتەوە.

*** لەکاتێکدا دادگای فیدراڵی کار بۆ سکاڵایەکی وەزارەتی نەوتی عێراق دەکات، خۆی لەخۆیدا وڵاتەکە نغرۆی گەندەڵی و ناشەفافییەتی دەرهێنان و ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی نەوت بووە، ئایا تا چەند عێراق پیشەییانە و یاساییانە کار لە دۆسێی نەوت و گاز دەکات؟**


- ئەمە پرسیارێکی گەوهەرییە؛ ئابووریی عێراق لە ناویشیدا بارودۆخی نەوت و گاز لە ئاستێکی باشدا نییە؛ بەدەست دەیان گرفت و کێشەوە دەناڵێنێت و مەترسیدارترینیان «گەندەڵی و موحاسەسەیە»، داهاتی ساڵی ٢٠٢١ی نەوت و گاز لەعێراقدا ٧٥ ملیار دۆلاری تێپەڕ کردووە، لەکاتێکدا ئەگەر بەڕێوەبردنێکی باشتری دۆسێی نەوت و گاز لە عێراقدا بکرایە و دوور لە گەندەڵی و کۆنترۆڵکردنی زۆر لە کێڵگە نەوتییەکان، ئەوا ئەم ژمارەیە زۆر زیاتر دەبوو، هەرچۆنێك بێت ئەم داهاتە کەم نییە ئەگەر بە ڕێکوپێکی و شەفافیەت و ئابوورییانە بەکاربهێنرایە. داهاتی نەوت لە عێراقدا بە ناشەفافییەت و ناڕوونی بەڕێوەدەبرێت و گەندەڵی زۆربەی هەرە زۆری ئەم داهاتە بە هەدەر دەدات، هەر ئەمەشە وای کردووە ئابووریی عێراق لە چوارچێوەیەکی داخراوی وێرانی و بێ سەروبەری دەرباز نەبێت. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت زیادی کردووە و بەهای بەرمیلێك نەوت ١٠٠ دۆلاری تێپەڕ کردووە، کەچی ڕێژەی هەژاری و بێکاری لە زیادبووندایە و کەرتەکانی خزمەتگوزاریی و پەروەردەو تەندروستی تادێت وێرانتر دەبن، لە وڵاتی نەوت و ئەو داهاتە زەبەلاحەدا کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانی گەشەی نەکردووە، لەمەش ناشرینتر ئەوەیە دەسەڵاتدارانی عێراق بە بەردەوامی دەیانەوێت شکستەکانیان و مەینەتییەکانی خەڵکی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بخەنە ئەستۆی هەرێمی کوردستان، ئەو هەرێمەی وێڕای بڕینی بودجە و گەمارۆ و نانەوەی گرفت و کێشە، بەڵام هەنگاوی گەورەی لەبەردەم چارەسەرکردنی زۆر لە کێشە و گرفتە ئابوورییەکان ناوە و بەداهاتی نەوت خۆبژێوی خۆی و جووڵەی ئاوەدانکردنەوەی دەست پێ کردووە، هەنگاوەکانی گەشەی پیشەسازی و کشتوکاڵییش جێگای ئومێد و دڵخۆشین، ئەمە لە کاتێکدا ئابووریی عێراق بە هۆی زۆر لە حزب و سیاسەتمەدارانەی دژی هەرێمی کوردستان ڕاوەستاون، تادێت خراپتر دەبێت، لەلایەکی دیکەوە بۆ ڕاگرتنی بووژانەوەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی چاکسازی دەیانەوێت ئاستەنگ و بەربەست بە هەموو شێوەیەك دابنێن بۆ ئەوەی بەراورد بە ئابووریی عێراق جیاوازییەکی زۆر نەبێت و زیاتر ببێتە هۆی هەڵکشانی نارەزایەتی و دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراقیش دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کە هیچ ڕاستی و بنەمایەکی دەستووری و یاسایی لەخۆ نەگرتبوو، تەنیا پاڵپشت بوو بە هاندەرێکی سیاسی و ڕق و کینێکەوە ئامانج لێی لێدانی گورزێکی گەورە بوو لە سیستەمی فیدراڵیی عێراق و وێرانکردنی هەرێمی کوردستان کە دەمێکە کاری لەسەر دەکەن.

**دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەبێتە هۆی دواکەوتنی دەستپێکردنی دانوستاندن و گفتوگۆکانی تایبەت بەنەوت و گاز لەنێوان هەردوو حکومەتدا**

**ئیتاری تەنسیقی ئەو کۆمەڵەیەن کە نایانەوێت حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانی لە ڕێگەی هاوپەیمانێتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانێتیی سیادە دامەزرێت**

**ئەو یاسایانەی لە هەرێمەکان دەردەچن دەسەڵات و پێشینە لە پێشترە لەو یاسایەی لەحکومەتی فیدراڵی دەردەچێت**

**دادگای فیدراڵی خۆیشی باش دەزانێت بڕیار لە دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی نادەستووری و نایاساییە**



دکتۆر بێوار خنسی ڕاوێژكاری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، جەخت لەسەر گرنگیی گازی سرووشتیی هەرێمی كوردستان دەكاتەوە و بڕیارەكەی دادگای فیدراڵیی عێراق جگە لەوەی بە نادەستووری و نایاسایی دادەنێت، هاوكات ڕای وایە لە ڕووی پراكتیكییەوە جێبەجێ ناكرێت. لێرەدا دەقی وتەكانی بڵاو دەكەینەوە.

## دكتۆر بێوار خنسی

### ڕاوێژكاری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ گوڵان:

# هەرێمی كوردستان بەدیلی گازی سرووشتیی هیچ وڵاتێک نییە

*** وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی بواری نەوت و کانزاکان ئایا چۆن دەڕوانیتە بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵیی عێراق دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان؟**

- دادگای فیدڕاڵیی عێراق لە کاتێکی زۆر هەستیاردا دەستی برد بۆ دەرکردنی بڕیارێکی نادەستووری و نایاسایی، کە ئەویش یاسای نەوت و گازی کوردستان بوو. لای هەمووان ئاشکرایە ململانێیەکی سیاسی و مەزهەبی لە عێراقدا دروست بووە و ئاستەنگی لە بەردەم پێکهێنان و دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق دروست کردووە، ئامانج لە بڕیارەکەش دژایەتیکردنی هەموو ئەو هەوڵانەیە کە سەرۆك بارزانی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان کاری جددی بۆ کردووە، بەڵام دەستی وڵاتانی دراوسێ و ئەجندەی دەرەکی بەردەوام ئاڵۆزی و ئاستەنگ لەبەردەم ئەم هەوڵانە دادەنێت، یەکێك لە ئامانجەکانی جووڵاندنی بڕیارێك کە لە سکاڵایەکەوە سەرچاوەی گرتووە و ١٠ ساڵ بە سەریدا تێپەڕ بووە، تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدایە. لەلایەکی دیکەوە دروستبوونی دادگای فیدڕاڵیی عێراق بەپێی ماددەی ١١١ی دەستوور دەسەڵاتە حەسرییەکانی دیاری کردووە و تەنانەت لە ماددەی ١١٥ی دەستووری عێراقدا هاتووە، کە ئەگەر ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق و حکومەتە هەرێمییەکان دروست بوو، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە، تەنانەت بڕیارەکە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان کێڵگە نوێیەکان و کێڵگە کۆنەکانی نەوتی نەکردووە، لەمەشدا یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پێشینەی دەستووری و یاسایی هەیە و دادگای فیدڕاڵی عێراق بۆی نییە دەست بۆ ماددەیەکی دەستووری ببات و بە ئارەزووی خۆی ئیجتیهاداتی تێدا بکات. ئەمە وێڕای ئەوەی بڕیارەکە هیچ حیسابێکی بۆ ئەو هەموو گرێبەست و ڕێککەوتنانە نەکردووە. باشە کێ کێڵگە نەوتییەکان بەڕێوەببات و بیپارێزێت لەو هەموو ناوچە دوورە دەست و شاخاوی و دەشت و دەرە؟ هەر خۆی لە خۆیدا دادگاکە بە ڕێگای مەزهەبی و پێکهاتەکان دروست بووە و ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە لە کاتی دروستبوونی تەنگژەکان بارودۆخەکە هێور بکاتەوە و ڕێگا نەدات لێکترازانی سیاسی ڕوو بدات، لەلایەکی دیکەوە من پێم وایە دادگاکە لە کاتێکدا بڕیاری دا کە ململانێیەکی گەورە لەسەر گاز لە ئاستی ناوچەکە و جیهان هەیە.

*** ململانێی جیهان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر گازی سرووشتی بەتایبەتی دوای هێرشەکانی ڕووسیا لەسەر ئۆکرانیا و ڕاوەستانی پرۆژەی هەناردەکردنی گازی سرووشتیی ڕووسیا بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، چ کاریگەرییەکی لەسەر گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان دەبێت؟ ئایا دەرکردنی بڕیاری دادگای فیدڕاڵی لەم کاتەدا بۆ ئەم هۆکارەش دەگەڕێتەوە؟**

- پێش هێرشەکەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و سەپاندنی سزای ئابووری لەسەر ڕووسیا لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاوە، داخوازی لەسەر گازی سرووشتی لە جیهاندا بە ڕێژەی لە سەرووی ٦٪ زیاد بووە و ململانێیەکی شاراوەی گەورە لەسەر گازی سرووشتی هەبووە، ئەمە لە کاتێکدا گازی سرووشتی ٢٠٪ی وزەی جیهان پێك دەهێنێت و بە وزەیەکی پاك و تێچوونی کەمتر دادەنرێت، گازی سرووشتیی وڵاتانی کەمەرەی کەنداو و دەریای قەزوین و ڕووسیا و باکووری ئەفریقیا زۆربەی هەرە زۆری گازی سرووشتیی جیهان پێك دەهێنێت. بوونی هەر شەڕ و ململانێیەکی سیاسی لەم ناوچەیەدا کاریگەری نەك تەنیا لەسەر هەڵکشانی نرخی وزە دەبێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر نەخشە و سیاسەتی وڵاتانیش دەبێت. لە ئێستادا شەڕ لەنێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دەستی پێ کردووە و وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپا پێویستییەکی لە ڕاددەبەدەریان بە گازی سرووشتیی ڕووسیا هەیە و ناچاریشن دەستبەرداری هێنانی گازی ئەو وڵاتە بن، کەواتە بارگرژی و ئاڵۆزییەکان بۆ بەدەستهێنانی گازی سرووشتی زۆرتر دەبێت و ناچار وڵاتانی ڕۆژئاوا بە دوای بەدیلی ئەو گازەی ڕووسیادا دەگەڕێن، چونکە ڕەنگە شەڕەکە زۆر نەخایەنێت، بەڵام شوێنەوار و کاریگەرییەکانی زۆر زیاتر دەخایەنێت، لە ئێستاشدا وڵاتانی قەتەر و جەزائیر و ئێران و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی دەریای ناوەڕاست و سووریا و تورکیا و قوبرس و عێراق و میسر دەکەونە ناو ئەو ململانێ و کێبڕکێیانەی کە لە دوای ئەم شەڕە لەسەر بەدەستهێنانی گازی سرووشتی زیاتر دەبێت و هەریەك هەوڵ دەدات بە ڕێگای بۆری گاز ڕەوانەی ئەورووپا بکات، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە بێت، یان ببێتە ترانزێت و سوودی بۆ ئەویش هەبێت. ئەمجارە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی

**هەرێمی کوردستان فاکتەری هێمنی و سەقامگیریی قەیرانی نەوت و گازی جیهانە**

**ململانێیەکی سیاسی و مەزهەبی لە عێراقدا دروست بووە و ئاستەنگی لە بەردەم پێکهێنان و دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق دروست کردووە**

**یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پێشینەی دەستووری و یاسایی هەیە و دادگای فیدڕاڵی عێراق بۆی نییە دەست بۆ ماددەیەکی دەستووری ببات و بە ئارەزووی خۆی ئیجتیهاداتی تێدا بکات**

**دەتوانرا ئەنجومەنی نەوت و گازی سرووشتی پێک بهێنرێت کە بەرزترین دامەزراوە دەبوو لە عێراقدا و بە وەزارەتی نەوت و ئەنجومەنی وەزیرانیش نەدەبەسترایەوە**

**دەستوور و یاساکانی نوێی عێراق دەڵێت: هەرێمی کوردستان هەرێمێکی یاساییە و مافی ئیدرای و سیاسی هەیە و هەر بڕیارێک لە کوردستان دەربچێت و لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، بۆ هیچ جێگایەک نییە هەڵیبوەشێنێتەوە**

**میلیشیای چەکداری وا هەیە دەستی بە سەر کێڵگەی نەوتدا گرتووە ڕۆژێک دادگای فیدراڵی عێراقمان نەبینی بچێت بڵێت ئەم هەموو گەندەڵی و دزی و بەفیڕۆدانەی نەوت و سامانی عێراق چییە؟**

وزەی جیهانی بۆ نەوت و ئەمجارەش بۆ گازی سرووشتی هاتە پێش دوای ئەوەی دەرکەوتووە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی یەدەگێکی زۆر گەورەی گازی سرووشتییە و باس لە بوونی ٤٠ ملیار بەرمیل نەوتی خاوی یەدەگ دەکرێت، هەروەها باس لە ٥,٧ تریلیۆن مەتر چوارگۆشەی گازی سرووشتی دەکرێت، نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت وڵاتێکی وەکو تورکیا کە ساڵانە زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار گازی سرووشتی هەناردە دەکات لە ڕێگەی بۆرییەکانی وڵاتی ڕووسیا و ئازەربایجان و ئێران و قەتەر و جەزائیر لەگەڵ ڕاوەستانی هێنانی گازی سرووشتیی ئێران بۆ وڵاتی تورکیا و ئەگەری ڕاوەستانی تەواوەتی هەناردەکردنی گازی سرووشتیی ڕووسیا لە تورکیاوە و هەندێك ڕاپۆرتیش بڵاوکرایەوە، گوایە ئیسرائیل خوازیارە لە ڕێگەی قوبرس و یونان و ئەورووپاوە گازی سرووشتی بگەیەنێتە ئەورووپا و ئەمەش بە دڵی تورکیا نییە، لە ئێستادا هەرێمی کوردستان کە پێگەی لەسەر نەخشەی وزەی جیهان هەیە و پەیوەندی باشی لەگەڵ زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش هەیە، ئارام و سەقامگیریشە و تیرۆر و ململانێی توندی سیاسی تێدا نییە، ئەمانە هەمووی فاکتەری باشن بۆ سوودوەرگرتن لە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە گازێکی دەوڵەمەند و بە تێچوونێکی کەمتر بەرهەم دەهێنرێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمی کوردستان خۆی نەکردووە بە دیلی هیچ هێزو دەوڵەتێکی ناوچەکە و تێکەڵ بەو ململانێ سیاسی و بەرژەوەندییەی نەوت و گازی سروشتی نابێت کە لە ئێستادا لە نێوان زۆربەی وڵاتانی جیهان سەری هەڵداوە، واتە هەرێمی کوردستان بەدیلی گازی سرووشتیی ڕووسیا و ئێران و ئیسرائیل و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە فاکتەری هێمنی و سەقامگیریی قەیرانی نەوت و گازی جیهانە. یەکێك لە هۆکارەکەی دژایەتیکردنی دادگای فیدراڵیی عێراق بۆ نەوت و گازی سرووشتیی کوردستان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی کە داتا و زانیارییەکان لە پاڵ ململانێ سیاسییەکان باس لە دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم هاوپەیمانێتی پارتی و سەدر و سوننەکان دەکەن. یەکێك لەو ئاستەنگانەش ئەوەیە دادگای فیدراڵیی عێراق لەم سات و کاتە هەستیار و ئاڵۆزەدا بڕیارێکی وا بەپەلە و نادەستووری دەرکرد، بۆئەوەی ڕێگا نەدات هەرێمێك لە ناو عێراقدا دەربکەوێت و ببێتە بەدیل بۆ هەناردەکردنی گازی سرووشتی و دەوڵەمەند بێت و خەڵکەکەی سوود لەو داهات و وەرچەرخانە وەربگرن کە دواجار پێشکەوتنی هەموو عێراقە، چونکە لە دەوڵەتی فیدراڵدا هەر هەرێم و پارێزگایەك پێش بکەوێت، کاریگەریی باشی لەسەر هەموو وڵاتە فیدراڵییەکە و ئابوورییەکەشی دەبێت.

*** لە ڕووی دەستوورییەوە بەو پێیەی یاسای نەوت و گازی سرووشتیی عێراق دەرنەچووە، ئایا پێشینە بۆ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان نییە، لە کاتێکدا نەوت و گازی عێراق زۆر بە لاوازی و ناشەفافییەت بەڕێوەدەبرێت و نغرۆی گەندەڵی و بەهەدەردان و موحاسەسەی سیاسی بووە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسێك بۆ یاسای نەوت و گازی عێراق هاتە نووسین، بەڵام بەداخەوە هەموو هەوڵەکانی دەرکردن و پەسەندکردنی ئەم یاسایە لەبار برا، کە دەتوانرا ئەنجومەنی نەوت و گازی سرووشتی پێك بهێنرێت کە بەرزترین دامەزراوە دەبوو لە عێراقدا و بە وەزارەتی نەوت و ئەنجومەنی وەزیرانیش نەدەبەسترایەوە، بۆ سیاسەتی نەوت و گاز و بەڕێوەبردنی دۆزینەوەی کێڵگەی نوێی نەوت و گاز و دەرهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی لەلایەن هەموو هەرێم و پارێزگاکان زۆر گرنگ بوو. نەوەکو تا ئێستا وڵاتێکی فیدراڵی بە سیاسەت و یاساکانی کۆنی ڕژێمی بەعس مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بکرێت بەپێی یاساکانی ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٨٥، لە کاتێکدا پێویست بوو پەرلەمانی عێراق ئەو دوو یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە، باشە بەپێی دەستوور و یاساکانی نوێی عێراق دەڵێت: هەرێمی کوردستان هەرێمێکی یاساییە و مافی ئیدرای و سیاسی هەیە و هەر بڕیارێك لە کوردستان دەربچێت و لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، بۆ هیچ جێگایەك نییە هەڵیبوەشێنێتەوە. هەر خۆی لە خۆیدا لە بەر ئەم هۆکارانە دادگای فیدراڵی ئەو هەموو سەرنج و ڕوونکردنەوەیەی دەرکردووە کە دەزانێت بڕیارەکەی ئیجتیهاداتی زۆر هەڵدەگرێت و پاساوی بۆ دەدۆزێتەوە، باشە لە کوێی دونیا هەیە تۆ ١٥ ساڵ یاسایەك جێبەجێ بکەیت و ١٢ ساڵ سکاڵایەك لەسەر هەرێم بە ئامانجی سیاسی و لە ناو چوارچێوەی ململانێ درابێت، تۆ ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە بڕیاری لەسەر بدەیت، یان پاساو و چیرۆکی جۆراوجۆر بۆ بڕیارەکەت بهێنیتەوە؟ سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکە؛ بەڵێ، نەوت و گازی سرووشتیی عێراق زۆر بە خراپی بەڕێوەدەبرێت، ئەمە قسەی دەستەی دەستپاکی و چاودێری و دامەزراوەکانی عێراقە بە پەرلەمانیشەوە

که بەرهەمێکی زۆری نەوت و داهاتێکی زۆر هەیە، بەڵام بە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەدەبرێت و عێراق بەردەوام بودجەکەی دووچاری کورتهێنان بووە. تەنانەت هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کەنداوی عەرەبی لە بەسرە زۆر خراپ بەڕێوەدەبرێت و هیچ داتا و زانیارییەکی پێشکەوتووی سیستەماتیك نییە بۆ تۆمارکردنی قەبارەی هەناردەکردنی نەوت و تا ئێستا شێوازی مەستەرە بەکار دەهێنرێت کە ڕۆژانە ٢٠٠- ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت دیار نامێنێت لە نەوتی کەرکووك و ماددەی ١٤٠ نەوتێکی زۆر لە ڕێگەی تەنکەرەوە دەدزرێت و میلیشیای چەکداری وا هەیە دەستی بە سەر کێڵگەی نەوتدا گرتووە ڕۆژێك دادگای فیدراڵی عێراقمان نەبینی بچێت بڵێت ئەم هەموو گەندەڵی و دزی و بەفیڕۆدانەی نەوت و سامانی عێراق چییە؟ هەر ئەم میلیشیات و سیاتمەدارانەن ناخوازن یاسای نەوت و گاز لە عێراق دەربچێت، خۆ تازە ئەم یاسایەش لە پەرلەمان دەربچێت و لە ژێر قوبەی مەزهەبی و دەستێوەردان و شۆڤێنییەوە بێت و بە لێکتێگەیشتن و دانوستاندن نەبێت، ئەویش یاسایەکی خراپ و مەرکەزی دەردەکەن و ڕەنگە بە زیانی هەرێمی کوردستان ئاراستە بکرێت.

*** تازە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەرچووە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕەتی کردەوە و داوا دەکات بە دانوستان و گفتوگۆ لە نێوان هەردوو حکومەت ئەم دۆسێیە چارەسەر بکرێت، وەکو ئابووریناس و شارەزایەکی نەوت و گازی کوردستان ڕات وایە هەنگاوە سەرەتاییەکان چییە بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە ناکۆکیی زیاتری لێ نەکەوێتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستوور بپارێزن و نەهێڵن مەسەلەی سیاسی و ئەجندە و مەرامی دژ بە عێراقییەکان بەکاربهێنرێت، ڕێگا نەدەن بڕیارێکی نادەستووری و نایاسایی لێکترازانی سیاسی لێ دروست بێت و ئاڵۆزی لە نێوان ناوەند و هەرێمی کوردستانی لێ بکەوێتەوە، ئەوجا وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە تانە لەو بڕیارە بدەین و خاڵە لاواز و نادەستووری و نایاساییەکە هەمووی دەستنیشان بکەین و بە گفتوگۆ و دانوستاندن ناکۆکییەکان چارەسەر بکەین، ناکرێت سەدان ملیار دۆلار خەرج بکرێت و بە ملیۆنها دۆلار گرێبەست کرابێت، تۆ بێت و بە ئارەزووی خۆت داوای هەڵوەشانەوەی بکەیت. سەرۆك بارزانی ڕێگایەکی باشی بۆ هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق دەستنیشان کرد، ئەویش لە ڕێگەی دانوستاندن و گفتوگۆیە و دەبێت ئێمە لێژنەیەکی زۆر پسپۆرو شارەزا لە ڕووی یاسا و نەوت و گازی سرووشتی و گرێبەستەکانەوە ئامادە بکەین و پشکدار بکرێن بۆ دیاریکردنی خاڵی لاواز و خاڵی بەهێزی ئێمە و داوا بکرێت دادگای فیدراڵی هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر دوژمنانی کورد و کوردستان ئەمەیان بۆ بچێتە سەر، سبەی دەیان بڕیاری دیکەی زاڵمانە و نادادپەروەرانە دژی هەرێم و خەڵکەکەی دەردەکەن، دەبێت کار بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو دادگایە بکەین و کورد کارەکانی لەگەڵیدا تەجمید بکات و ئەندامە کوردەکانی بکشێنێتەوە و دادگایەکی فیدراڵی نوێ کە پەرلەمان پەسەندی بکات دابمەزرێت و لە چوارچێوەی یاسایی کار بکات، نەوەکو ببێتە بەشێك لە ململانێی سیاسی و ئاڵۆزییەکانی مەزهەبی، ئێ باشە یەکێك لە کارەکانی ئەم دادگایە ئەوەیە کە لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوان ناوەند و هەرێم و پارێزگاکان بارودۆخەکە هێور بکاتەوە و چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە، نەوەکو ببێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی کێشەکان و لێکترازانی زیاتر و زیانگەیاندن بە ئابووری و داهاتی هەرێمی کوردستان، بەوەی کۆمپانیا بیانییەکان دوودڵ بکەن لە وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکان کە هەموو ئەو کۆمپانیانە لە دوای دەرچوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هاتوونەتە هەرێم و وەبەرهێنانیان کردووە. خەڵکی هەرێمی کوردستان قبووڵ ناکات، هەرێم وەك پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لێ بکەن، کە خزمەتگوزارییان زۆر لاوازە. لەمەش گرنگتر هێشتا درەنگ نییە بەوەی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان بەرەو کالایەکی پیشەسازی و بازرگانی ببەین، هەروەکو چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قبووڵ ناکات، نەوت و گاز وەکو کالایەکی سیاسی و گەمەیەکی سیاسی بەکاربهێنرێت و بەهاکەی بەرز بکرێتەوە، هەرواش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گازی سرووشتیی کوردستان دەکات و نابێت بهێڵین کوردستان لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیی وزە، لەلایەن کەسانێکی نابەرپرس و هاندراو بە ئەجندە و مەرامی سیاسی زیان بە هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بگەیەنن، ئەرکی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە نەوت و گازی سرووشتی بۆ پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و بەرهەمهێنانی کارەبا و پێداویستیی کارگە و ماڵەکان بەکاربهێنرێت.

**دەبێت سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستوور بپارێزن و نەهێڵن مەسەلەی سیاسی و ئەجندە و مەرامی دژ بە عێراقییەکان بەکاربهێنرێت**

**دەبێت ئێمە لێژنەیەکی زۆر پسپۆرو شارەزا لە ڕووی یاسا و نەوت و گازی سرووشتی و گرێبەستەکانەوە ئامادە بکەین و پشکدار بکرێن بۆ دیاریکردنی خاڵی لاواز و خاڵی بەهێزی ئێمە و داوا بکرێت دادگای فیدراڵی هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە**

**دەبێت کار بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو دادگایە بکەین و کورد کارەکانی لەگەڵیدا تەجمید بکات و ئەندامە کوردەکانی بکشێنێتەوە و دادگایەکی فیدراڵی نوێ کە پەرلەمان پەسەندی بکات دابمەزرێت**



# هەژانێکی بەهێز لە بنەمای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستمی نێودەوڵەتیی تازە



پ.د. شێرزاد نەجاڕ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، یەکەمین شەڕی گەورەیە کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە ئەوروپا بە خۆیەوە دەبینێت، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ کۆتایی ئەو سیستەمەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ناوی لێ نرا «سیستمی نوێی جیهان» و گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی شەڕی ساردی سەدەی ڕابردوو، ئەمەش کۆتایی «تەنیا سوپەر پاوەر — Lonely Great Power» و، دووبارە دەستپێکردنەوەی سیستمی دووجەمسەر و دوو میحوەری بەهێزە.

ئاشکرایە لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و بوونی دەسەڵاتی ئەمریکی وەك پرۆفیسۆر هنتنگتن دەڵێت بە «تەنیا سوپەر پاوەر» و فراوانبوونی چوارچێوەی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و لە خۆگرتنی چەندین دەوڵەتی تازە، هەموو ئامرازێك بەکار دەهێنرا بۆ ئەوەی ڕووسیا جارێکی دیکە نەبێتەوە بە دەوڵەتێکی بەرفراوان و بەهێز، یەکێك لەو ئامرازانەشی کە بۆ ئەم ئامانجە لە لایەن ڕۆژئاواوە بەکار دەهێنرا، ئۆکرانیا بوو، ئەم ئاراستەیەش سەرکەوتوو بوو، تا فلادمێر پۆتین دەسەڵاتی گرتە دەست و، ڕووسیا جارێکی دیکە بەرەو بەهێزبوونەوە هەنگاوی هەڵگرت و، زۆر بە زیرەکی و لێهاتووییش بە ئاشکرا و بە نهێنی کاری بۆ گێڕانەوەی ئەو پێگە و هێزە کرد، کە پێشتر یەکێتی سۆڤیەت هەیبووە، بەردەوام بووە هەتا ئێستا و ئێستاش ڕاشکاوانە مەبەستی ئەوەیە پێگە و هێزی ڕووسیا بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە بتوانێت لە بەرامبەر ئەمریکا ڕابوەستێت، دەمێکیشە ئەمریکییەکان هەستیان بەم ئاراستەیەی ڕووسیا و پۆتین کردووە، بۆیە لە بری ئەوەی وەك هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ناچاری ئەوە بن لە ئەفغانستان بە یارمەتی توندڕەوەکان بەرامبەر سۆڤیەت ڕابوەستن، هاتن ئۆکرانیایان بەکار هێنا بۆ ئەوەی ڕێگە لەم خواست و ئامانجەی پۆتین بگرن، بۆ ئەمەش ئۆکرانییەکان ئامادەباشییان پیشان دابوو، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە بگێڕن، ئەوجا بە حوکمی ئەوەی ئۆکرانیا پێگەیەکی زۆر گەورەی لە ناو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا هەبوو، توانایەکی باشی لە ڕووی تەکنەلۆژیا و ئابووری و جیۆپۆلیتیکەوە هەبوو، هەنگاو بە هەنگاو هاتنە ناو پرۆژەکەی ئەمریکا، یان بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆ هەنگاویان هەڵگرت، ئەمە لە کاتێکدا سیاسەتمەدارانی ئۆکرانیا ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو نەگرت کە ئەوان بەرامبەر هێزێکی زۆر گەورە ئەم موغامەرە و موجازەفەیە دەکەن، کە ئەویش ڕووسیایە، لێرەوە ئەگەر بەراوردکارییەك لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ڕووی هێزەوە بکەین، ئەوا ئاشکرایە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ڕووسیا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن کەسن، لە بەرامبەردا ئۆکرانیا نزیکەی ٤٥ ملیۆن کەسن، هەروەها ڕووبەری ڕووسیا زۆر گەورەترە لە ڕووبەری ئۆکرانیا، لە هەمووشی گرنگتر لە ڕووی سەربازییەوە هێزی ئۆکرانیا لەچاو هێزی ڕووسیا بەراورد ناکرێت و، ئێستا ڕووسیا هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرێت لەسەر ئاستی جیهان بڕیار بدات و ڕووبەڕووی ئەمریکا ببێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، ئایا هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا مەزندەکراو و چاوەڕوانکراو بوو؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بێگومان، ئەمەش لە بەر ئەو فاکتەرە گرنگەیە کە ڕۆژئاوا مەبەستی بوو ئۆکرانیا بکاتە ئەندامی هاوپەیمانیی ناتۆ و، هێزەکانی ناتۆ لەسەر سنوورەکانی ڕووسیا جێگیر بکات، ئەم پرسە بۆ ڕووسیا جێگەی قبوولکردن نییە، هەروەك چۆن ئەمریکاش ئەوە قبووڵ ناکات کە هیچ هێزێك لێی نزیك ببێتەوە، بۆ ئەمەش تەنگژەی کەنداوی بەرازان لە (کووبا ساڵی ١٩٦٢) باشترین نموونەیە، کاتێك ئەمریکا بەرامبەر ڕۆکێتەکانی سۆڤیەت لە کووبا هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیی کرد، لە ناو ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرانەدا، ئۆکرانییەکان ئەم ڕاستییانەیان لەبەر چاو نەگرت، هەر بۆیە ئەوان لەم هاوکێشەیەدا پشتیان بە خۆیان نەبەستبوو، بەڵکو پشتیان بە پشتگیریی ئەمریکا و هاوپەیمانیی ناتۆ بەستبوو، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزی ڕووسیا ببێتەوە، ئەم کورتبینییەی سەرکردەکانی ئۆکرانیا لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بە بەڵێنی ڕۆژئاوا بە وەرگرتنیان لە ناتۆ زۆر ئیغرا بوون و لەسەر ئەم ئاوازە لە ناو ئەو تەنگژەیەدا سەمایان دەکرد.

لەم ڕوانگەیەوە ڕووسیا ئەوە بە مافی خۆی دەزانێت کە لەوە بترسێت هێزەکانی ناتۆ بێنە سەر سنوورەکانی و ئەو پلانەش هەڵبوەشێنێتەوە

**ئەگەر دیپلۆماسییەت شکستی هێنا، یان کێشەکەی پێ چارەسەر نەکرا، ئەوا دەبێت پەنا بۆ ئامرازەکەی دیکەی سیاسەت ببردرێت کە ئەویش «شەڕە»**

**ئەم وەرچەرخانەی کە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا دروستی کرد، کاریگەریی لەسەر ستراکچەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت**

**لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەڵ دەدرێتەوە، لەو لاپەڕە نوێیەشدا دەنووسرێت: «چی دی نابێت ڕۆژئاوا بیر لەوە بکاتەوە کە نزیکی سنوورەکانی ڕووسیا ببێتەوە»**

**شەڕی ساردی ئەم جارە بەهێزتر و مەترسیدارترە، لەبەر ئەوەی دیپلۆماسییەت شکستی هێنا و شەڕ دەستی پێ کرد**





| ڕووسیای فیدراڵ | | ئۆكرانیا |
|---|---|---|
| ٢ | پلەی جیهانیی هێزی دەوڵەت | ٢٢ |
| ١٤٤،٤ ملیۆن ٩ | ژمارەی دانیشتووان(پلەی جیهانی ) | ٤٤،٤ (٣١) |
| ١٧٠٩٨٢٥٠كم دووجا (١) | ڕووبەر | ٦٠٣٥٥٩ كم دووجا (٤٤) |
| ٦٩ ملیۆن | هێزی كارای مرۆیی | ٢٢ ملیۆن |
| ٨٥٠ هەزار سەرباز | ژمارەی سەربازانی سوپا | ٢٠٠ هەزار سەرباز |
| ٢٥٠ هەزار سەرباز | یەدەگ | ٢٥٠ هەزار سەرباز |
| ٤١٧٣ (٧٧٢) | ژمارەی فڕۆكە (شەڕكەر) | ٣١٨ (٦٩) |
| ١٥٤٣ (٥٣٨) | كۆپتەر (هێرشبەر) | ١١٢ (٣٤) |
| ١٢٣٢٠ | تانك | ٢٥٩٦ |
| ٣٠ هەزار | زرێپۆش | ١٢ هەزار |
| ٦٠٥ | پارچەی دەریایی | ٣٨ |
| ١٥٤ ملیار دۆلار | بوودجەی بەرگری | ١١،٨ ملیار دۆلار |



کە ناتۆ نەخشەی بۆ داڕشتووە، ڕێگری بکات لەوەی کە ئەم پلانەش بە ئۆکرانیا جێبەجێ بکرێت، بۆیە ڕووسیا هەرگیز ئەمەی پێ قبووڵ ناکرێت، هەوڵی دا بە دیپلۆماسییەت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئێستا ئاشکرا بوو، ئەگەر کێشە نێودەوڵەتییەکان بە دیپلۆماسییەت چارەسەر نەکرێن، ئەوا پەنا بۆ شەڕ دەبرێت و، وەك کلاوز فیتنز-یش دەڵێت: «شەڕ یەکێکە لە ئامرازەکانی سیاسەت»، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ئەگەر دیپلۆماسییەت شکستی هێنا، یان کێشەکەی پێ چارەسەر نەکرا، ئەوا دەبێت پەنا بۆ ئامرازەکەی دیکەی سیاسەت ببردرێت کە ئەویش «شەڕە»، وەك دەشبینین تا نووسینی ئەم دێڕانە، ڕووسیا هەر دوو ئامرازەکەی بەکار هێناوە و، لە بەرامبەریشدا هەڵوێستی ئەمریکا و ناتۆ نەك هەر لاواز بوو، بەڵکو هێشتا شۆك بەری نەداون و بە هیچ جۆرێك مەزندەی ئەوەیان نەدەکرد، ئەم شەڕەی ئیستا ڕوو بدات و، پۆتین ئەو بڕیارە بدات.

ئەم وەرچەرخانەی کە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا دروستی کرد، کاریگەریی لەسەر ستراکچەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت و، لە ئەمڕۆ بە دواوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جۆرێکی دیکە دەبێت و لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەڵ دەدرێتەوە، لەو لاپەڕە نوێیەشدا دەنووسرێت: «چی دی نابێت ڕۆژئاوا بیر لەوە بکاتەوە کە نزیکی سنوورەکانی ڕووسیا ببێتەوە»، هەروەها تێیدا دەنووسرێت: «ئێمە دەتوانین پێکەوە بە ئاشتییانە بژین، بەڵام هیچ لایەك ناتوانێت بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانیی لایەکەی دیکە بخاتە ژێر هەڕەشەوە»، ئەمەش مانای ئەوەیە بارودۆخی «شەڕی سارد» دووبارە گەڕاوەتەوە، بەڵام شەڕی ساردی ئەمجارە بەهێزترە، لەبەر ئەوەی بە شەڕ دەستی پێ کردووە و، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمانی شەڕی ساردی نێوان ڕۆژئاوا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، ڕاستە لەو شەڕە ساردەدا تەنگژەی زۆر گەورە هەبوون وەك «دانانی ڕۆکێتەکان لەلایەن سۆڤیەتەوە لە کووبا»، پاشانیش تەنگژەی دابەشکردنی بەرلین و دروستکردنی دیواری بەرلین و، لە هەر دوو تەنگژەکەشدا هەڕەشەی جەنگێکی دیکەی جیهانی هەبووە، بەڵام تەنگژەکان بە دیپلۆماسی چارەسەر کراوە و شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی پیشان و ڕۆژئاوا ڕووی نەداوە و، بە درێژایی ماوەی ساڵانی نێوان ١٩٤٥-١٩٩٠ی شەڕی سارد، تەنیا شەڕی بە وەکالەت هەبووە و، هەردوولا «سۆڤیەت و ڕۆژئاوا» خۆیان لە شەڕی ڕاستەوخۆ پاراستووە.

لەسەر ئەم بنەمایە، شەڕی ساردی ئەم جارە بەهێزتر و مەترسیدارترە، لەبەر ئەوەی دیپلۆماسییەت شکستی هێنا و شەڕ دەستی پێ کرد، بۆیە ئەگەر لەم خاڵەوە ئەو پرسیارە بکەین: «ئەگەر هاوپەیمانیی ناتۆ بیەوێت جووڵەیەکی سەربازی بکات دژی ڕووسیا، یان ڕێگرتن لە ڕووسیا، ئایا چی ڕوودەدات؟» بێگومان شەڕێکی گەورەی ئەوتۆ ڕوو دەدات کە ناتوانرێت مەزندەی ئاکامەکەی بکرێت، ڕاستە ئەمە گەورەترین شەڕ دەبێت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە لەسەر خاکی ئەورووپا، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا شەڕەکە هەر لەسەر خاکی ئەورووپا دەمێنێتەوە، یان بەشەکانی دیکەی جیهانیش دەگرێتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ڕووسیا هاوپەیمانییەکی گەورەی هەیە و بە تەنیا نییە و، لانیکەم دەتوانین بڵێین بە پلەی یەکەم هاوپەیمانییەکی لەگەڵ چین هەیە، کە هێزێکی ئابووریی گەورەی هەیە و دیسان هەر چینیش بەرەیەکی فراوانی لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین هەیە، هەروەها ڕووسیا چەندین هاوپەیمانی دیکەشی هەیە لە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و، ئێران و سووریاش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هاوپەیمانییەی کە ڕووسیا هەیەتی، ئەگەری شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوای کەمتر کردووەتەوە، هەر بۆیە ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا پەنایان بۆ سەپاندنی سزا بۆ سەر ڕووسیا بردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ڕووسیا حیسابی بۆ ئەوە نەکردووە ئەگەر هێرش بکات ڕووبەڕووی ئەو سزایانە دەبێتەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسارە لە یەکەمین پەیامی پۆتین دوای دەستپێکردنی هێرشەکەی بۆ سەر ئۆکراینا ئاماژەی پێ کراوە و، خۆی دەڵێت: «سزاکان هەندێك ئازارمان دەدات، بەڵام پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی لە ئازاری ئەو سزایانە گرنگترە».

**ڕووسیا هاوپەیمانییەکی گەورەی هەیە و بە تەنیا نییە و، لانیکەم دەتوانین بڵێین بە پلەی یەکەم هاوپەیمانییەکی لەگەڵ چین هەیە، کە هێزێکی ئابووریی گەورەی هەیە و دیسان هەر چینیش بەرەیەکی فراوانی لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین هەیە**

**سزاکان لەسەر گەلی ناو دەوڵەتە بچووکەکان کاریگەریی گەورەی دەبێت و تووشی نەهامەتیی گەورەیان دەکات، وەک سەپاندنی سزاکان لەسەر عێراق دوای ئەوەی کوەیتی لە ساڵی ١٩٩٠ داگیر کرد، هەروەها سەپاندنی سزا لەسەر ئێران دوای ئەوەی ترەمپ لە ڕێککەوتنی وڵاتانی ٥+١ هاتە دەرەوە**

**سەرۆکی ئۆکرانیا بە کارتێکی دۆڕاو گەمەی کرد و بە پشتبەستن بە ڕۆژئاوا و ناتۆ ئیغرا بوو، سەرەنجامیش نەهامەتییەکی گەورەی بەسەر گەلی ئۆکرانیادا هێنا**

لێرەوە پرسیار ئەوەیە، ئایا سیاسەتی «سەپاندنی سزا» ئەو کاریگەرییەی دەبێت کە رووسیا ملکەچ بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ مەرجەکانی ناتۆ و رۆژئاوا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مێژووی سەپاندنی سزاکان لە ماوەی ٣٢ ساڵی رابردوو دەماندا تەوە و پێمان دەڵێت: «سزاکان لەسەر گەلی ناو دەوڵەتە بچووکەکان کاریگەریی گەورەی دەبێت و تووشی نەهامەتیی گەورەیان دەکات، وەك سەپاندنی سزاکان لەسەر عێراق دوای ئەوەی کوەیتی لە ساڵی ١٩٩٠ داگیر کرد، هەروەها سەپاندنی سزا لەسەر ئێران دوای ئەوەی ترەمپ لە رێککەوتنی وڵاتانی ٥+١ هاتە دەرەوە»، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا سەپاندنی سزا ئەو ئامانجە سیاسییانەی بەدەست هێناوە کە رۆژئاوا، یان «کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» پلانی سەپاندنی سزایان بۆ داناوە؟ بێگومان مێژووی ٣٠ ساڵی رابردووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەوەمان پێ دەڵێت، بۆ ملکەچکردنی سیاسی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە، هەر بۆ نموونە وێڕای سەپاندنی ئەو هەموو سزا قورسانە لەسەر عێراق، بەڵام سەرەنجام بە شەڕ هێزەکانی سەدام حوسێنیان لە کوەیت پاشەکشە پێ کرد و، دوای زیاتر لە ١٣ ساڵ لە بەردەوامبوونی سزاکان، رژێمی سەدام لە رووی سیاسییەوە هەر ملکەچی رۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەبوو، تا لە ئاداری ٢٠٠٣ بە شەڕ رژێمی سەدام رووخا، ئێستا لەگەڵ ئەوەی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران پێ دەنێتە ساڵی چوارەمەوە، بەڵام لە رووی سیاسییەوە ئێران ملکەچی خواستەکانی ئەمریکا نەبووە و، جارێکی دیکە دەیانەوێت لە کۆبوونەوەکانی ڤییەننا دەروازەیەك بۆ تەنگژەی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر پرسی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بدۆزنەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر دووبارە ئەوە دووپات بکەینەوە، ئایا سەپاندنی ئەم سزایانە لەسەر دەوڵەتێکی گەورەی وەك رووسیا، دەکاتە ئەوەی پۆتین لە بڕیارەکەی پاشەکشە بکات و ملکەچی بڕیار و مەرجەکانی رۆژئاوا بێت؟ بێگومان زۆر بە سادەیی وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە، سزاکان ناتوانن لەگەڵ رووسیا سەرکەوتوو بن، نەك هێندە کاریگەر بن کە لە رووی سیاسییەوە پاشەکشە بە پۆتین بکەن.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە دەبێتە پشتیوانی بۆ بڕیارەکەی رووسیا بۆ هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا، ئەوەیە کە سایکۆلۆژییەتی رووسەکان ئامادەباشیی بۆ شەڕەکە تێدایە و، ئەمەش مانای ئەوەیە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم شەڕە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی سزاکان لەسەر خەڵکی رووسیا هەر چەندێك بن، ئەوا ئەوان ئامادەباشییان بۆ بەرگەگرتن کردووە و، هیچ گوشارێك لەسەر پۆتین دروست ناکات، لە بەرامبەردا ئەگەر سەیری ئۆکرانییەکان بکەین وەك لایەنێکی بەرامبەر لەم شەڕەدا، دەبینین سایکۆلۆژییەتی ئۆکرانییەکان ئامادەباشیی بۆ ئەم شەڕە تێدا نییە و، لە ماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێردا شەڕەکە گەیشتە شەقامەکانی کیێڤی پایتەخت و، راستەوخۆش سەرۆکی ئۆکرانیا داوای دیالۆگ و دانوستاندنی لەگەڵ مۆسکۆ کرد، ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ وێنا دەکات، ئۆکرانیا ناتوانێت لە بەرامبەر زلهێزێکی گەورەی وەك رووسیا بە درێژایی چەندین سەدە، بە گەمەیەکی هەرزەکارانە هەموو ئەو مێژووە پێچەوانە بکاتەوە.

خوێندنەوەی ئەو واقیعەی ئێستا کە هێرشی رووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا دروستی کردووە، پێمان دەڵێت: «سەرۆکی ئۆکرانیا بە کارتێکی دۆڕاو گەمەی کرد و بە پشتبەستن بە رۆژئاوا و ناتۆ ئیغرا بوو، سەرەنجامیش نەهامەتییەکی گەورەی بەسەر گەلی ئۆکرانیادا هێنا، لە حاڵێکدا ئەگەر ناتۆش بێتە ناو شەڕەکە «کە هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە نییە» ئەوا شەڕەکەش هەر لەسەر خاکی ئۆکرانیا دەبێت و هێندەی دیکە ئۆکرانیا وێرانتر دەبێت.

● **نەتەوە یەکگرتووەکان و وەرچەرخان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

لە تەنگژەی نێوان زلهێزەکان، یان راشکاوانەتر لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتین، نەتەوە یەکگرتووەکان توانای بڕیاردانی نامێنێت و، لە بەر بوونی مافی ڤیتۆ ئەنجومەنی ئاسایشیش ئیفلیج دەبێت، هەروەك چۆن دوای هێرشەکەش بینیمان لە بەرامبەر «ڤیتۆی» رووسیا تەنانەت نەیانتوانی بە بڕیارێك سەرکۆنەی هێرشەکەی رووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بکەن، ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، ئەم تەنگژەیە بە نەتەوە یەکگرتووەکان

**لە بەرامبەر «ڤیتۆی» رووسیا تەنانەت نەیانتوانی بە بڕیارێک سەرکۆنەی هێرشەکەی رووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بکەن**

**لە ماوەی ٢٠ساڵی رابردوو گۆڕانکارییەکان لە هاوسەنگی و هاوکێشەی نێودەوڵەتی، زیاتر بۆ بەرژەوەندی و هەڵکشانی هێزی «ئابووری و سەربازی»ی رووسیا و چین بووە، نەک ناتۆ و رۆژئاوا**

**بوونی دوو میحوەری هێزی هاوسەنگ مەترسیی شەڕی راستەوخۆ دوور دەخاتەوە، هەروەک لە سەردەمانی شەڕی ساردی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و رۆژئاوا، پەنا بۆ شەڕی وەکالەت دەبرا نەک شەڕی راستەوخۆ**




چارەسەر ناكرێت، كە نەتەوە یەكگرتووەكانیش ئیفلیج بوو، ڕێگەچارەی دیكە پەنابردنە بۆ هاوپەیمانییەك بۆ ئەوەی بە شەڕ چارەسەری بكەن، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠٠٣ جۆرج دەبلیو بوش لە دەرەوەی نەتەوە یەكگرتووەكان بڕیاری ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێنی دا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ڕۆژئاوا دەتوانێت لە بەرامبەر ڕووسیا وەك هاوپەیمانییەك هەمان سیناریۆ دووبارە بكاتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەش دەڵێین، لەگەڵ ئەوەی پێشتریش ئاماژەمان بەوە كرد كە ئەمە بەرامبەر ڕووسیا ناكرێت و نابێت، بەڵام ئاماژەش بەوە دەكەین كە هاوسەنگیی هێز و هاوكێشە نێودەوڵەتییەكانی ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣، هەمان هاوسەنگی و هاوكێشەی ساڵی ٢٠٢٢ نین و، لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوو گۆڕانكارییەكان لە هاوسەنگی و هاوكێشەی نێودەوڵەتی، زیاتر بۆ بەرژەوەندی و هەڵكشانی هێزی «ئابووری و سەربازی»ی ڕووسیا و چین بووە، نەك ناتۆ و ڕۆژئاوا، هەر ئەم گۆڕانكارییانەش بوونە هاندەری ئەوەی كە پۆتین هەنگاو بۆ ئەم هێرشە هەڵبگرێت و بە دەنگی بەرز بە ئەمریكا و ناتۆ بڵێت «ڕووسیاش توانای بڕیاردانی هەیە»، فەرزكردنی ئەم واقیعەش لە لایەن ڕووسیاوە، لاپەڕەیەكی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان دێنێتە ئاراوە و، ئەو لاپەڕە نوێیەش ئەوەیە كە چیتر یەك هێز ناتوانێت بڕیار بدات و ئێستا لە بەرامبەر ئەو هێزەدا كە ئەمریكایە، ڕووسیاش دەتوانێت بڕیار بدات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ڕووسیای سەردەمی پۆتین پێشتر نەیتوانیوە بڕیار بدات؟ بێگومان پێشتریش چەندین بڕیاری داوە، بەڵام بڕیاری ئەم جارەی لە هەموو بڕیارەكانی دیكەی بەهێزتر بووە، مەزندەش دەكرێت دوای



ئەم هێرشەش بۆ سەر ئۆکرانیا، ڕووسیا بەهێزتر لەم کێشەیە بێتە دەرەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە لاپەڕە تازەکەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕووسیا بە جۆرێك هێز و پێگەی دەبێت، کە ببێتە هێزێکی بنچینەیی میحوەرێك بەرامبەر میحوەری ئەمریکی و ڕۆژئاوا، ئەمەش مانای ئەوەیە گۆڕانکاریی گەوهەری لە بنچینەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوو دەدات و، دوو هێزی سەرەکی دەبێت کە دەبنە دوو میحوەر، یەکەمیان میحوەری ئەمریکا و ڕۆژئاوا، دووەمیان میحوەری ڕۆژهەڵات ڕووسیا و چین و هاوپەیمانەکانی.

بوونی دوو میحوەری هێزی هاوسەنگ مەترسیی شەڕی ڕاستەوخۆ دوور دەخاتەوە، هەروەك لە سەردەمانی شەڕی ساردی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و ڕۆژئاوا، پەنا بۆ شەڕی وەکالەت دەبرا نەك شەڕی ڕاستەوخۆ، ئێستاش لەبەر ئەوەی هاوسەنگیی هێز دووبارە لە نێوان هەردوو میحوەرەکەدا دروست دەبێتەوە، ئەوا لەوانەیە هەمان مێژووی سەردەمانی شەڕی ساردی سەدەی ڕابردوو، بەڵام بەهێزتر، دووبارە دەست پێ بکاتەوە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەم بارودۆخەدا چارەنووسی نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن دەبێت؟ سەبارەت بەم پرسیارەش مەزندەی پسپۆڕانی سیاسی بەو جۆرەیە کە هەیکەلەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ڕیکخراو، گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بەڵام لە ئێستا لاوازتر دەبێت، ئەگەر ئەم تەنگژەیە بە بێ شەڕ تێپەڕ ببێت و دوو میحوەری بەهێز هەبێت، ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو دەسەڵات و پێگەیەی کە لە سەردەمانی شەڕی سارد هەیبووە.

# دیمانەی تایبەت



مارك كاتز پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێكی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكان، سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، سیاسەتی ئەمنی، كاروبارەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پێشتریش لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا شرۆڤەكاری كاروباری یەكێتیی سۆڤییەت بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پتر پەیوەست بوون بەو شەڕەی ئێستا كە لە نێوان ڕووسیا و ئۆكرانیادا هەڵگیرساوە، لەگەڵ ئاكام و دەرهاویشتەكانی و چەند بابەتێكی دیكەی پەیوەندیدار.

مارک کاتز
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن بۆ گوڵان:

# دەبێت لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیەتی پوتینەوە لە شەڕی ئۆکرانیا بڕوانین

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین ئێوە چۆن لە بارودۆخەکە دەڕوانن و تێڕوانتان بۆ ئەم هێرش و پەلامارەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە ڕووداو و پەرەسەندن و پێشهاتێکی ناخۆش و نیگەرانکار بوو، کاتێك بینیمان ڕووسیا بیانوو و پاساوی جۆراوجۆری بەکارهێنا بۆ شەرعییەتدان و ڕەوایەتیدان بە هێرش و دەستێوەردانە سەربازییەکەی بۆ نێو خاکی ئۆکرانیا، ئەمە پێشهاتێکە کە دەبێت هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت و بە وردی بەدواداچوون و چاودێری بکرێت.

*** ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە و بە ئاشکراش لە لێدوانەکاندا ئاماژەی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە ناتۆ و بە دیاریکراویش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیازی ئەوەیان نییە ڕاستەوخۆ بەرپەرچی ئەم هێرشەی ڕووسیا بدەنەوە، پێت وایە ئەمە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و لە کۆتاییدا ناچار دەبن کە ڕووبەڕووی سوپای ڕووسیا ببنەوە؟**

- نەخێر، هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا باستان کردووە، ئەمریکا و ناتۆ بە ڕوونی ڕایانگەیاندووە کە دەستێوەردان ناکەن، ئەمەش مایەی ئاسوودەیی و خۆشحاڵیی پوتینە، بەڵام هەروەك بەدیمان کردووە و چاوەڕوان دەکرێت، ئەوەیە کە ناتۆ و ئەمریکا هێزی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا جێگیر بکەن.

*** زۆر باس لە ئامانج و پاڵنەرەکانی ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەکرێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئۆکرانیا حکومەتی ئەو وڵاتە بڕوخێن و دەستی بەسەردا بگرن، ئایا پێت وایە ئەمە فراوانخوازیی ڕووسیایە و ئەگەر سەرکەوتوو**

**بوو، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە هێرش بکاتە سەر وڵاتی دیکەش؟**

- لە دیدی سەرۆك ڤلادمیر پوتینەوە ئەمە فراوانخوازی و دەستبەسەرداگرتنی خاك نییە، ئەمە گەڕاندنەوەی مافی ڕاستەقینەی (بە دڵنیاییەوە بە تێڕوانینی پوتین) ڕووسیایە و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لە بەرچاو بێت، کە ڕووسیا ئەم کارە دەکات بە بێ لەبەرچاوگرتنی خواستی خەڵکی ئۆکرانیا، چونکە گەلی ئۆکرانیا خوازیاری ئەوە نییە ڕاستەوخۆ ببێتە بەشێك لە ڕووسیا.

*** پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕەش ئاماژە بەوە دەکرا کە ئەوەی ڕووسیا پەیڕەو و پیادەی دەکات، هاوشێوەی دیپلۆماسییەتی سەروەختی شەڕی ساردە، بەتایبەتی کە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ئەم لێدوانەی دا، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا پێت وایە ئەمە قۆناغێکی نوێی شەڕی ساردە لە نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوادا؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە لە سەروەختی شەڕی سارددا سەرجەم جیهان لە ناکۆکییەکان تێوەگلابوو، بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئەورووپا ڕوودەدات، من پێم وایە نیگەرانیی خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەمریکا پتر سەرقاڵە بە وڵاتی چینەوە و تەرکیزی زیاتر لەسەر هەڵکشانی هێزی چین دەکات، واتە دەیەوێت سەرنجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، (ئەگەرچی سەرنجێکی نەرێنییش بێت) ئەمەی پێ باشترە لەوەی کە فەرامۆش بکرێت و نادیدە بگیرێت، واتە دەیەوێت وا لێی بڕوانرێت کە کەسێکی گرنگە.

*** کەواتە ئەم بڕیارەی پوتین بە بەرپاکردنی شەڕ لە دژی ئۆکرانیا لە ڕووی دەروونییەوە بۆ ئەو گرنگە و ئایا دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین؟**

- من پێم وایە بەڵێ، چونکە ئەگەر ئێمە لەوە بڕوانین، یان بپرسین ئایا بەرژەوەندیی نەتەوەیی ڕووسیا لەم قەیرانەدا چییە؟ ئەوا ئاشکرایە کە بەرژەوەندیی ڕاستەقینە و نەتەوەیی ڕووسیا ئەوەیە کە پەیوەندییەکی باش و گونجاوی لەگەڵ ئۆکرانیادا هەبێت، کەواتە لەم ڕووەوە دەکرێت بگوترێت ئەگەر جۆرێکی دیکەی سەرکردە لە ڕووسیا جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوایە، ئەوا مەرج نەبوو ئەم کارە بکات و پەنا بۆ بەرپاکردنی شەڕ ببات، ئیدی ئەمە سایکۆلۆژیای پوتینە و ئەمە ڕاڤە و لێکدانەوەی سەیری خودی پوتینە بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ڕووسیا.

*** ئایا پێت وایە ئەم بارودۆخەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا هیچ کاریگەری و ئاکامێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لێ دەکەوێتەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە تا ئێستا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیانەوێت خۆیان بە دوور بگرن لە تێوەگلان لەم مەسەلەیەوە، چونکە نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە سەرجەم هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیوەندی باشیان لەگەڵ ڕووسیادا هەیە و بگرە دەیانەوێت پارێزگاری لێ بکەن و درێژەی پێ بدەن. ئەو وڵاتەی نێو ناوچەکە کە زیاتر نیگەران بووە بەم شەڕە بریتییە لە تورکیا، بەتایبەتی کە تورکیا ترس و نیگەرانیی ئەوەی هەیە ڕووسیا زیاتر کۆنترۆڵ و دەستڕۆیشتوویی بەسەر دەریای ڕەشدا هەبێت، لەبەر ئەوە پێم وایە دڵەڕاوکێی تورکیا زیاتر لەم ڕووەوەیە، بە تایبەتی کە تورکیا لە ڕووی مێژوویشەوە ئەزموونی خراپ و تاڵی لەگەڵ ڕووسیادا هەیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە، ئەوا من دڵنیا نیم لەوەی چ جۆرە هەڵوێستێکیان دەبێت، هەرچەندە ئەگەر لە ڕووی مێژوویەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا ئێرانیش ئەزموونی خراپی لەگەڵ ڕووسیادا هەبووە، ئەگەر باس لە وڵاتانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکەین، بۆ نموونە میسر، ئەوا زیاتر نیگەرانی ئەوەیە کە ئەم شەڕە کاریگەریی هەبێت لەسەر هەناردەکردنی گەنم، بەتایبەتی کە میسر بڕێکی گەورەی گەنمی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکڕێت (هەرچەندە بۆی هەیە بەم نزیکانە گەنمی ئۆکرانیاش ببێتە گەنمی ڕووسی)، ئەوەی پەیوەست بێت بەو وڵاتانەی دیکەوە کە هەناردەکاری نەوت و

**ئەمریکا و ناتۆ بە ڕوونی ڕایانگەیاندووە کە دەستێوەردان ناکەن، ئەمەش مایەی ئاسوودەیی و خۆشحاڵیی پوتینە**

**گەلی ئۆکرانیا خوازیاری ئەوە نییە ڕاستەوخۆ ببێتە بەشێک لە ڕووسیا**

**سەرجەم هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیوەندی باشیان لەگەڵ ڕووسیادا هەیە و دەیانەوێت پارێزگاریی لێ بکەن**

**تورکیا ترس و نیگەرانیی ئەوەی هەیە ڕووسیا زیاتر کۆنترۆڵ و دەستڕۆیشتوویی بەسەر دەریای ڕەشدا هەبێت**



غازن لەم ناوچەیەدا، ئەوا ڕەنگە ئەمە بە دەرفەتێك بزانن بۆ ئەوەی برێکی زیاتر نەوت و غاز بفرۆشن، ئەمەش هەنگاوێکە و قابیلی تێگەیشتنە، واتە بۆچی نەیفرۆشن؟

*** بەڵام پێتوانییە هەموو ئەم پەرەسەندنانە هاوشانن بە کشانەوە، یان دوورکەوتنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، ئایا پێت وانییە ئەمە بۆشاییەك دروست دەکات بۆ ئەوەی وڵاتانی وەك چین و ڕووسیا سوود لە بارودۆخەکە وەربگرن و، پتر برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن لەم ناوچەیەدا؟**

- من پێم وانییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکشێتەوە، چونکە ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە بارودۆخی مێژوویی ئەم ناوچەیە بدەینەوە، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو کاتەشدا ئەو هاوپەیمانانەی لەم ناوچەیەدا هەبوو کە ئێستا هەیەتی کە ئەوە بوو ئەمریکا باڵادەست بوو بە سەر تەواوی ناوچەکەدا، ئەوەی پەیوەستە بە چینەوە، ئەوا ئەم وڵاتە پتر خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانیەتی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا و نایەوێت لە هیچ کێشە و ناکۆکی و شەڕێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوەبگلێت، بۆ نموونە کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیان بەلاوە گرنگە، پەیوەندیی نێوان کورد و عێراقیان بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوان نایانەوێت تێوەبگلێن، لە سووریاش تێوەنەگلاون و دەیانەوێت لە دەرەوەی ئەم ناکۆکییانە بمێننەوە، هەرچی ڕووسیایە تێڕوانین و هەڵوێستی جیاوازی هەیە و بگرە خواستی ئەوەی هەیە لە ناکۆکییەوە تێوەبگلێت، بەڵام کێشەی ئەوە هەیە کە هیچ یەکێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە متمانە بە ڕووسیا ناکەن و نایانەوێت متمانەی پێ بکەن، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر وڵاتێکیش بیەوێت هاوکاریی لەگەڵدا بکات، ئەوا ڕەنگە پێی باشتر بێت کە هاوکاری لەگەڵ ژاپۆن، یان ئەمریکا، یان چیندا بکات، نەك ڕووسیا.


ستیڤن سیمباڵا

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی ویلایەتی پەنسلڤانیا بۆ گوڵان:

# سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە شەڕی ئۆکرانیاوە کاریگەری دەبێت لەسەر بایەخدانی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ستیڤن سیمباڵا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ویلایەتی پەنسلڤانیا، خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە لە بواری دیراساتی ئەمنی، سیاسەتی بەرگری، چەکی ناوکی و کۆنترۆڵکردنی چەك و بواری هەواڵگری. هەروەها وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و فیکری سیاسی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە بارودۆخی هەڵکشاو و شەڕی هەڵگیرساوی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا.

## دیمانەی تایبەت



*** ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پەرەسەندنەکانی پێش ئەو هەڵمەتە سەربازییەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، ئایا ئەمە مایەی سەرسوڕمان بوو و کار و پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو بوو کە سەرۆک پوتین بڕیارێکی لەم چەشنە بدات، یان ئەگەری شەڕ پێشتریش ئەگەرێکی ڕاستەقینە بوو؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەکە ئەوە نەبوو ئایا پێشبینیکراو بوو، یان نا، بەڵکو ئەوەیە تەمەنناى ئەوە دەکرا ئەم شەڕە ڕوو نەدات، هەروەها ئەوەی ئێستا ڕووی داوە، پەرەسەندنەکانی هاوینی ساڵی ١٩٩٠م بیر دەخەنەوە، خەڵکی تەمەننایان دەکرد و هۆکاری ڕەوا و ماقووڵیشیان هەبوو کە سەدام حوسێن کارێك ناکات، یان بڕیاری داگیرکردنی کوەیت نادات، بەڵام دواتر ئەم بڕیارە دراوە و داگیرکارییەکەش ڕووی دا. لە پەیوەندی بەم قەیرانەی ئێستاوە ئەوا هەر لە سەرەتاوە خەڵکی خواست، یان ئومێدی ئەوەیان هەبوو کە سەرۆك پوتین بڕیارێکی لەم چەشنە نەدات، چونکە ئەمە بڕیارێکی ڕاست و لۆژیکی نابێت، بەڵام ئیدی پوتینیش بە چەشنی سەددام حوسێن لۆژیکییانە بیر ناکاتەوە.

*** ئایا پێت وایە ئەم شەڕە و ئەم پەرەسەندنە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی نێودەوڵەتی و جیهانیی ڕووسیا و ئەم وڵاتە پتر کاریگەر و دەستڕۆیشتوو دەبێت، یان پتر گۆشەگیر و دابڕاو و لاواز دەبێت؟**

- من بەو شێوەیە لە مەسەلەکە دەڕوانم کە ئێستا ترسێکی زیاتر لە ڕووسیا دروست بووە، ئەمەش بناغەیەکی باش نییە بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی پتر دەستڕۆیشتوو. هەروەها ئەگەر سەیری زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکەین، ئەوا هێندە بایەخ نادەن بە ئۆکرانیا. دواتر ئێمە دەزانین ڕووسیا هەوڵدەدات کاری زیاتر ئەنجام بدات لەگەڵ چین، بەتایبەتی

**ئێستا ترسێکی زیاتر لە ڕووسیا دروست بووە، ئەمەش بناغەیەکی باش نییە بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی پتر دەستڕۆیشتوو**

ئێستا هێزی جیهانی و مەزنی جیاواز هەن کە ململانێ و کێبڕکێیانە لەسەر بەدەستهێنان و برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆیان

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەبەستم ئەوەیە ڕووسیا بژارەی ئەوەی هەیە کە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا کار بکات، ئەگەر ڕۆژئاوا هەوڵی گۆشەگیرکردن و کەنارگیرکردنی بدات، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە هێندە بایەخ و گرنگی بە ئۆکرانیا نادەن.

*** ئێمە دەزانین هەمیشە سەرۆک پوتین و بەرپرسە باڵاکانی ڕووسیا ئاماژەیان بەوە کردووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوی ناتۆ هیچ کاتێك نیگەرانییە ئەمنییەکانی ئەم وڵاتەیان لەبەرچاو نەگرتووە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕووسیا بەم شێوەیە کاردانەوەی هەبێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- با من بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکەم، وڵاتانێك هەن دەیانەوێت ببنە ئەندامی ناتۆ لەبەر ئەوەی ترسیان لە ڕووسیا هەیە، کەواتە ئەوە ناتۆ نییە ئەم وڵاتانەی بەلای خۆیدا ڕاکێشابێت و بیەوێت بیانکاتە ئەندام، بەڵکو ئەوە ترس و نیگەرانیی ئەم وڵاتانەیە لە ڕووسیا کە بووەتە پاڵنەری ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندامێتی ناتۆ بدەن، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین پوتین دەیەوێت بە چەشنێك ڕەفتار بکات کە ترس و نیگەرانیی ئەم وڵاتانە بڕەوێنێتەوە و دڵنیایان بکاتەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین پوتین خۆی ئەم کارەی بە سەر خۆیدا هێنا.

*** تا ئێستا کاردانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بریتی بوو لە بڕیاری سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ڕووسیادا، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزا و ڕێکارانە دەڕوانن و پێتان وایە چ کاریگەرییەکیان لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی ڕووسیا دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە هەمیشە پرسیارێکە کە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم سزایانە کاریگەریی کورتمەودا و درێژخایەنیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام من پێم وایە ئامانجە سەرەکییەکە زیاتر پەیوەستە بە جۆشدان و هەڵوێستوەرگرتنی هاوبەشی هاوپەیمانەکان پێکەوە، بەتایبەتی کە وڵاتانی ئەورووپا پەیوەندییەکی زۆر ئابووری و بازرگانییان هەیە لەگەڵ ڕووسیادا. هەروەها من پێم وایە لە ڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە ئەم سزایانە زیاتر بۆ ئەوەیە کە کێ بە ڕاستی هاوپەیمانێتی و لەگەڵیدا هەڵوێست دەگرێتەبەر.

*** دوای ئەم هێرشە سەربازییەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، ئایا دەکرێت لە ئێستادا بڵێین ئەوەی پێی دەوترا سیستمی لیبراڵیی جیهانی، یان سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان کۆتایی هاتووە، یان پایە سەرەکییەکانی لەق بوون؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم سیستمەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن (سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان) تەنیا بەسەر ڕۆژئاوادا جێبەجێ دەبوون. -ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەورووپا و هەندێ لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ئاسیا- ئومێدەکەش ئەوە بوو کە سەرجەم جیهان بێنە ژێر سایە و سێبەری ئەم سیستمەوە، بەڵام بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوا ئەم شەڕە نەبووەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا لەم سیستمە داببڕێت، چونکە ئاشکرایە کە هەر لە سەرەتاوە ڕووسیا بەشێك نەبوو لێی، بەڵام هێشتا ئەم سیستمە هەر بوونی ماوە لە ڕۆژئاوادا.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ڕووسیا دەڕوانیت لە ئێستادا، بەتایبەتی کە چین دەستپێکردنی هێرشەکەی ڕووسیای بۆ سەر ئۆکرانیا بە داگیرکاری وەسف نەکرد، کەواتە ئایا هاوپەیمانێتی و شەراکەتێك هەیە لە نێوان ئەم وڵاتەدا و ئایا چین سوودمەندی سەرەکی نییە لەم دۆخی شەڕەی دروست بووە؟**

- ئەگەر نەڵێین هاوپەیمانێتی و شەراکەتیش، ئەوا جۆرێك لە یەکگرتنی هەڵوێست و تێڕوانینەکان لە نێوان ڕووسیا و چیندا دروست بووە، دواتر من پێم وا نییە چین زۆر خۆشحاڵ بێت بەم دۆخەی کە دروست بووە، یان هاتووەتەئاراوە، چونکە نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت و نادیدەی بگرین کە چین بەرژەوەندیی ئابووری هەیە لە ئۆکرانیا و ئەم کارەی ڕووسیا هاوکار نابێت بۆ بەدیهێنان و برەودان بە بەرژەوەندییەکانی چین. بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بە پرس و مەسەلەیەکی دیکەش بکەین کە پەیوەندیدارە بەم پرسیارەوە، ئەویش ئەوەیە کە باس لەوە دەکرێت ئەگەر ڕووسیا سەرکەوتوو بوو لەم شەڕەدا، ئەوا چینیش هەنگاوی هاوشێوە هەڵدەگرێت لە دژی تایوان؟ بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی ئەمە ڕاست بێت، یان

ئەگەر ئیدارەی بایدن بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی هەبێت- کە من دڵنیا نیم لەوەی هەیبێت-ئەوا ئەم دۆخەی هاتووەتەئاراوە دەکاتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی پەیوەندیی نزیک دروست بکات لەگەڵ ئێراندا

ئەمە ڕوو بدات، چونکە لەم حاڵەتەدا دەبێت چین زیاتر لە ڕێی دەریاوە هێرش بکات، هەروەها نابێت ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە چین کەمتر ئامادەیە بۆ ئەوەی لە مەترسییەوە تێوەبگلێت ئەگەر بێتوو بەراوردی بکەین بە ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی ڤلادمیر پوتین. لەبەر ئەوە من دڵنیا نیم ئایا ئەمە چ ئاکام و دەرهاویشتەیەکی لێ دەکەوێتەوە، لەسەر هەنگاو و هەڵوێست و بڕیارەکانی ئایندەی پەیوەست بە چین، بەڵام ساتەوەختێکداین کە هێشتا ڕوون نییە ئایا ئەم هاوسەنگیی هێزە چییە و چۆن دەبێت.

*** ئەی چۆن لە شێوازی مامەڵەکردنی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەڕوانیت لە ئاست تێکڕای قەیرانەکەی ئۆکرانیا تا دەگاتە ئەم شەڕەی ئێستا؟**

- ئەوەی دەبێت سەرنجی لە بارەوە بدەین و بەدواداچوونی بۆ بکەین، ئەوەیە ئایا چۆن سەرقاڵبوونی ئەم ئیدارەیە بەم شەڕەی ئێستای



ڕەنگە چین هەمان ڕێچکەی پوتین نەگرێتەبەر. هەرچەندە لە نزیکەوە چاودێریی ئەو بارودۆخەش دەکات کە هاتووەتە ئاراوە.

*** ئەی پێت وایە ئەوەی لە ئێستادا هاتووەتە ئاراوە بریتییە لە جیهانێکی فرەجەمسەری کە تێیدا هاوسەنگییەکی هێز لە نێوان وڵاتە گەورە و بەهێزەکانی جیهاندا دروست بووە و چیتر ئەمریکا تاکە هێزی باڵادەست و دەستڕۆیشتووی سەر شانۆی جیهان نییە؟**

- من لە چەمکی هاوسەنگیی هێز دڵنیا نیم، بەتایبەتی کە ئێستا هێزی جیهانی و مەزنی جیاواز هەن کە ململانێی و کێبڕکێیانە لەسەر بەدەستهێنان و برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆیان، لەبەر ئەوە ڕەنگە وردتر بێت کە بڵێین ئێمە لە سەروەخت و ئۆکرانیا کاریگەری دەبێت لەسەر بایەخ و گرنگیدانی ئەمریکا بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ بۆ نموونە پرسی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەر ئیدارەی بایدن بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی هەبێت- کە من دڵنیا نیم لەوەی هەیبێت-ئەوا ئەم دۆخەی هاتووەتەئاراوە دەکاتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی پەیوەندیی نزیك دروست بکات لەگەڵ ئێراندا، چونکە نیگەرانییەکی گەورە هەبوو لە بارەی نەوت و غازی ڕووسیاوە، کە دەکرێت یەکێك لە بەدیلەکان بریتی بێت لە ئێران، بەڵام پێم وانییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم ئاراستە و ئاقارەدا بیر بکاتەوە و هەنگاو هەڵبگرێت.

# پێکهاتەکان لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەییدا..

## هەرێمی کوردستان بە نموونە

**پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان هاووڵاتین و یەکسانن و بەشدارن لە کاروباری کارگێڕی و ئابووری و بەرگریدا**

کێشەی پێکهاتەکان لە قەوارەی دەوڵەت، یان لە کۆمەڵگەکاندا یەکێکە لە کێشە هەرە گرنگەکان، لە هەمان کاتیشدا کێشەیەکە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کە چۆن چارەسەری بکات، خوێندنەوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەت و قەوارەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە چارەسەری سەربازی، یان دەستووری و یاسایی لە هەر دوو قەوارەی نێوخۆ و دەرەوەی هەرێمی و قەوارەی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە، پێویستە پێش هەموو شتێك بابەتی پێکهاتەکان دەستنیشان بکەین، تا بزانین ئەم زاراوە و چەمکە چییە؟

پێکهاتەکان بەو واتایەیە، کە لە ڕووی ڕەگەزو نەتەوەو ئایین و مەزهەب و زمانەوە هەر کەمینەیەك لەگەڵ ئەوەی دیکە جودایە لە نێو ئەو قەوارەیەی تێیدا دەژین، بە پێی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پێکهاتانە بەشێکن لە کۆمەڵگەو، ویستی پاراستنی داب و نەریتی ئیتنی و ئایینی و زمانەوانی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە، لەسەر ئەم بنەمایە، چەمکی پێکهاتە مانایەکی دینامیکیی هەیە، واتا ستاتیکی و وشك نییە، بەڵکو لە زۆر قەوارەوە بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، وەك مەسەلەکانی توانەوە لە نێو کۆمەڵگە لەگەڵ ئەوانی دیکە، یان ڕاگواستن لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، لە ئەنجامی هەندێ سیاسەتی توندو تیژ، یان ویستی جیابوونەوە، یان دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆیان هەیە، یانیش لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە یەك بگرنەوە، چەمکی پێکهاتەکان چەندین پێوەری هەیە، پێوەری ژمارەیی وەك دیمۆگرافیا، قەوارە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە زۆرینە، هەروەها پێوەری سۆسیۆلۆجی هەیە، واتا باری ئیتنی و سیاسی و ئابووری، دیسان پێوەری هەست و نەست تا خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بتوێنێتەوە، یان ویستی سیاسی داوای یەکسانی، یان خودموختاری، یانیش جیابوونەوە بکات، هەروەها پێوەری بەرژەوەندی، یان ئامانجی هاوبەش لە کۆمەڵگە، بۆیە پێکهاتەکانی ئیتنی کۆمەڵێك دانیشتووانن و ژمارەیان کەم یان زۆر بێت سیمای ئیتنییان هەیە و لەگەڵ دانیشتووانی دیکە جودان، لەسەر بنەمای ئەوەی کە جیاکاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە بەم پێیە دەبێ چارەسەر بکرێت.

کێشەی پێکهاتەکان لەبەر ئەوە هاتە کایەوە کە پلانی دەستنیشانکردنی سنوور، یان قەوارەکان بە ویستی ئەوان نەبوو، لە ئەنجامی سیاسەتی توندوتیژی و ڕەچاونەکردنی ڕاستییەکانی کولتووری و مێژوویی، ئەمە لە



## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

دەرئەنجامی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم بوو، ئەو سنوورانەی کە دانران ستەمکارانە بوو، ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئەم پێکهاتانە نیگەرانی و دوودڵی و ململانێی دڵتەزێنیان هەبێت لە نێو ئەم قەوارانەدا، لێرەدا ویستی قەوارەکان ئەوەیە کە تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت و ڕەنگە ئەمە سنوور و ئامانجی دیکەش تێپەڕێنێت.

ئەم پێکهاتانە کێشەی ئینتیما بۆ دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری دروست دەکەن، لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێکهاتانە، لەو دەوڵەتانەی کە پێکهاتەی ئیتنی زۆر جیاجیایان تێدایە، کۆمەڵێك قەیران سەرهەڵدەدات، وەك قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی، شەرعییەتی سیستەمی سیاسی، بەشداریی سیاسی، یەکسانی هاوبەش و جیاکردنەوە، بۆیە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ ئەم پێکهاتانە، کە ڕەنگە خۆی لە تێگەیشتنی دیموکراسی لە قەوارەی دەستووری و یاسایی ببینێتەوە، یان لە چارەسەری میلیتاری و نالەباری لە مامەڵەکردن کە کاردانەوەی لەلایەن ئەم پێکهاتانە لێ دەکەوێتەوەو کێشەو گرفتی لێ سەرهەڵدەدات، لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتان و پێکهاتەکانیش هەن، بۆیە دەبێت چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.

خوێندنەوەی ئامارەکانی تایبەت بە پێکهاتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پتر لە (٣٠٠) پێکهاتەی ئیتنی لە جیهان هەن، کە ژمارەیان یەك ملیار کەسن، کە ڕێژەیان ١٧,٣٪ی کۆی دانیشتووانی جیهان پێك دەهێنن، ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پتر (٥٠) کەس لەو پێکهاتانە تووشی کۆچکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ بوونەتەوە، تەنانەت لە نێودەوڵەتەکانیش پتر لە(٣٠) ملیۆن کەس ئاوارە بوون، جگە لە بەکارهێنانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی دژی ئەو پێکهاتانە، تەنانەت گەیشتە ئاستێك کە گرووپ هەن بەرگری لەم پێکهاتانە دەکەن کە تووشی مەترسی و لەناوچوون دەبن.

**هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکەم کابینەوە تا ئێستا، لە ئاستی وەزیر و پۆستەکانی خوارەوە پێکهاتەکان بەشدارییەکی کارایان لە حکومەتدا کردووە**

نموونەی ئەم پێکهاتانە لەسەر ئاستی جیهان وەك: کێشەی کورد، کشمیر، باسك لە ئیسپانیا، بەربەرو ئەمازیغ لە باکووری ئەفریقیا، دەوڵەتانی قەوقاز، تبت لە چین و، تامیل لە سریلانکا.

ئەم کێشانە کاریگەرییان بۆسەر پەیوەندیی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، هەر چۆن بێت لە سەرەتای سیستمی تازەی نێودەوڵەتیدا وشیاریی ئیتنی هاتە کایەوە، ئەمەش وای کرد کە زۆر لە دەوڵەتان بەدوای چارەسەردا بگەڕێن، بە پێچەوانەوە گیروگرفت لەم دەوڵەتانە پەیدا دەبێت.



ئەگەر جارێکی دیکە شیکردنەوەی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێکهاتانە، سەرتا دەبێ بڵێین: ئاسایشی نەتەوەیی قەوارەیەکی ستراتیژییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان، سێ شێواز لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێکهاتانە هەن، شێوازی سەربازی واتا تواندنەوەی ئەم پێکهاتانە بە زەبری هێز، شێوازی بوونی ماف و ئەرك لە هەیکەلییەتی دەوڵەت واتا چارەسەرکردنی ئابووری و کارگێڕی، شێوازی سێیەم چارەسەری سیاسی.

ئەگەر باسی شێوازی یەکەم بکەین، لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆی دەچن کە گیروگرفتی ئەم پێکهاتانە مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و قەوارەکان و یەکپارچەیی خاك، لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ بە هێزی میلیتاری و بەرگری چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکات، ئەنجامی ئەو سیاسەتە ئەوە بوو کە زیانێکی مرۆیی و ئابووری هاتە کایەوە، پێچەوانەی دامەزراوەی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، شێوازی دووەم لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئەم پێکهاتانەیە کە لە نێو هەیکەلییەتەکانی دەوڵەتدا لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون کاربکەن، و بەشداری لە کارگێڕی و ئابووری و بەرگری لە چوارچێوەی گەشەپێدانێکی گشتیدا بکەن، بۆیە شێوازی دووەم وا دەکات کە هەندێ ئاستەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزێت و، جۆرە بەردەوامییەکی هەبێت، ئەمەش پەیوەستە بە سرووشتی سیستمی سیاسی و سەرچاوەکانی شەرعییەتەوە، شێوازی سێیەم کە پێشکەوتووترین شێواز هەڵدەبژێردرێت، ئەویش چارەسەری سیاسییە، واتە چارەسەری (دەستووری و یاسایی) بۆ کێشەکە، ئەمە وا دەکات کە بنەماکانی ئاسیاشی نەتەوەیی بچەسپێن، هەروەها ئەم بنەمایانە بۆ کاروباری دیپلۆماسی و سەربازی و ئابووری و گەشەپێدان بەکار بهێنرێت، بۆ مامەڵەکردنی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ ئەم بابەتە تەرتیبێکی زەمەنی هەیە، نموونەی زەقی ئەم مەسەلەیەش، کێشەی کورد لە تورکیا و ئێران، جگە لەو کێشانەی پێشتر باسم کردن.

ئەگەر بێینە سەر هەرێمی کوردستان، دروستبوونی ئەم قەوارە دەستوورییە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، هەروەها دەرچوونی یاساکانی تایبەت بە دامەرزاوەکانی حکومەت و پەرلەمان و دادوەری، یاساکانی دیکەی حزبەکان و ئازادیی ڕۆژنامەگەری، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تەنانەت یاسایەکی تایبەت بۆ پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

سیاسەتی مامەڵەکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کێشەی پێکهاتەکان لەسەر جۆری دووەم و سێیەمە، واتا جۆری

**ئێستا کوردستان بووەتە پەناگەیەک بۆ پێکهاتەکانی دیکە کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و، بە ڕێژەیەکی بەرچاو لێرە دەژین**



دووەم وا دەكات كە پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستان هاووڵاتین و یەكسانن و بەشدارن لە كاروباری كارگێڕی و ئابووری و بەرگریدا، شێوازی دووەمیش گەڕانە بەدوای چارەسەری یاسایی و دەستووریدا بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەم پێكهاتانە وایان لێ هاتووە كە بەشێكن لە گەلی كوردستان و، لە حوكمڕانی و لە دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەكاندا هەموو ماف و ئەركێكیان هەیە، ئەم پێكهاتانە كە جۆراوجۆرن لە ئیتنی و نەتەوەو ئایین و لە مەزهەب، لەسەر بنەمای پێكەوە ژیان و تێگەیشتن لە مافەكان ئەوانیش ئەركەكانی خۆیان دەزانن، هاوكات پەرلەمانی كوردستان ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دەركردنی یاسا لەم بوارەدا، تەنانەت لە ناو پەرلەمانیشدا پێكهاتەكان نوێنەری خۆیان هەیە و ئازادانە كارەكانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

ئەگەر بێینە سەر دامەزراوەی حكومەت، دەبینین هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەكەم كابینە تا ئێستا، لە ئاستی وەزیر و پۆستەكانی خوارەوە ئەم پێكهاتانە بەشدارییەكی كارایان لە حكومەتدا كردووە، ئەگەر بێینە سەر دامەزراوەكانی دیكە، وەك حزبە سیاسییەكان و وەك بەشداریی سیاسیی ئەم پێكهاتانە، دەبینین كە بەشداری و چالاكیی سیاسییان هەیە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردندا و دەزانن ماف و ئەركەكانیان چین.


دەبێ ئاماژە بەوەش بكەین كە سەرۆك بارزانی ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم پێكهاتانە، تەنانەت ئێستا كوردستان بووەتە پەناگەیەك بۆ پێكهاتەكانی دیكە كە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانن و، بە ڕێژەیەكی بەرچاو لێرە دەژین، زۆر هەوڵی ئەكادیمی دراوە بۆ دیراسەكردنی ئەم پێكهاتانە، لەمەشدا بە شایەتی نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بە وردی سەیری ئەم مەسەلەیەی كراوە، گەیشتوونەتە ئەنجامی ئەرێنی لە هەمبەر سیاسەتی هەرێمی كوردستان لەم بوارەدا، جگە لەمە بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە پەیوەندیی ڕۆژانەن لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم مەسەلەیە و، دید و بۆچوونی چاكیان هەیە بۆ چۆنێتیی پێكەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لە هەرێمی كوردستان، لە چوارچێوەی قەبارەی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی ئاسایشی نەتەوەیی و قەوارەی دەستوور و یاساكان لەم بوارەدا.

لە دەرئەنجامدا پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستان پاڵپشتن بۆ سیاسەتەكانی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی ئابووری و بەرگری، چونكە لە هەرێمی كوردستان بە شێوەی یەكسان و دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پێكهاتانە كراوەو هیچ كێشەیەكیان نییە.

**پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستان پاڵپشتن بۆ سیاسەتەكانی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی ئابووری و بەرگری**



# خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ بڕیارە سیاسییەکەی دادگای ئیتحادی




**د. ڕێگر فەرهاد محەمەدئەمین**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەپێی دیباجەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە، واتە دەوڵەتی فیدراڵی پێك دێت لە دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتی هەرێمەکان، لە عێراقدا تەنیا یەك هەرێم هەیە، ئەویش هەرێمی کوردستانی عێراقە کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەیە، بەپێی ماددەی ١١٧ی دەستوور دان بە هەرێمی کوردستان نراوە، کەواتە هەرێمەکانیش دەتوانن مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆیان بکەن لە چوارچێوەی دەستووری ددانپێدانراوی عێراقدا. هەروەها لە ماددەی یەکدا باس لە دەستوور دەکات، کە گەرەنتییە بۆ یەکپارچەیی عێراق، کەواتە ئەگەر دەستوور وەك خۆی جێبەجێ نەکرێت، ئەوا عێراق ئەو یەکپارچەییەی خۆی لەدەست دەدات.

**● دادگای ئیتیحادی و بڕیاری پەیوەست بە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان**

بڕیاری دادگا دەبێت لە چوارچێوەی دادپەروەریدا بێت واتە بڕیاری یاسایی دەربکات و دادپەروەری بەرجەستە بکات، نەك بە پاڵنەری سیاسی و لایەنگیری بڕیاری پەیوەست بە سیستەمی سیاسیی وڵات دەر بکات.



لەم ڕوانگەیەوە بڕیارەکەی دادگا بەندی دەستووری پێشێل کردووە، بەوەی مافی دەرکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستان قەدەغە دەکات، لە کاتێکدا بەپێی دەستوور هەرێمی کوردستان دەتوانێت یاسا دەربکات، بەپێی ماددەی ١١٧ کە دانانی ناوە بە هەرێمی کوردستاندا، کەواتە لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، دادگا بە خۆی پێشێلی ماددەی دەستووری کردووە، هەروەها لە ماددەی ١٢١ی دەستووری عێراقدا هاتووە کە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی یاسایی هەیە، چونکە لەو ماددەیەدا دەسەڵاتی دابەشکردن و ئیدارەدانی نەوت و گازی بە دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان داوە، کەواتە ئەم بڕیارەی دادگا دژی ئەو ماددەیەشە، چونکە بەپێی ئەو بڕیارە دادگا تەنیا مافی بە حکومەتی عێراق داوە بە دەسەڵاتی ئیدارەدانی نەوت و گاز، ئەمەش دووبارە دژە لەگەڵ ئەو ماددە یاساییە. کەواتە لە بڕیارەکەی دادگا دادپەروەری تێدا بەدی نەکراوە، بەڵکو زیاتر دەچێتە قاڵبی بڕیارێکی سیاسییەوە، نەك بڕیارێکی یاسایی، لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەم بڕیارە سیاسییە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەی زیاتر لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، چونکە لە بنەڕەتدا بڕیاری یاسایی دادپەروەری بەرهەم دێنێت، نەك بڕیارێکی زاڵمانە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بڕیارەکە هاودژی هەیە لەگەڵ پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات و سامان لە سیستەمی فیدراڵی.

● **چارەسەر و پێشنیار بۆ داهاتوو چییە؟**

سەبارەت بە چارەسەر و پێشنیار بە شێوازێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەوت و گاز بەتایبەتی دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای فیدراڵی، پێویستە هەنگاوی جدی و زۆر بەپەلە بنرێت، بۆ ئەوەی ڕێگاش بگیرێت لە بڕیاری هاوشێوە دژ بە هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە:

● پێکهێنانی لیژنەیەك لە پسپۆڕان و شارەزایانی لێهاتوو و شیاوی زانستەکانی (یاسا، سیاسەت، ئابووری) کە بتوانن بەرگری بکەن لە مافە دەستووری و یاساییەکانی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان.

● ئەنجامدانی ڕێکەوتنێکی هاوبەش بە مەرجێك کە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تێیدا بەرجەستە و زامن بکرێت.

● گفتوگۆکردن و داکۆکیکردن لەسەر بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی لە بوودجەی حکومەتی عێراق.

● دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە هاوبەشیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی بنەڕەتی بۆ گرفتەکانی نەوت و گاز.

● دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیتیحادی و جەخت لە سەر دامەزراندنی دادوەری سەربەخۆ لە پێناو دەرکردنی بڕیاری دادپەروەری و بێلایەن، نەك بڕیاری سیاسی.

# ڕۆژی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان


هاوینی ئەمساڵ ٥٠ ساڵ تێپەڕ دەبێت بە سەر کۆنگرەی ستۆکهۆڵم کە لە (٥)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ بەسترا، لەو ساوە تا ئەمڕۆ، جیهان بەگشتی و ژینگەدۆستان بەتایبەتی، یادی بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژینگە بەرز ڕا دەگرن، هەر لەو ڕۆژەشدا (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە) (UNEP) دامەزرا.

نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ زیاتر فراوانکردنی بازنەی بایەخدان بە ژینگە داوای لە وڵاتانی جیهان ئەوەیە کە ڕۆژی تایبەت بە ژینگە تا ئاستی بچووکترین یەکەی ئیداری و پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی شۆڕ بکرێتەوە.

کارکردن بۆ ژینگەیەکی سەلامەت، لە پێش هەموو شتێکدا هەوڵدانە بۆ پاراستنی باڵانس و هاوسەنگیی ژینگەیی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ بە شێوازێکی زۆر توند ئەو هاوسەنگییە ڕوو لە تێکچوونە.

بۆیە ئەم ڕۆژە بۆنەیەکی یارمەتیدەرە بۆ هۆشیاریی زیاتر لە بواری ژینگەدا و، بۆ سەرنجڕاکێشانی سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەستانی جیهان بەلای ژینگەدا و، دروستکردنی بایەخپێدانێکی جیهانی بە ژینگە و پێکهێنەرەکانی. هەروەها جۆرێك لە خۆئامادەکردنی دەروونییشە بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی تاك و، باشترکردنی هەڵوێستەکانی کۆمەڵگە، بە ئاراستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و، دروستکردنی هەستێکی جیهانی لای دانیشتووانی گۆی زەوی، بەو ڕاستییەی کە چارەنووسی هەموویان پێکەوە گرێ دراوە.

ڕۆژی جیهانیی ژینگە هۆکارێکیشە کە بە هۆیەوە گەلان ڕۆژی تایبەتیان بۆ ژینگەی لۆکاڵیی خۆیان هەبێت، بۆیە عێراق ڕۆژی ژینگەی تایبەت بە خۆی هەیە و، هەرێمی کوردستانیش ڕۆژێکی ژینگەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەکەوێتە ڕۆژی ١٦ی نیسانی هەموو ساڵێك. دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش وەك دەستەیەکی چاودێری و بەدواچوون، داوای لە فەرمانگەی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کرد، کە ڕۆژێکی تایبەت بە ژینگەی هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ دیار بکەن، بۆ ئەوەی ساڵانە لە پاڵ ڕۆژی جیهانیی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

ژینگە و، ڕۆژی ژینگەی کوردستاندا، ئەوانیش ڕۆژێکی لۆکاڵیی تایبەت بە ژینگەی خۆیان هەبێت، بۆ زیاتر پاراستن و چاککردنی ژینگەی دەڤەر و ناوچەکانیان.

بۆیە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا، بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ لایەنە فەرمییە پەیوەندیدارەکان، ڕۆژی ژینگەی تایبەت بە خۆیان دیار کردووە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

ڕۆژی ٤ی نیسانی هەموو ساڵێك ڕۆژی ژینگەی پارێزگای هەولێرە.

ڕۆژی ٢٢ی ئەیلول، ڕۆژی ژینگەی ئیدارەی گەرمیانە.

ڕۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەم، ڕۆژی ژینگەی ئیدارەی ڕاپەڕینە.

ڕۆژی ١ی تشرینی دووەم، ڕۆژی ژینگەی پارێزگای دهۆکە.

ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەم، ڕۆژی ژینگەی پارێزگای سلێمانییە.

پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی هەر یەك لە سۆران و زاخۆش لەگەڵ کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە تیایاندا، ڕۆژی ژینگەی تایبەت بە خۆیان دیاری دەکەن.

لێرەوە دەستەی ژینگە سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی هەرێمی کوردستانیش دەکات، کە بە هاوسەنگی و بەرپرسیارانە چ وەك ڕێکخراو و چ وەك بۆرد، دەستیان هەبووە لە بەرزڕاگرتن و بایەخدان بە ڕۆژی ژینگەی سنووری پارێزگا و ئیدارەکانیان، بە کار و چالاکییەکانیان.

ساڵی ڕابردوو (٢٠٢١) دەستەی ژینگە لە ڕۆژی ژینگەی تایبەت بە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا، بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارەکاندا، سەرپەرشتیی دەیان پرۆژە و چالاکیی جۆراجۆری کردووە، کە جێگەی خۆشحاڵیی دام ودەزگا و ڕێکخراوە ژینگەییەکان و دانیشتووانەکان بووە بەگشتی. ئەمساڵیش لە بەرنامەدایە بە پرۆژە و چالاکیی دیکەوە، ڕۆژی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان یاد بکرێنەوە، بە مەبەستی پاراستنی ژینگەی کوردستان کە گەورەترین سەرمایەی هەموومانە.



ئوسامە جەمیل ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئافرەت دەبێت خۆی ژیانی خۆی بگۆڕێت و بە هێزی بیرو بازووی خۆی بێتە مەیدان، نەک بە هەوڵی پیاو

**کۆمەڵناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەشداریی خانمان لە پرۆسەی سیاسی (حزبی و حکوومیدا) هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی نەرم و لێکتێگەیشتن لە ناو کۆی پرۆسەی سیاسی، چالاکانی مەدەنیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، بەپێی ئەو ڕێژەیەی (یەك لەسەر سێ) دانراوە بۆ بەشداریی ئافرەتان بۆ نوێنەرایەتیی خەڵك لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان، دەبوو حزبەکان بەرنامەیەکیان بۆ خانمانی سەرکردە هەبێت و،زیاتر هەوڵی پەروەردەکردنیان بدەن. ئەمانە و چەند پرسیاری دیکە تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ ئوسامە جەمیل عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ کە جگە لە کاری سیاسی، نووسەر و هونەرمەندێکی دیاری شاری هەولێرە و بەکالۆریۆسی هەیە لە مێژوو، لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١٤ش ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** بەپێی بۆچوونی بیرمەندان، بەشداریی خانمان لە پرۆسەی سیاسی و حزبەکاندا، هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی نەرم و لێکتێگەیشتن لە ناو کۆی پرۆسەی سیاسیدا، لەگەڵ ئەوەی ئێستا بەشێکی بەرچاو لەژنان لەناو حزبەکاندا لە سەرکردایەتیشن، بەڵام ئەم سیاسەتە نەرمە لەنێوان حزبەکان و پرۆسەی سیاسیدا نابیندرێت، ئایا ئەمە لەبەر ئەوەنییە ژن تەنیا لە حزبەکاندا دیکۆرن و بەشدارییان لە بڕیاری سیاسیدا پێناکرێت؟**

- من پێموایە ئەو کێشەیە بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە، یەکەمیان: بووە بە یاسا و بە باویش دەبێ ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی هەبێت، زۆر جار حزبەکان ئافرەت دەخەنە ناو کایەی سیاسی، چونکە یاسای حزبەکان و یاسای هەڵبژاردنیش مەرجی بوونی ئافرەت لە کایەکاندا دەکەنە مەرجی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا، دووەمیشیان بووە بە باوو نەنگییە ئەگەر ئافرەت لە ناو پرۆسەی سیاسیدا نەبێت، چونکە ئەمرۆ لە سەرتاسەری جیهاندا و بەتایبەتی لە ئەوروپاو ئەمریکا ئافرەت هێزێکی کاریگەرە و لە سیاسەت و دەوڵەتداریدا بوونی خۆی سەلماندووە، دەیان ناوی وەکو هیلاری کیلنتۆن و مێرکڵمان هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی خۆماندا ئەو جۆرە ئافرەتە ئاسنینەمان نییە، کە توانیبێتی خۆی بسەلمێنێت و بە هێزێکی گەورە بەشداری لە کاری سیاسی و دەوڵەتداریی بکات، کوا چەند ئافرەتمان هەیە توانیبێتی ببێ بە سەرکردە و کەسی یەکەمی حیزبێك؟ چەند ئافرەتمان هەیە بە هێزو تواناو لێهاتوویی خۆی چووبێتە پێش، بێ پشتبەستن بە دەنگی پیاوانی کۆمەڵگەو حزبەکەی؟ چ ئافرەتێکمان هەیە بووبێتە سومبولی سیاسی و سەرنجی کۆمەڵگەی بە پیاوو ژنەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشابێت؟ لەو وڵاتەی خۆمان هێشتا ئافرەت نەبووەتە سیاسییەکی ئاسنین و فشار بە ئاراستەی سەرنجڕاکێشانی شەقام دروست بکات.

*** بەپێی ڕێژەی «یەك لەسەر سێ» کە دانراوە بۆ بەشداریی خانمان لە نوێنەرایەتیی خەڵك بۆ پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان، دەبوو حزبەکان بەرنامەیەکیان بۆ ئافرەتانی سەرکردە هەبێت و ژنی سەرکردە پەروەردە بکەن، بەڵام لەماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوو سەرکردەیەکی لێهاتووی ئەوتۆی ئافرەت هەڵنەکەوتووە کە بتوانێت لەناو پرۆسە سیاسییەکە ببێتە ژمارەیەکی دیار، بۆچی بایەخ بە پەروەردەکردنی ئافرەتی سەرکردە نادرێت؟**

-حزبەکان ئەو (یەك لەسەر سێ)یەیان بە ملداهاتووە و چارەیان نییە، ئەگەرنا ڕەنگە زۆر بیریان لەوەنەکردباوە کە ئافرەت بە تەوژمێکی زۆر و دیار بێتە ناو کایەی سیاسی، من لێرەدا گلەیی لە ئافرەتان دەکەم، بۆچی ئافرەتان دەبێت هەر پاشکۆی پیاوان بن لەناو حزبەکان، بۆچی خۆیان حزبێك دروست ناکەن کە خۆیان کەسی یەکەم بن، خۆیان ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی شەقام بجووڵێنن؟ بە داخەوە ئێمە ئافرەتی گۆرانیبێژ و مۆدێلمان زۆرە، بەڵام ئافرەتی سیاسی و ئیداریمان کەمە، بەشێکی زۆری خەتای خۆیانە کە وەکو دیکۆر سەیر دەکرێن!

*** کە دێینە سەر کێشەی ئافرەت، هەموو حزبە سیاسییەکان بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییانەوە خۆیان بەداکۆکیکاری مافەکانی ئافرەت دەزانن، بەڵام هەر حزبێکیش دیدو تێڕوانینی خۆی بەسەر ژناندا فەرز دەکات، ئەگەر پرسی ئافرەت گرنگە، بۆچی بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش لەنێوان حزبەکان نییە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی یاسای باری کەسێتی داکۆکی لە ئافرەتان بکرێت؟**

- ئەوە بۆ پاشخانی فیکری حزبەکان دەگەڕێتەوە، دیارە تێڕوانینی کەسێکی ئیسلامی جیایە لەگەڵ کەسێکی عەلمانی بۆ کێشەی ئافرەتان و خودی ئافرەت، ئەو تێڕوانینە وایکردووە خودی کێشەکە گوم ببێت، دەبێت وا سەیری ئافرەت و پیاو بکرێت کە هەردووکیان یەك ڕەگەزن کە مرۆڤە، نەك دوو ڕەگەزی جیای نێر و مێ، وەك ئەوەی دکتۆر مستەفا زەڵمی ئاماژەی پێکرد، دەبێ پیاو تێبگات، ئافرەت وەکو ئەو مرۆڤە و یەك ڕەگەزن، نابێت لەسەر بنەمای نێرو مێ مامەڵە بکرێت، ئافرەت وەکو پیاو دەخوێنێ و دەخەوێ و نەخۆش دەکەوێ و بیر دەکاتەوەو پێدەکەنێ و دەژی، بۆ دەبێ لەسەر بنەمای ڕەگەز مامەڵەی لەگەڵ بکرێ؟ بۆ لەسەر بنەمای مرۆڤبوون و وڵاتی بوون مامەڵەی لەگەڵ نەکرێ؟ لە ئایینی ئیسلامیشدا وا مامەڵەی لەگەڵ کراوە، مرۆڤە و خاوەن ماف و بەرپرسیاریەتییە، لە قیامەتیشدا وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ناڵێن ئافرەت بێتە ئەولا و پیاویش بێتە ئەملا، بۆیە هەرهەموومان پێویستمان بە موراجەعە هەیە، لەسەر هەمووشیان دەبێ ئافرەتان خۆیان موراجەعەی خۆیان بکەنەوە.

*** لەگەڵ ئەوەی چالاکانی بواری مافی ئافرەت داکۆکی لەوە دەکەن، ئەگەر ئافرەت خاوەنی ئابووریی خۆی بێت، دەتوانێت باشتر خێزان بەڕێوە ببات، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئەوەیە کە خەریکە ڕێژەی جیابوونەوە هێندەی ڕێژەی هاوسەرگیری لێ دێت، بەشی زۆری حاڵەتەکان لەنێوان ئەو هاوسەرانەیە کە خانمەکان خاوەنی سەرچاوەیەکی داهاتی خۆیانن، ئایا هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران بۆچی دەگێڕیتەوە وتاچەند ئەم دیاردەیە هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکات؟**

- کێشەی جیابوونەوەی نێوان پیاوو ژن پەیوەندی بە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیاو ژیان هەیە، چەند وڵات لەم ڕووە بەرەوپێش بڕوات، جیابوونەوە زیاتر دەبێت، ئێمە

ئەمرۆ لە سەرتاسەری جیهاندا و بەتایبەتی لە ئەوروپاو ئەمریکا ئافرەت هێزێکی کاریگەرە و لە سیاسەت و دەوڵەتداریدا بوونی خۆی سەلماندووە

حزبەکان ئەو (یەک لەسەر سێ) یەیان بە ملداهاتووە و چارەیان نییە، ئەگەرنا ڕەنگە زۆر بیریان لەوەنەکردباوە کە ئافرەت بە تەوژمێکی زۆر و دیار بێتە ناو کایەی سیاسی

بۆچی ئافرەتان دەبێت هەر پاشکۆی پیاوان بن لەناو حزبەکان، بۆچی خۆیان حزبێک دروست ناکەن کە خۆیان کەسی یەکەم بن، خۆیان ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی شەقام بجووڵێنن؟

**ئێمە ئافرەتی گۆرانیبێژ و مۆدێلمان زۆرە، بەڵام ئافرەتی سیاسی و ئیداریمان کەمە، بەشێکی زۆری خەتای خۆیانە کە وەکو دیکۆر سەیر دەکرێن**

**سەدان ژن و مێرد شەوانە لەسەر یەک جێگان و هەریەکەیان چات لەگەڵ یەکێکی دی دەکات، زۆر جار لێرەوە کارەساتەکە دروست دەبێت**

**تاکە کێشەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمە لەبواری سیاسی ئەوەیە کە سەربەخۆ نییەو پاشکۆی پیاوە، دەنا دەیان ئافرەتمان هەیە، خێزان و ماڵ هەڵدەسوورێنێ و کەسی یەکەمە**

پێشی بیست ساڵ نموونەمان بە ئەورووپا و ئەمریکا دەهێنایەوە کەوا لەچ کارەساتێك دەژین، چونکە ڕێژەی جیابوونەوە زیادی کردووە، حاکم عەبدولباست فەرهادی لە کۆڕێکدا وتی: ساڵی ١٩٧٩ لە سەرتاسەی عێراق چل ژن و مێرد جیابوونەوە، ئەو ساڵە دەوڵەت هەمووی هاتە سەر خەت، کەوا کارەساتێکی گەورە بەرێوەیە لە عێراق، چونکە ڕێژەی جیابوونەوە زیادی کردووە. دەی ئێستا لە وڵاتی خۆمان ڕەنگە ڕۆژانە چل خێزان هەڵوەشێتەوە، دیارە بە داخەوە دەوڵەتیش بێدەنگە لە ئاست ئەو کارەساتە و حزبەکانیش هەروا، ڕەنگە ڕێکخراوەکانی ژنانیش هۆکار بن بۆ زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە، هەمیشە دەبیستم ئەوان هانی ئافرەتان دەدەن بۆ جیابوونەوە، خاڵێکی دیکە نەبوونی ڕۆشنبیریی هاوسەر گیرییە لە ناو نەوەی نوێ، بۆیە لەتەمەنی زوو هاوسەرگیریکردن کارەساتی دروست کردووە، لەلایەکی دی تەکنۆلۆژیا و ئەنتەرنێت ڕۆڵی خراپیان بینیوە لەم کارەساتە، دەیان بگرە سەدان ژن و مێرد شەوانە لەسەر یەك جێگان و هەریەکەیان چات لەگەڵ یەکێکی دی دەکات، زۆر جار لێرەوە کارەساتەکە دروست دەبێت، من دەڵێم ئافرەت دەبێت متمانەی بەخۆی هەبێت و دڵنیابێت لەوەی وەکو فڕندە بە دوو باڵ ژیان دەکات، ئەویش لەگەڵ پیاو دەبنە دوو باڵ و ژیان دەکەن، هیچیان بێ ئەویتر ناتوانێت ژیان و ژیار دروست بکات.

*** لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان چارەسەری کێشەی ئافرەتیان گرێداوەتەوە بە «وەبەرهێنان لە کچاندا»، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە کچ پەروەردە بکرێت، بۆ ئەوەی ژنێکی باش پێشکەشی کۆمەڵگە بکرێت، لە کوردستان ئەم ئاراستەیە نییە، ئایا تاچەند گرنگە وەبەرهێنان لە کچاندا بکرێت؟**

_ئەگەر بەو ئاراستەیەبێت کە ببنە خاوەن کەسایەتیی بەهێز و بەتوانا و کۆمەڵگە بەرەو پێشترو باشتر ببەن بە تەئکید باشە، پێم وانییە لەو بوارەدا ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمە کەموکوڕی هەبێت، ئافرەت شان بەشانی پیاو دەخوێنێت و دەچێتە زانکۆ و بڕوانامەی بەرز بە دەست دەهێنێت و دەبێتە تاکێکی کاریگەر لە کۆمەڵگە، دکتۆر و مامۆستا و ئەندازیار و هونەرمەند و ئافرەتی سەرکەوتوومان زۆرە، ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردی ئافرەت لە هەموو بوارەکان بوونی هەیە و تواناو وزەی خۆی سەرف دەکات، تاکە کێشەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمە لەبواری سیاسی ئەوەیە کە سەربەخۆ نییەو پاشکۆی پیاوە، دەنا دەیان ئافرەتمان هەیە، خێزان و ماڵ هەڵدەسوورێنێ و کەسی یەکەمە، ئافرەت لەسەرتاسەری جیهان هەنگاوی گەورەی ناوە و جێ پەنجەی دیارە، هیچ مەیدانێك نییە ئافرەت کاری تێدا نەکات، هەر لە گەشتە ئاسمانییەکانەوە بگرە تا دەگاتە هەموو کارەکانی دی، لەکۆمەڵگەی کوردییش



زۆر بەرەوپێش چووە، ئەوەتا لە باشووری عێراقدا و لە هەندێك شوێن تائێستاش کەناوی ئافرەت دەهێنن، دەڵێن: ببوورە ئافرەت، وەك ئەوەی چۆن کە یەکێك باسی تواڵێت بکات، دەڵێت: ببوورە تواڵێت! بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیی خۆمان ئافرەت دایکە، خوشکە، خێزانە، دکتۆرە، ئەندازیارە،خاوەن کارە و مامۆستایە و پەروەردکارە، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم: ئافرەتی کورد کێشەی زۆر نییەو کێشەی بۆ دروست دەکرێت، بۆیە بەلاتەوە سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لە کوردستان کێشەیەك نییە بە ناوی کێشەی ئافرەتان، ئەو ڕێکخراوانەی واش دەڵێن تەنیا و تەنیا نان و پیاز بەو قسەیە دەخۆن!

*** هەتا ئێستا ئەو ڕێکخراوانەی داکۆکی لەمافی ئافرەت دەکەن، ئەو ڕێکخراوانەن کە بەشێکن لە حزبەکان، ئایا باشتر نییە بە هاوشێوەی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوێکی کوردستانی هەبێت،دوور لە کاریگەریی حزبە سیاسییەکان داکۆکی لەمافەکانی ئافرەتان بکات ؟**

- ڕێکخراوەکانی ژنان بوون بە بار و لە زیان بەولاوە هیچ سوودێکیان بە ئافرەت نەگەیاندووە، ئێمە دەبێت ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بگۆڕین، نەك هەر حزبەی ڕێکخراوێکی ئافرەتی بۆ دابمەزرێنین، ئافرەت لەسەرەوەی ڕێکخراو و دەستەو گرووپە، ئافرەت دەبێت خۆی خۆی بسەلمێنێت، نەك بخرێتە قاوغی ڕێکخراوێکەوە و بە ئاراستەی بۆچوونی حزب لە قاڵب بدرێت، ئەمڕۆ ئافرەت مامۆستایە و دکتۆرە و کارمەندی حکومەتە، ئافرەت لە زۆربەی بوارەکانی ژیان سەرکەوتووە، بەڵام بە داخەوە لە بواری سیاسی سەرکەوتوو نەبووە، چونکە هەمیشە کراوە بە پاشکۆی پیاو لەکاری سیاسیدا، ئافرەت دەبێت خۆی ژیانی خۆی بگۆڕێت و بە هێزی بیرو بازووی خۆی بێتە مەیدان، نەك بە هەوڵی پیاو.

## شەنگە ئەسکەندەر:

# حەز دەکەم بنەماڵەکەم سەرکەوتنەکانم لە ئاییندەی نزیکدا ببین

**شەنگە ئەسکەندەر ساڵی ١٩٩٧ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، وەك خۆی باسیدەکات لە تەمەنی ١٨ مانگی بەهۆی نەخۆشیی رۆماتیزم بینایی لە دەست داوە، بەڵام کۆڵ نادات و تەسلیمی قەدەر نابێت، ئەو بە هاوکاریی خانەوادەکەی ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندن تێدەپەڕێنێت و ئێستا قوتابیی زانکۆیە، لەم گفتوگۆیەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان پتر باسی ژیانی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



شەنگە ئەسکەندەر خانمێکی تەمەن ٢٥ ساڵەی دانیشتووی هەولێری پایتەختە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی کێشەی چاوەکانیەوە، یەك دوو ساڵ لە خوێندن دواکەوتووە، دواتر خوێندنی لە پەیمانگەی نابینایان دەست پێکردووە و تا پۆلی نۆی بنەڕەتی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە.
بەڵام دواتر قۆناغی ئامادەیی لەگەڵ کەسانی ئاسایی خوێندووە، کێشە و ئاریشەکانیشی لە دەستپێکی خوێندنەوە بەرۆکی ئەو خاتوونەی گرتووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە تێپەڕاندنی قۆناغەکانی خوێندن زۆر بەربەست هاتنە سەر ڕێگەم و بەردەوامبوونم لە خوێندن هێندە ئاسان نەبوو، نەهامەتی زۆرم بینی، بەڵام کۆڵم نەدا، چونکە تاکە ئامانجم ئەوە بوو پلەیەکی باش لە خوێندن بە دەستبهێنم.» گوتیشی: «لە پاڵ خوێندن شیعریش دەنووسم، شیعرم بۆ دایك و باوك و بۆ خۆشەویستی نووسیوە، هەرگیز ناتوانم دەستبەرداری شیعر بم، چونکە خۆم لە دونیای شیعردا دەبینمەوە، جارجاریش گۆرانی دەڵێم».
لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەندامانی خێزانەکەت تا چەند پاڵپشت و هاوکارت بوون؟ شەنگە ئەسکەندەر دەڵێت: «تا گەیشتوومەتە ئێرە، دایکم زۆر زۆر هاوکارم بووە، ئەو هەرگیز نەیهێشتووە هەست بەوە بکەم کە لە خوشك و براکانم جیاوازم، تەنانەت خوشك و براکانیشم هەوڵ و ماندووبوونی زۆریان چێشتووە و یارمەتییانداوم، بەتایبەتی بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم، ئێستاش قوتابیم لە بەشی مێژوو لە زانکۆی سەلاحەدین. زۆرم حەز لە خوێندنەوەیە و گرنگیی زۆر بە خوێندنەوە دەدەم».
شەنگە ئەوەش دووپات دەکاتەوە: «دایکم ئافرەتێکی بەتوانا و سەرکەوتوو بووە لە پێگەیاندنی ئێمە، بەتایبەتی من کە زۆر لەگەڵم ماندوو بووە، بێئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان گلەیی ئەوە بکات،بەوەی کە ماندوو، یان بێزار بووە». گوتیشی: «دایکم ژنی ماڵەوەیە و هەموو ژیانی بۆ خزمەتکردن و پەروەردەکردنی ئێمە تەرخان کردووە، منیش ئاواتەخوازم لە داهاتوودا ببمە دایکێکی سەرکەوتوو و هاوشێوەی دایکم بم.»
شەنگە لە کۆتایی وتەکانیدا دەڵێت: «من هەرگیز ناتوانم چاکەی خێزانەکەم بدەمەوە، کە بە هەوڵی ئەوان گەیشتوومەتە ئەم قۆناغەی ئێستام و لە زانکۆ دەخوێنم. حەز دەکەم بنەماڵەکەم سەرکەوتنەکانم لە ئاییندەی نزیکدا ببین، لە داهاتووشدا دوای تەواوکردنی خوێندن، بەنیازم شیعرەکانم لە دیوانێکدا کۆبکەمەوە و چاپیان بکەم، هەر لە منداڵیشیەوە ئاواتەخوازی ئەوە بووم، ببمە ڕاگەیاندنکارێکی سەرکەوتوو».

## لە ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا

# داوای بنبڕکردنی کوشتنی ئافرەتان دەکرێت



بێریڤان حەمید،ئەندامی ئەنجومەنی دەوروبەری سلێمانی (ی.ئا.ك) بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «سەرەڕای هەوڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئافرەتان و سەرجەم چالاکان و میدیاکان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەمافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانی و تایبەتتر توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان، ڕۆژانە چەندین حاڵەتی توندوتیژی و کوشتنی ئافرەتان میدیاکان دەتەنێت، نوێترینیشیان ئەو ئافرەتەیە کە دڕندانە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە سووتێنراوە ولە ئێستادا ململانێی مردن وژیان دەکات». هاوکات دەڵێت: «یەکێك لەو هۆکارانەی کەوای لە کۆمەڵگەی کوردی کردووە، کەمتر بەرەوپێشچوون ببینێت لە کەیسی ئافرەتاندا بەراورد بە کۆمەڵگەکانی دیکە، هەماهەنگ نەبوونی پەروەردەیە و، نەبوونی سیستمێکی پەروەردەیی دروست و زانستی وای کردووە منداڵ و تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر یەکسانیی جێندەری پەروەردە نەکرێن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە کوڕان فێربکرێن، هاوسەر و خوشك و دایکیان مرۆڤن و موڵکی پیاوەکان نین. بەڵکو خۆیان خاوەن بیر و هەست و قەراری خۆیانن. پێویستە کچان فێربکرێن کە پشتبەخۆیان ببەستن و چاوەڕێی سایەی پیاوێك نەکەن کە لەژێر سێبەریدا بحەسێنەوە. پێویستە فێربکرێن کە جەستەی ئافرەت تەنیا هۆکارێك نییە بۆ لەزەت وەرگرتن، بەڵکو پیرۆزییەکەی لەوەدایە درێژەپێدەری مرۆڤایەتییە و ئەو شەرەفە بە ئافرەت بەخشراوە کە منداڵ و تاك پەروەردە بکات و پێبگەیەنێت». بێریڤان حەمید یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی دەگەڕێنێتەوە بۆ: «کەمیی ئەوسزایەی تاوانبارانی پێسزادەدرێن». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «هەندێك جارتاوانبار تەنانەت ڕادەستی دادگاش ناکرێن، بەڵکو بەسوڵحی عەشایەری کۆتایی بەبابەتەکە دەهێنن، لەکاتێکدا ئەوکەسانەی تاوانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت و خێزاندەکەن، پێویستە توندترین سزابدرێنن بەبێ لێخۆشبوون و بێجیاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتییان،هۆکارێکی دیکەش بڵاوبوونەوە و دزەپێکردنی حاڵەتەکانی کوشتن و توندوتیژییە لەڕێی سۆشیاڵ میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چونکە تا ئێستا هۆشداریەکی وا بڵاونەکراوەتەوە کە بەشێوازێکی تەندروست تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێندرێن».



بێریڤان حەمید:

**پێویستە کچان فێر بکرێن کە پشت بە خۆیان ببەستن و چاوەڕێی سایەی پیاوێک نەکەن کە لەژێر سێبەریدا بحەسێنەوە**

بەهزاد تاهیر مامۆستای زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی کۆنی کوردی و لە کەلتوور و بیرکردنەوە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و جێگا و مەکانی ژن لە کۆمەڵگەی کۆنی کوردی بکۆڵینەوە، دەبینین کە کورد لەو بابەتەدا زۆر لە دەوڵەتانی ئێستای دیموکراسی کە مافی ژن لە ترۆپکە، باشتر بووە. تەنانەت ئافرەتان لە زۆر شوێن بڕیاردەری یەکەم بوون لە کۆمەڵگەی کوردی. بەڵام وەك دیارە ئەو بێسەروبەری و هەڵکشانی ژنکوشتن کە زیاتر لە ٪٨٠ بۆ مەسەلەی شەرەف و بیروباوەڕە دینییان دەگەڕێتەوە کە هاوردەکراوە و موڵك و بیروباوەڕی کوردنەبوون، هۆکاری سەرەکین بۆهەڵکشانی ژنکوشتن». نمونەشی بەوە هێناوە کە «دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق، تانەیەکی یەکێتیی ئافرەتانی عێراق ڕەتدەکاتەوە کە لەبارەی نادەستووری بوونی ماددەی ٤١ی یاسای سزادانی عێراقی پێشکەشی کردبوو، کە تێیدا ڕێگە دەدات پیاوان لە ژنەکانیان بدەن و باوان



**ڕۆژی ٢٠ی شوبات ڕۆژی جیهانیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە و بە بڕیاری فەرمیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ساڵێك یادی ئەو ڕۆژە دەکرێتەوە، لە هەمان ڕۆژیشدا پیاوێك لە سلێمانی هاوژینەکەی خۆی بەناوی شنیار هونەر سووتاند، کە تەمەنی تەنیا ٢١ ساڵ دایکی دوو منداڵ بوو.شنیار لە لێپرسینەوەیدا بەپۆلیسیگوتووە: «پیاوەکەم نەوتی لە زۆبا دەرهێناو پێیداکردم، پاشان ئاگری تێبەردام و هەڵات». توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بە ڕێژە و چەندین جۆری جیاواز ئەنجام دەدرێن، کە خراپترین و پڕ تاوانترین جۆری، کوشتنی ئافرەتە و کوردستانیش لەو تاوانە نەگریسە بەدەر نییە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە هەستیارە تاوتوێ دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

و مامۆستایان لە منداڵان بدەن. گوتیشی: «ئەوە نموونەیەکی بچووکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئافرەتە و دەیان نموونەی دیکەی ئەو جۆرە یاسا و بڕیارانە هەن کە بە ناوی شەرع و دین و یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان هۆکارن بۆ ژنکوژی».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە جەختی لەوەش کردەوە کە «لە هەرێمی کوردستانیش ژنان لە دۆخێکی نایەکسان و نادادپەروەریدا ژیان دەکەن. لەگەڵ بوونی زۆرێك لە ڕێکخراو و گرووپی جیاوازی تایبەت بە مافەکانی ژنان بەڵام، نەتواندراوە ببنە وەڵامێك بۆ کۆتاییهێنان بە جیاوازیی ڕەگەزی و ژنکوژی و توندوتیژیی بەردەوام کە بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت، لەلایەن ئەو کەسانەی هەڵگری ئەقڵییەتی کۆنەپارێزی و پیاوسالارین». گوتیشی: «ژنکوشتن کۆمەڵێك هۆکاری دیکەی هەیە، بەڵام هەموویان لەو خاڵانەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەك: بێدەسەڵاتیی ژنان و خۆ بەکەم زانینیان لە بەرامبەر پیاوان، پیاوسالاری، تۆخبوونەوەی بیری توندڕەویی ئایینی، بیانووی شەرەف و خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵێك هۆکاری دی، کە دەکرێت دیراسەت و لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت و هەوڵی چارەسەری ڕیشەییان بدرێت، نەك کۆمەڵە کەسانێك بە بیانووی دامەزراندن و کارکردن لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بیانەوێت بگەن بە بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکانی خۆیان وەك پلە و پۆست و مووچە. چونکە بەڕاستی ئەو ڕێکخراوانە نەك ڕۆڵی باشیان نەگێڕاوە، بەڵکو هۆکاری ناشیرینکردنی ڕووی ئافرەتانیش بوون و کۆنترۆڵیان بە دەستی خۆیان نییە و بە ناڕاستەوخۆ ئاراستە دەکرێن».

چالاکی مەدەنی هەرمن ئەحمەد، ڕای وایە: «شێوازی ژیان و گۆڕانکارییە خێراکانی دونیای گلۆبالیزەیشن و گەشەی ئابووریی تاکەکان، مرۆڤ ناچار دەکات، لەگەڵ ئەوخێراییە بڕوات و هەنگاوبنێت، ئیدی هەنگاوەکان زۆر جار بازهەڵدانە بەسەر کۆمەڵێك بنەماو فاکتەر کە لەویست و خواستی مرۆڤەکان زیاترە» .هاوکات دەڵێت: «هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەك داخراو و پیاوسالارییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیێنێت، بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوونین، دیاردەی ژنکوشتن لە بەرزبوونەوەدا بێت. بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوەیە یەکگرتووەکان ئەمریکای لاتین بەرزترین ڕێژەی ژنکوشتنی هەیە.» گوتیشی: «کوشتنی ژن لە کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری خواستەکان سنووردارە بۆژنان بە پێچەوانەی ڕەگەزی نێر کە هیچ سنوورێك لەبەردەمیاندا نییە، ئەم چەمکی جیاخوازییانە فاکتەری سەرەکین بۆئەوەی بەرکەوتنی توندوتیژی دروست ببێت، زۆربەی پیاوان بەرامبەر وا سەیری هاوسەریان دەکەن، وەك موڵکێك کەخۆیان خاوەنداریەتی دەکەن، نەك وەك هاوبەشێکی ژیانی هاوسەری». سەبارەت بە ڕێگەچارەی ئەو دیاردەیە کە ڕێگری لێ بکرێت و گەشەنەکات، گوتی: «»یەکێك لە چارەسەرەکان جێبەجێکردنی یاسایە، هەروەها برەودان بە بیری نوێ کە زادەی ئەقڵ بێت و هۆشیاری بەرهەم بهێنێت. هەروەها کاتی ئەوەهاتووە، ئیدی ڕێکخراوەکان کاری جددی لەسەر کەمکردنەوەی ئەم دیاردانە بکەن و، ڕێگەچارەیەك بۆ پاڵنەری توورەییەکان دابنێن، بۆ ئەوەی خولانەوە لەدەوری بازنەیەکی چەقبەستوو کۆتایی بێت».



بەهزاد تاهیر:

**لە هەرێمی کوردستانیش ژنان لە دۆخێکی نایەکسان و نادادپەروەریدا ژیان دەکەن**



هەرمن ئەحمەد:

**هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی تا ڕاددەیەک داخراو و پیاوسالارییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیێنێت، دیاردەی ژنکوشتن لە بەرزبوونەوەدا بێت**

جەمیلە یوسفی:

# ڕۆژاڤا مالا ئەولەکاریێ بوو ژ بۆ هەموو هونەرمەندێن کوردستانێ



**جەمیلە یوسفی ئێکە ژ هونەرمەندێن رۆژ ئاڤاییێ کوردستانێ ژ گوندێ دەکشووریێ یا خودان دەنگەکا کوردی یا رەسەن و چەندین سالە د ڤی بواریدا کار دکەت، د دەرفەتێکیدا مە چەند پرسیارەک بڤی درنگی بەرسڤا مەدا.**

*** حەز دکەم پتر خوە بدەیە نیاسین؟**

- ناڤێ من جەمیلە پیرێ (یوسف)یە. د بچووکانیا خوە دە من ژ سترانا حەز دکر و ب من پر خوەش دهات سترانێن کو وێ دەمێ دهاتن گۆتن یەك ژ وان ئایشە شان و مەیرەم خان بوون وەکو ژن و محەمەد عارفێ جزیری و ئەردەوان و ئەیاز زاخۆلی و گەلەك هونەرمەندێ دن . ەز وەکە کەچەکە کورد من نکاری ب تەنها خوە ستران گۆتبا و گەلەك ئاستەنگی ژ ئالییێ جڤاکێ و مالبات و رژیما دەولەتا سووریە ژ منرە دەرکەتن،تا کو من خوەندنا خوە ژی لسەر کر لێ کەسەکی نکاری مووکی ژ سەرێ من شاش بکە و من دووری هونەرێ بخە، ژ بەر ڤێ ئێکێ ژی من د تەمەنەکی بچووك دە خوە ناسکر و واتە یێ ئازادی و چاوا وەلاتەك ب تەڤاهیا خوە ببە زندانەك ژ بۆ تە.گەلەك جاران ئەز تەڤلی کۆما د بووم ب دزی و یەك ژ وان جاران بیر ئانینا ئێکەمین ژ بۆ هەلەبجە.. پشتی من مێر کر من یەکەمین بەرهەم تۆمار کر ژ ١٠ سترانا ب ناڤێ (مەستانە) د سالا ٢٠٠٢. پشترە گەلەك سترانێن یەکا یەك من چێکرن لێ هەر دەمەك د ناڤبەرا وان دە ڤالاهی دما تا کو کەسەك ئارکاریا من بکە تا کو ئەز گەهشتم ئەورووپا. ل ئەورووپا بەشداری گەلەك کۆنسێرت و نەورۆز و ئاهەنگا بووم و من بەرهەم ژ بۆ شنگال و عەفرین چێکر و هین ئەز بەردەوامم.

*** ئەو ئاستەنگ چنە دکەڤنە د ریا تەدا وەک هونەرمەند؟**

- براستی گەلەك ئاستەنگی و ئالۆزی دکەڤن پێشیا مە دە وەکە هونەرمەند بتایبەت ل ئەورووپا ژ بەر کو جەماوەر نییە یان ژی بەلاڤە ل باژاران (هەر کۆمەك ل باژارەکیە)ژ بەر هندێ هەمی کارێ هونەری یێ کو چێدبن د بن سیا کۆمەلە و رێکخستنا نە و هونەرمەند مەجبوورە ل گۆری پرەنسیبێ وان شەڤێ پێشکێش بکە، هەرووەسا هونەر کارەکی کۆلەکتیڤە و کەسێن کو بەشدارن هەر یەك ل باژارەکییە و دانە هەڤا وان ژ بۆ پرۆڤا کارێ خوە بکن زۆرە.

*** تو دکاری ب هونەری ژیانا خو بڕێڤە ببەی؟**

- ل ڤان وەلاتا هونەرمەند مەجبوورە کارەکی دی بکەت ژ بلی هونەرێ تا کو بکاری دەبارا ژیانا خوە بکە،هونەرمەند لێرە نەگهایە وێ ئاستا کو ژ هونەرا خور ژیان بکە.

*** هونەرمەنێ کورد کارینە مفایێ ژ تەکنۆلۆجیایێ وەربگرن؟**

- هونەرێ کوردی ژ بەر کو هونەرەك هەڤبەشە ژ هونەرا ژیانێ ب گشتی و تشتێ هەری کو کێفا مرۆڤ تینە و گەشبین دکە کو گەلەك هونەرمەندێ کورد کاریبوون کو ئەڤ تەکنۆلۆجیا کو د ناڤ دەستان دایە ب کار بینن بتایبەت ل باکور و باشوورێ کوردستانێ قوناغێن پر مەزن دەرباز کرنە،ب ئاوایەك گەلەکی جوان هونەرا خوە چێدکن.

*** هونەرمەندێ گەنج کارینە هونەرێ رەسەن بپارێزن؟**

- هونەرمەندێ کورد کاربوون تەکنیك و تەکنۆلۆژ یا نووژەن ژ بۆ هونەرا کوردی ب کار بینن ئەم د بینن گەلەك بەرهەم یێ کو ب دەنگێ نە مر تەحسین تاها، ئایشە شان، حەسەن زیرەك، محەمەد شێخۆ، محەمەد عەزیز، سەید یووسف... جوانێن مە کاریبوون هونەرا وان جارەکە دن تۆمار بکن ب رەنگەکێ هین بەدەوتر و نووژەن پێشکەش کرن تەڤلی کو گەلەك ستروومەنتێ نوو ب کار ئانین لێ روحێ وێ هونەرێ ژی پاراستن.

*** ئەو هونەرێ تێت پیشکێش کرن رەسەنایەتیا هونەرێ کوردی تێدایە؟**

- مـوزك ل گـۆری رتمـا ژیـان و جڤاكـێ تـێ ئافراندن و رۆژ رۆژ رتما ژیانێ هاتیە گوهەرتن،ژ بـەر ولـۆ ژی هونەرەکـە دن ب شـێوازەکی دن تـێ پێشـکێش کرن،لـێ جار دی ژی ئـەو بنگەهـا وی روحـێ کوردیە،ڤرکا کوردی، فلكلـۆرێ کـوردی یـە کـۆ ئـەم د بینـن هاتیـە پاراسـتن تەڤلی نووژەنیـێ ژی. هەلبـەت وێ کێماسـی و چەوتـی ژی دەرکەڤـن لـێ راسـتیێن وێ بێتـرن.

*** ل چ پارچەکا کوردستانێ پتر شیاینە هونەرێ کوردی بپارێزن؟**

- هـەر پارچـەك ژ کوردسـتان ب ئاوایەکـی کاریبـوو هونـەرا کـوردی یـا رەسـەن ب پارێزە وەکـە میناك:ل باکـورێ کوردسـتان گەلـەك هونەرمەنـد یـێ کـۆ بەرهەمێـن شـاکرۆ،زاهرۆ،مرادێ کنـێ ..ب شـێوایەکی نـووژەن و پـر بـەدەو پێشـکێش دکـن وەك مینـاك :ئایدیـن، دەلیـل دیلانـەر، ل رۆژهەلاتـێ کوردسـتان : کۆمـا کامـکارا ب ئاوایەکـی گەلەکـی خوەشـك کەڤنەتـۆرێ کـوردی ب رەنگـێ نـووژەن و رەسـەن پێشکێشـی جهانـێ کـرن. ل باشـووری کوردسـتان مینـاکا یەکـە میـن کـۆ تـێ بـەر چاڤ و بیـرا مـە هونەرمەنـد دلشـاد محەمـەد سـەعیدە کـۆ کاریبـوو ب تیپـێ ئورکەسـترا ب ئاوایەکـی. رەسـەن و نـووژەن پێشـکێش بکـە و بەرهەمێـن وان



ل بـەر چاڤـن وەکـە کەڤۆکـم یـا نـە مـر حەسـەن جـزراوی.

ل رۆژ ئاڤایـێ کوردسـتان:مخابن پاشکەتن، ژ بلی چەنـد بەرهەمێـن کـۆ ل سـەر تلیـان تێنـە ژمارتـن و ب ئاوایەکـی بـەدەو هاتـن پێشـکێش کـرن مینـاك برێـز مەحمـوود بـەرازی کـۆ چەنـد سـترانێن جـوان چێکـرن ..لـێ نـە ل گـۆری دانـا هونەرمەنـدێ مـە یـێ کەڤـن مینـا سـەید یووسـف،محەمەد شـێخۆ، محەمـەد عەزیـز، ئالـی شـاکر ...لـێ هەولـدان هەیە.هەمـی د زانـن کـۆ شـەرت و مەرجێـن رۆژاڤایـێ کوردسـتان نـە وەکـە هـەر سـێ پارچـێ دینـە ژ بـەر دەستهەلاتداریا رژیمـا باعـس و ئـەڤ ١١ سـال کـۆ رۆژ ئاڤـا د نـاڤ شـەر دە یـە.

*** هونەر ژ بو تە چ رامانەک هەیە؟**

- هەمـوو شـێوەیێن هونـەرێ ژ بـۆ کەیفخوەشـی و بەختەواریـا گوهـدار و بینـەران پەیـدا بوویـە د دتۆکـێ دە و ڤـێ رۆلـێ دلیـزە ژ دەسـپێکێ دە ب تایبـەت سـتران. هەمـوو رەنگـێ سـترانێ گوهدارەکـی وێ هەیـە و کەیفخوەشـیا خـوە تێـدە د بینە،هەتـا خەمگینـی و تراجیدیـا ژی تیپـەك ژ کێڤـێ یـە.

*** رەوشـا هونـەری ب گشـتی ل رۆژاڤایـێ کوردسـتانێ چەوایـە؟**

- دەمـا کـۆ شـۆرەش تێـن هەمـوو تشـتێ خـوە ب خـوەرە تینـن: هونەرمەند،هەلبەسـتڤان، وێنەکێـش، رەسـامێ خـوە ...یـێ کـۆ تەمسـیلا وێ شـۆرەشـێ دکـن و رۆژاڤایـێ کوردسـتان و باشـوور کاریبـوون گاڤـن پـر مـەزن د ڤـی واری دە بـدن و گەلـەك بەرهـەم یـێ کـۆ ژ هنـدرە شـۆرەشـێ دەرکەتـن چێکـرن.

*** پەیڤا تە یا داوێی چییە؟**

- هـەم ژ سـالێ نهـادە ژ ئـێ سـەردەمێ دە دەست پـێ بکـن شـۆرەش و هونـەرا کـۆ ب خـوەرە ئانـی گەلـەك هونەرمەنـدێ کـۆ تونـە بـوون د شـۆرەشـدە پەیدا بـوون. رۆژاڤا بووبوو مـالا ئەولەکاریـێ ژ بـۆ هەمـوو پەنابـەر و هونەرمەندێـن کوردسـتانێ،هەر کـۆ تەنگاسـی ل هـەر سـێ پارچـێ دن ژ کوردستان چێدبـوو هونەرمەنـدان بـەرێ خـو ددانـە رۆژاڤـا ژ بـەر ولـۆ ژی باندۆرەکـە پۆزەتیـڤ ل چانـد و هونـەرا رۆژاڤـا کـرن و د بـن شـەرت و مەرجان دە بەرهەمـێ کـۆ ل رۆژاڤـا پەیـدا بوونـە دیرۆکـەك و ئەرشـیفەکی پـر مـەزن و درێـژە مینـا سـاد گاباری،سـاید یووسـف، محەمـەد شـێخۆ، محەمـەد عەزیـز، باقـی خـدۆ .

# مۆنیکا خەونی بوون بە پارێزەری دەبینێت

**خانمە ئەکتەری ئیتاڵی مۆنیکا بیلۆتشی کە نزیکە پێ بنێتە تەمەنی ٦٠ ساڵییەوە، سەرەڕای ئەوەش بە یەکێك لە جوانترین ئافرەتەکانی جیهان دادەنرێت، بە جۆرێك پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی جوانترین ئافرەتی هەموو سەردەمەکان، هەر ئەو جوانییەش بوو کە وایکرد رۆڵی سەرەکیی هەبێت لە سەرکەوتنی گشت ئەو کارە هونەرییانەی بەشداریی تێدا کردووە.**



***

مۆنیکا ساڵی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی کاستیلۆی ناوەڕاستی ئیتاڵیا لەدایکبووە، ئەوەی سەیرە و ڕەنگە هەوادارانی مۆنیکا پێی نەزانن، ئەوەیە کە یەکێك لە ئاواتە سەرەکییەکانی ژیانی ئەوە بووە کە ببێتە پارێزەر، سەرەتا لە بواری نمایشی جلوبەرگ و مۆدێل کاری دەکرد و تا ڕادەیەك خوێندنی زانکۆی پشتگوێ خست بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەوەی ڕووی لە سەنتەری جلوبەرگی ئەوروپی کرد لە میلانۆ، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ژیانیدا هات و بوو بە یەکێك لە ناوە دیار و ناسراوەکانی بواری جلوبەرگ لە پاریس، دواتریش ناوبانگی گەیشتە نیۆیۆرك، دوای ماوەیەکی کورت کاروانی سینەمایی مۆنیکا دەستی پێ کرد، دوای ئەوەی چەند وانەیەکی نواندنی خوێند و لە چەند فیلمێکدا بە ڕۆڵی لاوەکی دەرکەوت، لەوانەش : La Riffa و Bram Stokers Dracula.

مۆنیکا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە بواری نواندن لە ساڵی ١٩٩٦ لە فیلمی The Apartment دورکەوت، کە تێیدا رۆڵی (لیزا)ی بینی، بەمەش کاروانی لە کاری نواندن دەستی پێ کرد و بوو بە یەکێك لە ئەستێرە جەماوەرییەکان، تەنانەت بوو بە نموونەی ئافرەتێکی جوان و سەرنجراکێش لەسەر ئاستی جیهان.

لە ساڵی ١٩٩٠ مۆنیکا بیلۆچی ژیانی هاوسەریی لەگەڵ وێنەگری ئیتاڵی کلاودیۆ کارلۆس پێك هێناو، ماوەی پێنج ساڵ هاوسەرگیرییەکەیان بەردەوام بوو، چونکە هاوسەرەکەی ڕازی نەبوو بچێتە بواری نواندن، لەیەك جیا بوونەوە، لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ جاری دووەم ژیانی هاوسەریی پێك هێنا، دوای ١٤ ساڵ بۆ جاری دووەم جیابووە، بێ ئەوەی هۆکارەکەی ئاشکرا بکرێت، بەڵام لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی MBC رایگەیاند کە دوچاری ناپاکیی هاوسەریی بووەتەوە، چونکە پیاوەکان ئافرەتی بەهێزیان ناوێت.

**سەرچاوە: گولولی**

# با هونەر قەڵغان

**ئەوە ناونیشانی سیمپۆزیۆمێك بوو، لە چوارچێوەی پرۆژەیەكی هونەری بە ناوی «ژینگە ژیانە»، لە شاری كفری بەڕێوە چوو. سیمپۆزیۆم زاراوەیەكی گریكە، بە كۆڕی ئەو دانیشتن و گفتوگۆیە دەگوترا كە تێیدا باسی وێژە، هونەر، فەلسەفە و كۆمەڵ دەكرا. بەو دیوەخانەش دەگوترا كە دەستەیەك لە كەسایەتی بۆ باس كردنی بابەتێك بانگێشت دەكرانە ئەوێ. لەم سەردەمەشدا، زاراوەی سیمپۆزیۆم، تەنیا ئەو كۆڕە دەگرێتەوە كە كۆمەڵێك پسپۆری بواری زانین و داهێنان بۆ گفتوگۆ كردن لە بارەی بابەتێكەوە، بە تایبەتی بابەتی هونەر،**

دەكرێ سیمپۆزیۆم بە ئامانجی هەمەجۆر بەڕێوە بچێت. یەكێك لەو سیمپۆزیۆمە گرنگ و كاریگەرانەی لە چەندین ڕەهەندەوە ڕەنگدانەوەی باشی هەبوو، سیمپۆزیۆمی (با هونەر قەلغانی ژینگە بێت)ـە، كە لە لایەن ڕێكخراوی ڕەنگ بۆ گەشە پێدان و ڕۆشنبیری، گرووپی كێژانی شێوەكاری كفری بە هاوكاریی كۆمپانیای گازپرۆم، لە شاری كفری بەڕێوە چوو.

بیرۆكەی پرۆژە و سیمپۆزیۆمەكەش لە وشك بوونی دەریاچەی باوە شاسوارەوە سەرچاوەی گرت. وشكە ساڵی و بێ بارانی و گۆڕانی كەش، دەریاچەی باوە شاسواری وشك كرد. هونەرمەندانی كفری ئەمەیان وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ژیان و ژینگەی دەڤەرەكە لێك دایەوە. لە چەندین شاری كوردستانەوە هونەرمەندانی شێوەكاریان بۆ بەشداری كردن لە سیمپۆزیۆمەكە بانگێشت كرد. كەرەستەی كار كردن لە تەختایی ڕۆژاوای بەنداوی باوە شاسوار بۆ هونەرمەندان ئامادە كرا، ئەو تەختاییەی تێیدا شاخ و شینایی، ئاسمان و ئاو و ئاسۆ، دار و بار و باڵندە ئاوێزانی یەك بووبوون. میوان و هونەرمەندان لە ڕووبەرێكی كراوەدا سەرنجی ژینگە و سروشتیان دەدا، دەیان دیمەنی سەرنج ڕاكێشی سروشت، ئامێزی جوانیی بێ سنووری خۆیان بە ڕووی هەمووانـدا كردەوە. دوای دوو ڕۆژ كار كردن، كۆمەڵێك تابلۆ و پەیكەر و ماكێتی سیرامیك ئامادە كران. دواتر تەواوی بەرهەمەكانی سیمپۆزیۆمەكە لە باكووری ڕۆژهەڵاتی شارەوە، لە بەنداوەكەوە بەرەو هۆڵێكی نێو شاری كفری گواسترانەوە و لە پیشانگایەكدا نیشانی مریدانی هونەر دران.





# ـــــــــی ژینگە بێت

**تێیدا کۆ دەبنەوە. گرد بوونەوەی کۆمەڵێك شێوەکار و بەشداری کردنیان لە دروست کردنی بەرهەمی هونەریی تایبەت بە بابەتێکی دیاری کراو، لە کۆتاییشدا نمایش کردنی سەرجەم بەرهەمەکان لە پیشانگایەکدا، بەمە دەگوترێت سیمپۆزیوم. لەم ساڵانەی دوایی لە چەندین شاری کوردستاندا سیمپۆزیۆمی جۆربەجۆر بەڕێوە چوون.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

بەرنامەڕێژییەکی زۆر باش بۆ پرۆژە و سیمپۆزیۆمەکەش کرا بوو، کە کۆتایی کانوونی یەکەمی ڕابردوو بەڕێوە چوو. قوتابیان و مامۆستایان، خەڵکی ئاسایی، بەرپرسانی مەدەنی و سەربازی و گەلێك چین و توێژی دیکەی دانیشتووی شار، سەردانی شوێنی بەڕێوە چوونی سیمپۆزیۆمەکەیان کرد، ڕەنگ و فلّچە و کانڤاس بۆ هەمووان خرا بووە بەر دەست. میوانانی سیمپۆزیۆم بوون بە بەشێك لە چالاکییەکە، ئازاد کران لەوەی چیی دەخوازن بە ڕەنگ بیکێشن. لە دانە ڕۆژێکدا سەدان کەس سەردانی شوێنی سیمپۆزیۆمەکەیان کرد. هەمووان تێکەڵ بە کەشی هونەر بوون، لە ڕێی هونەرەوە داوایان دەکرد هەموو لایەك بە هانای سروشت و ژینگەوە بێن، لەوە زیاتر دۆخی دژوار نەبێت. بە هاناوە چوونی ژینگە و پاراستنی لە پیس بوون و شێوان، کارێکە لە خزمەتی بەرەی مرۆڤایەتی، کە وا خەریکە زۆر سەخت باجی بایەخ پێ نەدانی دەدات. لە پاڵ ئەوەشدا، سیمپۆزیۆمەکە پشتیوانی و هاودەنگیی بۆ پێشمەرگە دەربڕی، کە لە باوە شاسوارەوە هێندە دوور نا، خوێنی ئاڵی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستاندا بە ئازادیی کوردستان بەخشی.

هونەرمەندانی کفری بەم چالاکییە توانییان هونەر بکەن بە بەشێك لە ژیانی هەر هاووڵاتییەکی شار، هونەریان کردە فاکتەرێکی کارا بۆ ڕاست کردنەوەی ڕەوشێکی ناجۆری ژیان و ژینگە، تا کار بە ئاراستەیەکی ئەرێنی هەنگاو هەڵێنێت. بە دڵنیاییەوە ئەم چالاکییە تاجی سەری هونەرە، چونکە هونەر دەکاتە هەوێنێك بۆ برەودان بە لایەنی گەشی ژیان و ڕامالّینی چەوتی و هەڕەشە و ناحەزی.







## کاڵێ کامران:

یاریزانی شمشێربازیی یانەی ئەفرۆدێت

# لە زۆرترین پاڵەوانێتیدا بەشداریم کردووە و ئاست و ئەنجامم بەرچاو بووە

یاریی شمشێربازی یەکێکە لەو یارییە تاکەکانەی کە لەسەر ئاستی کوردستان تا ئێستا گرنگییەکی ئەتۆی پێ نەدراوە، تا یاریزانی زۆرتر ڕوو لەم یارییە بکەن، بەشێك لە یانەکانی کوردستانیش تەنیا چەند یاریزانێکیان لەم یارییەدا هەیە و، ئاشنایەتییان لەگەڵی دروست کردوە، یاریزانانی یانەکانی کوردستانیش نەبوونی پاڵەوانێتی و گرنگینەدان بەم یارییە، بە هۆکار دەزانن بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێشوەچوونی زیاتر بەخۆی نەبینی، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی کوردستانیش کچە یاریزان (کاڵێ کامەران)ـە کە ماوەیەکی زۆرە لە شاری سلێمانی خەریکی ئەنجامدانی ئەم یارییەیە لە ریزی یانەی ئەفرۆدێت کاڵێ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە، گۆڤاری گوڵانیش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو لە نێو دونیای وەرزشییدا یاریی شمشێربازیت هەڵبژارد؟**

- لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بوو کە هاورێیەکانم دەبینی دەچوونە یانە و ڕاهێنانیان دەکرد، منیش لەو کاتەوە حەزم بۆ یارییەکە لا دروست بوو، لەو کاتەوە تا ئێستا لەم وەرزشە بەردەوامم و بەشداریی زۆرترین پاڵەوانێتی و چالاکییەکانم کردووە.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-ئاستی ئەم یارییەش وەکو هەموو یارییەکانی دیکە لەگەڵ دروستبوونی ئەو قەیرانە داراییەی کە کوردستانی گرتەوە، ئەویش بەرەو دواوە ڕۆیشتوە و بە ئێستاشەوە لە دابەزینداییە.

*** ئایا ئەم یارییە گرنگیی ئەوتۆی پێ دەدرێت؟**

- لە ڕاستیدا گرنگیدان بەم یارییە بە گشتی لە دەستی کاربەدەستان و لایەنە وەرزشییەکاندایە، کە تا چەند دەتوانن لە باری داراییەوە هاوکار بن بۆی.

*** کێشەو گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- کێشەکان زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی پێداویستیی یاریکردن، لەگەڵ ڕێکنەخستنی پاڵەوانێتی و کەمیی ڕاهێنان بۆ یاریزانان.

*** بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان چی بکرێت باشە؟**

- بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە پێویستی بە گرنگی پێدانی زیاتری ستافی ئەم یارییە لە گەورە تا بچووک هەیە، بۆ سەر لە نوێ گەڕانەوەی ئاستی جارانی.

***جگە لە شمشێربازی چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەیت؟**

- جگە لە وەرزشەکەی خۆم مامۆستام لە قوتابخانەی فەرەنسی، لەگەڵ دەستبەرکاربوونم لەگەڵیان، توانیم لە یاریی تۆپی پێی چالاکی قوتابخانەکان پلەی دووەم بەدەست بهێنم، جگە لەوەش بەردەوام وەرزشیی شاخەوانی ئەنجام دەدەم.

*** هەست ناکەی ڕێژەی کچ کەمە لەم یارییە؟**

- ئاستی کچان وەکو ساڵانی پێشوو نین، بەڵکو شان بە شانی کوڕان بەشداری پاڵەوانێتییەکان دەکەن و ئەنجامی باش بەدەست دەهێنن.

*** خانەوادەکەت تا چەند گرنگی بە تواناکانت دەدەن؟**

- بێگومان پشتگیریی خانەوادە لە پێش هەموو شتێکەوەیە، بەتایبەت بۆ کچان، منیش هەموو کات بە متمانەی ئەوانەوە یاری دەکەم.

*** هیواو و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێکی شمشێربازی چین؟**

- هیوای من ئەوەیە کچانی کوردستانیش بتوانن ئەنجامی باشیان هەبێ و لە هەموو یارییەکاندا و، ناویان لە پاڵەوانێتیە جیهانییەکان هەبێت.

*** ئەنجامەکانت وەکو یاریزان تائێستا چی بوون؟**

- وەکو کچانی سلێمانی لە زۆرترین چالاکی و پاڵەوانێتی و یاریی دۆستانەدا بەشداریم کردووە و ئاست و ئەنجامم بەرچاو بووە، وەکو تاکیش چەند جارێك پلەکانی دووەم و سێیەم بەدەست هێناوە.

*** پلانی داهاتووت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-پلانی داهاتووم بەستووەتەوە بە قوتابیەکانی قوتابخانەکەمەوە و کاری زۆر باشم کردووە بۆیان.

*** بڕیارت نەداوە تیپێکی شمشێربازی دروست بکەیت؟**

- بۆ دروستکردنی تیپێك لەم کاتەدا دەبێت لایەنی ماددیی باشت هەبێت، یان چاوەڕێ بکەیت تا کەسێك پشتگیریت بکات بۆ ناساندنی تیپەکە و دابینکردنی پێداویستیەکانی یارییەکە، لەم کاتەدا هیچیان ئاسان نییە.

*** خاوەنی چەند بڕوانامەی وەرزشیت؟**

- ژمارەیەك بڕوانامەی وەرزشیشم بەدەست هێناوە، لەوانە بڕوانامەی نێودەوڵەتیی (IATD) لە (توانای جەستەیی، ئایرۆبیك) بڕوانامەی فریاگوزاریی سەرەتایی، جگە لەوەی پەیمانگەی وەرزشیم تەواو کردوە و یەکێکم لە یەکەمەکانی کۆلێجی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی وەرزشکارانی ناوخۆ، هیوادارم بەردەوام بن لە خزمەتکردنی وەرزشکارانی کوردستان.

# یانەی بەرشلۆنە کارەکانی نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانانی ڕاگرت

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا و نزیك لە یانەی بەرشلۆنە بڵاویکردەوە، کارگێڕیی یانە کەتەلۆنییەکە بڕیاریداوە کارەکانی نوێکردنەوەی گرێبەستی سەرجەم یاریزانەکانی ڕابگرێت، کە گرێبەستیان تەواو دەبێت، بۆ ئەوەی کار بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی نویێ بکات.

ڕۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆی نزیك لە یانەی بەرشلۆنە دەڵێت: کارگێڕیی یانەکە بڕیاریداوە لەم ماوەیەدا گفتوگۆ لەبارەی نوێکردنەوەی گرێبەستی هیچ یاریزانێك ناکات، بۆ ئەوەی گوشار نەخاتە سەر یاریزانەکانی و کاریگەریی نەبێت لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکاندا، بۆیە سەرجەم گفتوگۆکان بۆ ئەو کاتە هەڵدەگرێت، کە یاریی نەبێت، لە ئێستاشدا هەریەکە لە عوسمان دێمبێلی، جیرارد پیکێ، سێرخی ڕۆبێرتۆ، گاڤی و چەند یاریزانێکی دیکەی بەرشلۆنە گرێبەستەکانیان بەرەو تەواوبوون دەچێت و، داهاتوویان لەگەڵ یانەکە دیارنییە، بەڵام بەرشلۆنە نایەوێت پەلە بکات، لە کاتێکدا یانەکە لە بارودۆخێکی هەستیاردایە و لە سەرەتای دروستکردنەوەی تیپەکەدایە.

بەرشلۆنە بە قەیرانێکی دارایی قوڵدا تێپەڕی، بەو هۆیەوە مووچەی بەشێکی زۆری یاریزانەکانی کەم کردەوە، ئێستاش یانەکە بە سەرۆکایەتیی خوان لاپۆرتا دەیەوێت بۆ گواستنەوەی هاوینی داهاتوو بەهێزەوە خۆی ئامادەبکات، ئامانجی یەکەمی یانەکەش گواستنەوەی ئێرلینگ هالاند، ئەستێرەی نەرویژیی یانەی برووسیا دۆرتموندە، کە لە گواستنەوەی هاوینەدا مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی بۆ ٧٥ ملیۆن یۆرۆ کەم دەبێتەوە.

پێشتر میدیاکانی ئیسپانیا بڵاویکردبووە، بەرشلۆنە ئامادەیە مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە جێبەجێبکات و پاداشتی هەریەکە لە مینۆ ڕایۆلا، بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانەکە و باوکی هالاند بکات.





# ئەجاکس قەرەبووی نووری دەکاتەوە

یانەی ئەجاکسی هۆڵەندی دانی بەوەدانا، کە کەمتەرخەمیی کردووە لە کاتی تووشبوونی یاریزانی پێشووی، عەبدولحەق نوری بە جەڵتەی دڵ و، ڕایگەیاند: لەگەڵ خانەوادەی یاریزانەکە ڕێککەتووە و بە پارە قەرەبوویان دەکاتەوە.

یانە هۆڵەندییەکە لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا ڕایگەیاند: بڕی ٧,٨٥ ملیۆن یۆرۆ وەك قەرەبوو دەدەینە خانەوادەی عەبدولحەق، کە لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠١٧ لە یارییەکی دۆستانەدا تووشی جەڵتەی دڵ بوو.

ئیدوین ڤان دێر سار، بەڕێوەبەری گشتیی یانەی ئەجاکس، ڕایگەیاند: هەموومان درك بەوە دەبەین، کە مەینەتییەکانی عەبدولحەق و خانەوادەکەی کۆتاییان نەهاتووە و، هێشتا دۆخەکە زۆر خەمگینە.

عەبدولحەق نوری، کە ئێستا تەمەنی ٢٤ ساڵە، ڕۆژی ٨ی٧ی ٢٠١٧ لە نەمسا لە یارییەکی دۆستانەی نێوان ئەجاکس و ڤێردێربرێمەنی ئەڵمانیدا تووشی جەڵتەی دڵ بوو، بەهۆیەوە زیانێکی زۆر بە مێشکی گەیشت و ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ بە بێهۆشی مایەوەو خانەوادەکەی لە ماڵەوە چاودێرییان دەکرد.

لە ئاداری ٢٠٢٠دا یانەی ئەجاکس هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی یاریزانەکەی ڕاگەیاند، کە لە مانگی شەشی ٢٠١٨ خانەوادەی عەبدولحەق لای لیژنەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی سکاڵایان لەسەر یانەی ئەجاکس تۆمارکرد و، داوای قەرەبوویان کرد.

لە نوێترین پێشهاتدا، یانە هۆڵەندییەکە دانی بەوەدا نا، کە لە کاتی چارەسەریدا کەمتەرخەم بوون، بۆیە خانەوادەی یاریزانەکە بە ٧ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار یۆرۆ قەرەبوو دەکاتەوە، دووپاتیشیکردەوە، کە لەوەتەی هاوینی ٢٠١٧ەوە یانەکە خەرجییەکانی چارەسەری یاریزانەکەی لە ئەستۆ گرتووە و بەردەوامیش دەبێت.

بە قسەی برای عەبدولحەق، ئێستا یاریزانەکە لە کۆمادا دەرچووە و دەتوانێت دەوروبەری خۆی بناسێتەوە، بەڵام هێشتا لە نێو جێگەدا ماوەتەوە.

## ئێمباپێ

# مەرجی بۆ پاریس داناوە تا گرێبەستەکەی نوێبکاتەوە

تا دێت ئەگەری مانەوەی کیلیان ئێمباپێ لەگەڵ یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی زیاتر دەبێت، یانەی ڕیال مەدریدیش هۆشداری دەداتە یاریزانەکە. کیلیان ئێمباپێی ئەستێرەی فەرەنسی هەندێك نەرمی نواندووە و ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە ڕازی ببێت گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی پاریس سانت جێرمان نوێبکاتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە بەپێی میدیای فەرەنسا کارگێڕی یانەی پاریس سانت جێرمان بە بەڕێوەبەری کارەکانی ئێمباپێی ڕاگەیاندووە، کە ئامادەیە مووچەی هەفتانەی کیلیان بۆ ١,٢ ملیۆن یۆرۆ بەرزبکاتەوە، کە بەرزترین مووچەی یاریزانە لە مێژوودا.

ئەم هەواڵە بەرپرسانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی و، بەتایبەتیش فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەکەی زۆر نیگەران و تووڕە کردووە، چونکە پێشتر کیلیان بەڵێنی بە پێرێز داوە کە بەبێ بەرامبەر دەچێتە ڕیزەکانی ڕیال مەدرید.

فلۆرێنتینۆ پێرێز هەڕەشەی لە کیلیان ئێمباپێ کردووە و هۆشداری ئەوەی پێداوە، ئەگەر ئەمساڵ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕیال مەدریدەوە نەکات و گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان نوێبکاتەوە، هەرگیز جارێکی دیکە دەرێسی یانەی ڕیال مەدرید لەبەرناکاتەوە.

یەکەم مەرجی کیلیان ئەوەیە، کە دەبێت ئەستێرەی یەکەمی یانەکە بێت و لە هیچ یەکێك لەو شوێنانە یاری پێنەکرێت، کە لیۆنێل مێسی و نەیمار داسیلڤا یاری لێ ناکەن.

مەرجێکی دیکەی ئێمباپێ ئەوەیە، کە دەبێت خۆی جێبەجێکاری یەکەمی لێدانەکانی سزا بێت لە تیپەکەدا، نابێت هیچ لێدانێکی سزا لە لایەن مێسی یان نەیمار جێبەجێبکرێت تاوەکو ئەو لە نێو یاریگەدا بێت.

ئێمباپێ دەیەوێت تیپێکی بەهێز دروست بکەن، کە بە هێنانی چەند یاریزانێکی گرنگ بتوانن ڕکابەریی لەسەر نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بکەن.

ئێمباپێ ٢٠١٧ بەشێوەی خواستن لە یانەی مۆناکۆی فەرەنسییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی پاریس سانجێرمانەوە کرد و ساڵی ٢٠١٨ بەرامبەر بە ١٤٥ ملیۆن یۆرۆ، بەیەکجاری بووە یاریزانی پاریس سانت جێرمان.

سێ نازناوی خولی فەرەنسای لەگەڵ پاریس سانت جێرمان بەدەستهێناوە.

سێ نازناوی جامی فەرەنسای لەگەڵ پاریس سانت جێرمان بردووەتەوە.

سێ جار بووەتە گۆڵکاری خولی فەرەنسا.

سێ جار بووەتە باشترین یاریزانی خولی فەرەنسا.



## محەمەدعەبدولخالق:

# هەوڵ دەدەم ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم



تیپی باسکەی یانەی غازی شیمالی شاری کەرکووك ئەم وەرزە بە مۆرکردنی چەند گرێبەستێك، دەیەوێت شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لە خولی باسکەی نایابی یانەکانی عێراقی، ئەم وەرزەش کارگێڕیی یانەکە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی بەتوانای کوردستان و هەڵبژاردەی عێراق محەمەد عەبدولخالق مۆرکردووە، کە یەکێکە لە ئەستێرە بەتواناکانی یاریی باسکە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان،

لە بارەی چوونی بۆ ڕیزی یانەی غازی شیمال محەمەد عەبدولخالق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی گرێبەستی زۆرم بۆ هات، بەڵام من لە ناو هەموو گرێبەستەکاندا یانەی غازی شیمالم پەسەند کرد، جگە لە یانەی غازی شیمال لەگەڵ هەڵبژاردەی باسکەی عێراقیش بەردەوامم و، زۆر خۆشحاڵم بە یاریکردن لە ڕیزی ئەم یانەیە و، دەمەوێت ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم و ناوی یانەکەش بە گەورەیی بمێنێتەوە، ئەگەر بۆ وەرزی داهاتوو یانەکە یەك دوو گرێبەستی باش بکات، ڕەنگە لە یانەکە بەردەوام بم، بەڵام ئەگەر بارودۆخێکی تریش بێتە پێش، پێشبینی دەکەم بچمەوە شاری بەغدا، ئەنجامەکانیشمان زۆر باشە لە خولی نایابی عێراقی، ئەمساڵ یانەکە هیوای زۆری هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئە نجامی گەورە بەدەست بهێنێت»، محەمەد گوتیشی: «خولەکانی عێراقی زۆر بەهێزە و یانەکان هەموویان کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن، ئێمەش وەکو یاریزانانی کورد دەمانەوێ ناوی خۆمان بەرز بکەینەوە لەسەر ئاستی عێراقی، تا ئێستاش هیچ کێشەو گرفتێکم نییە لە یانەکە و، ئاواتی من ئەوەیە بتوانم ئاست و ئەنجامی گەورە بۆ یانەکەی شاری کەرکووك بەدەست بهێنم».

# یانەی هەڵەبجە کێشەی دارایی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵەبجەی شەهید ساڵانی ڕابردوو شەڕی سەرکەوتنی بۆ خولی نایابی کوردستان دەکرد، بەڵام ئەم وەرزە تەنانەت نەیتوانی لە ڕیزبەند یانەکان بێتە پێشەوەی یانەکانیش، لەم بارەشەوە ئەردەلان سەلاح سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵەبجەی شەهید سەبارەت بە خراپیی ئەنجامی تیپەکەیان





# یانەی سۆران داوای پێداچوونەوە دەکات

دوای ئەوەی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە یاریی یانەی وەرزشیی سۆران بەرامبەر یانەی ئارارات، لە نێوان گێمەکانی یاریکردن شەڕ و ئاژاوە دروست بوو، بەم هۆیەشەوە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سزای یانەی سۆرانی دا بە هەژمارکردنی دۆڕان بە ئەنجامی (٣-٠) گۆڵ بۆ بەرژەوەندیی یانەی ئارارات، لەم بارەشەوە یانەی سۆران داوای پێداچوونەوەی لە فیدراسیۆنی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کردووە، لەم بارەشەوە مامۆستا فەرمان ئیسماعیل ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی سۆران، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە تانەمان لەو بڕیارەی یەکێتی تۆپێی کوردستان داوە و، داوای پێداچوونەوەمان کردووە لە یەکێتییەکە بەهۆی سزاکە و ئەنجامی یارییەکە، کە شێوەیەکی قانوونیی نەگرتووە، کێشەیەکی بچووك بووە و چارەسەریش بووە، بەبێ هیچ فیکەیەکی ناوبژیوان یارییەکە بە کۆتایی هاتووە، کە بە تەلەفۆن کراوە، ئێمەش چاوەڕوانی ئەوان دەکەین، ئەگەر ئەوان هەر بەردەوام بن ئێمەش هەڵوێستی دیکەمان دەبێت، چونکە ئەو یانەیە خەخمۆری زۆرە لە ئیدارەی سۆران، بڕیاری کشانەوەش لە خولەکە تەنیا یانەکە نایدات، بەڵکو ئیدارەی سۆران و بەرپرسانی دیکەش بڕیار دەدەن، یەکێك لە پێش هاتەکانیش کشانەوەیە لە خولەکە، داوا لە سەرۆکی حکومەتیش دەکەین لیژنەیەك دروست بکات و بە فەرمیش داوامان لێ کردوە بۆ بەداوادچوون لە سەر ئەنجامی ئەو یارییە، چونکە ئەنجامەکە پێچەوانەی یاسایە».

لەم وەرزە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە کێشەی داراییمان هەیە و یاریزانانی یانەکەمان بایکۆتی یاریکردنیان کردووە، جگە لەوەش ئەو تیپەی ئێستا یاریزانەکانی هەماهەنگییان بەیەکەوە نییە، جگە لەوەش یاریزانانی هەموو کوردستان و عێراق لە خولدان لە پلە و ئاستەکان، سێ مانگە لەم یانەیە ستافی نوێ دەست بەکاربووە و جگە لە من سەرجەمییان ئەندامی نوێین، دواتریش ئێمە ڕاستەوخۆ بەشداریی خولی پلە یەکەکانمان کردووە و لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئێستا خولی لاوان و تازەپێگەیشتوانیش دەستی پێکردووە» لە بارەی پلانەکانی یانەکە سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵەبجەی شەهید گوتیشی: « پلانی ئێمە دروستکردنی تیپەکانی یانەیە لە ئاستەکانی خوارەوە، بۆ ئەوەی تیپی یانە بن، نەك یاریزانی کەسانێك بە ئیعازی ئەوان هەڵسوڕێن، ئەوەی لە توانامانـدا بێت بۆ سەرخستن و باشترکردنی تیپەکانی یانەی هەڵەبجەی شەهید، ئەنجامی دەدەین و دەمانەوێت ناوی هەڵەبجە بە باشترین شێوە بەرز بکەینەوە، پلانی باشترمان دەبێت بۆ ئەوەی یانەی هەڵەبجە بچێتە قۆناغی تازەوە و، هەوڵ دەدەین ئاست و ئەنجامی باشتریش دەستەبەر ببێت لە سەرجەم یارییەکاندا.






# ئایا خواردنەوەی قاوە لە نەخۆشیی شەکرە دەتپارێزێت؟

گەلێك لێكۆڵینەوە باس لەوە دەكەن كە خواردنەوەی قاوە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەكرەی جۆری دوو كەم دەكاتەوە. لە دواپین لێكۆڵینەوەی وڵاتی سویددا هاتووە، كە تەنیا قاوەی فلتەركراو ئەم ئامانجە دەپێكێت و ڕیسكی تووشبوون كەم دەكاتەوە، توێژەرانی سویدی چەند ماددەیەكی ماركەری بایۆلۆژییان Biomarkers لە خوێندا دەستنیشان كردووە پاش خواردنەوەی قاوەی جۆراوجۆر، پاشان ئاماژەیان بەوە كردووە كە ئەو كەسانەی ڕۆژانە دوو بۆ سێ كوپ قاوەی فلتەركراو دەخۆنەوە، بەراورد بەو كەسانەی كە ڕۆژانە كەمتر لە یەك كوپ قاوە دەخۆنەوە، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی شەكرەی جۆری دوو تا ڕێژەی ٦٠٪ كەم دەبێتەوە. سوودەكانی دیكەی قاوە بریتین لە: هاندانی فرمانەكانی مێشك، سووككردنی نیشانەكانی خەمۆكی، تاودانی میتابۆلیزم و زیاتر سووتاندنی چەوری، كەمكردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی ئەلزهایمەر و نەخۆشیی پاركینسۆن، باشتركردنی تەندروستیی جگەر بە پاراستنی لە ئەگەری مۆمبوون و شێرپەنجە. لە لایەكی دیكە زیاد خواردنەوەی قاوە واتە بڕی زیادی كافائین كە هۆكارە بۆ تێكچوونی خەو، پەستی، نارەحەتی، نارەحەتیی گەدە، دەستلەرزین Tremor، لەگەڵ زیابوونی لێدانەكانی دڵ.

## ئۆمیكرۆن
## هاندەرە بۆ هەوكردنی كۆئەندامی دەمار

توێژەرانی ڕووسی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی كە گۆڕدراوی ئۆمیكرۆن لەوانەیە ببێتە ئەگەری ئاڵۆزی لە شانەكانی مێشك و كۆئەندامی دەرماردا، ئاماژەیان بەمەش كردووە كە گۆڕدراوی ئۆمیكرۆن، دەبێتە هۆی كۆڤیدی درێژمەودا Long covid لە گەورەكاندا و، هەوكردنی كۆئەندامی دەمار و كۆئەندامی دیكەی لەش لە گەنجەكاندا، هەروەها لە ئەنجامی چەندین لێكۆڵینەوەدا هاتووە كە گۆڕدراوی ئۆمیكرۆن كەمتر لە توانایدایە كە هەوكردن لە سییەكاندا دروست بكات، بۆیە ژمارەیەكی كەمی تووشبووان پێویستییان بە ئۆكسجین و ئامێری هەناسەی دەستكرد Ventilator دەبێت، ئەگەرچی ژمارەیەكی زۆری تووشبووانی ئۆمیكرۆن لە نەخۆشخانەكاندا دەخەوێنرێن. لە سەرەتای پەتای كۆڤید ١٩دا تووشبووان دوچاری گرفتی سەخت لە كۆئەندامی دەماردا دەبوون، بەڵام وا پێدەچێت كە گرفتەكە سووكتر بێت لە تووشبووانی گۆڕدراوی ئۆمیكرۆندا، ئەوەش ڕوونكراوەتەوە كە ئۆمیكرۆن لەوانەیە ببێتە ئەگەری هەوكردن لە زۆربەی كۆئەندامەكانی لەش لە منداڵانی تووشبوودا هاوكات لەگەڵ نیشانە باوەكانی وەكو سەرئێشە، ماندووبوون، كڕانەوەی قوڕگ، كۆكەی وشك، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، لەگەڵ كەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن.





# ئەو هۆكارانەی زیان به جگەر دەگەیەنن



جگەر Liver ئەندامێكی زۆر گرنگە، چونكە زیاتر لە ٥٠٠ فرمانی گرنگ ڕادەپەڕێنێت، بۆ نموونە: ئاستی زۆربەی مادده كیمیاییەكان لە خوێندا ڕێك دەخات و شلەی زەرداو Bile دروست دەكات، لەش لە گەلێك ماددەی زیانبەخش ڕزگار دەكات، هەروەها ئاستی شەكری خوێن ڕێك دەخات.
ئەو هۆكارانەی كە زیان بە جگەر دەگەینن بریتین لە: بڕی زیادی شەكر لەوكاتەی كە جگەر شەكری فركتۆز بەكاردێنێت و دەیگۆڕێت بۆ چەوری، دەرەنجام بڕی زیادی شەكر دەبێتە هۆی زیاد كۆبوونەوەی چەوری لە خانەكانی جگەردا، بەكارهێنانی هەندێك دەرمانی گیایی، كێشی زیادی لەش و قەڵەوی كە دەبێتە ئەگەری كۆبوونەوەی بڕی زیادی چەوری لە خانەكانی جگەردا، كە ئەویش دەبێتە هۆی ئاوسانی جگەر، كە ئەگەر زوو چارەسەرنەكرێت ئەوا بەرەبەرە پەرەدەسێنێت بۆ مۆمبوونی جگەر Crrhosis، خوادنەوەی شلەمەنییە شیرینكراوەكان و خواردنەوە گازدارەكان Soft drinks، زیاد بەكارهێنانی پاراسیتامۆل، بەكارهێنانی بڕی زیادی ڤیتامین A، چەورییە نێوەندەكان Trans Fats یان زەیتە هایدرۆجینكراوەكان كە هاندەرن بۆ زیادبوونی كێشی لەش و زیان بە جگەر دەگەیەنن، خواردنەوە ئەلكهولییەكان كە دەبنە هۆی هەوكردن و تێكدانی خانەكانی جگەر و مۆمبوونیان.

# چۆن گورچیلەکانت دەپارێزیت؟

گورچیلەکان ئەندامی زۆر گرنگن بۆ پاڵاوتنی خوێن لە پاشەڕۆ و مادده زیانبەخشەکان، هەنگاوەکانی پاراستنی گورچیلەکان بریتین لە:

- دووركەوتنەوە لە زیاد بەكارهێنانی هەندێك جۆری دەرمان بە بێ ڕێنمایی دکتۆر.
- هەڵبژاردنی خۆراکی تەندروست و دووركەوتنەوە لە بڕی زیادی شەکر و خوێ و چەوری.
- ڕۆژانە خواردنەوەی بڕی زیادی ئاو زۆر گرنگە بۆ گورچیلەکان، یەکەی فلتەرە وردەکانی گورچیلە بە بێ بڕی باشی ئاو دوچاری هەوکردن دەبن و، ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە زیاد دەبێت.
- مەشقی وەرزشی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشییانەی کە زیان بە گورچیلەکان دەگەیەنن، وەك زیادبوونی کێش و قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.
- دووركەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان، چونکە دەبنە ئەگەری کەمبوونەوەی شلەی لەش، کە کاریگەریی نەرێنی بۆ گورچیلەکان دەبێت.
- دووركەوتنەوە لە جگەرەکێشان، چونکە هاندەرە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی گورچیلە و کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ گورچیلەکان، ئەویش لە ڕێگەی تێکدانی بۆرییەکان خوێن کە دەگەنە گورچیلە.
- بەسەرکردنەوەی تەندروستیی گورچیلەکان بە شێوەیەکی دەوری، بەتایبەتی لە تووشبووان بە نەخۆشیی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، یان بوونی مەیلی خێزانی (بۆماوەیی) بۆ پەککەوتنی گورچیلە.





# چۆن پلاستیک دەبێتە هۆی قەڵەوی؟

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا، توێژەرانی نەرویجی جەختیان لەمە کردووەتەوە کە مادده کیمیاییەکانی ناو ئەو پلاستیکانەی بە شێوەیەکی باو بەکاردێن، وەکو بوتڵی پلاستیکی ئاوی خواردنەوە و قوتووی پلاستیکی خۆراك، لەوانەیە کە ببنە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش، ئەو پلاستیکانە تێکەڵاوێکی ماددەی کیمیایی لەخۆ دەگرن، کە هۆکارن بۆ زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی. پلاستیك هەزاران ماددەی کیمیایی لەخۆدەگرێت کە هەندێکیان دەچنە ناو لەش و کاریگەریی دەکەنە سەر کرداری میتابۆلیزم Metabolism و کێشی لەش، پاش شیکردنەوەی نزیکەی ٣٤ جۆری ئەو پلاستیکانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێن، وەك: قوتووەکانی ماست، بوتڵی ئاو و شەربەت و شلەمەنییەکانی دیکە، لەگەڵ ئیسفەنجی پاککردنەوەی چێشتخانەدا، دەرکەوتووە کە زیاتر لە ٥٥،٠٠٠ ئاوێتەی کیمیایی لەخۆ دەگرن، لەمانە ٦٢٩ ماددەی کیمیایی کاریگەری دەکەنە سەر میتابۆلیزمی لەش (کرداری گۆڕینی خۆراك بۆ وزە) و کێشی لەش و خەزنکردنی چەوری، پێشتر ڕای زانایان وابوو کە زۆربەی مادده کیمیاییەکانی پێکهاتەی پلاستیك جێگیرن، بەڵام لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە کە ژمارەیەکی زۆری ماددەی کیمیایی لە پلاستیکی جۆراوجۆردا جیا دەبنەوە و دەچنە ناو خۆراك و خواردنەوەکان، ئینجا کە دەگەنە لەش، دەبنە هۆی تێکدانی میتابۆلیزم و هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان.

# بە نیشانەکانی پەستی ئاشنا بە



هەر کەسێك لەوانەیە کە لە هەر کاتێکی ژیانیدا دوچاری پەستی Anxiety بێتەوە. گرفت لەوکاتەدا دەست پێدەکات کە تووشبوو بە پەستی، نەتوانێت کاروچالاکیی ڕۆژانەی بە دروستی ئەنجام بدات، پەستی ئەگەر بەردەوام بێت، هۆکارە بۆ تیکچوونی کاروچالاکیی ڕۆژانە و گرفت لە ڕێکخستنی کارەکاندا. بۆ خۆپاراستن لە هەستی ناخۆش، لەوانەیە کە کەسی تووشبوو دوور بکەوێتەوە لە هەندێك شوێن و کەسانی دەوروبەر. نیشانەکانی پەستی لەوانەیە کە لە تەمەنی منداڵی، یان نەوجەوانیدا دەست پێ بکەن و بە درێژایی تەمەنی پێگەیشتن بەردەوام بن، هەر کە درکت بە نیشانەکانی پەستی کرد، ئەوا خۆشبەختە لەوانەیە کە بتوانیت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. گرنگترین نیشانەکانی پەستی ئەمانەن: هەستکردن بە نائارامی و ناڕەحەتی، زوو هەڵچوون، گرژبوونی ماسوولکەکانی لەش، گرفت لە کۆنترۆڵکردنی هەستکردن بە نیگەرانی، گرفت لە تەرکیزکردندا، ناجێگیربوونی بیروڕا و دوودڵی لە هەڵبژاردن و بڕیارداندا، گرفت لە نووستندا بە شێوەی گرفت لە چوونە خەو، یان پچڕبوونی خەو، پەشیمان بوونەوە لە دواساتەکانی پاش بڕیاردان، هەروەها هەڵبەزین و دابەزینی کێشی لەش.

# ئەنکەر بە دەستی پــــــ

**لە پێشانگای ساڵانەی CES2022دا ئەگەرچی بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کرۆنا، زۆر کۆمپانیای گەورە لە پێشانگاکە کشانەوە، بەڵام بەو حاڵەش زۆر کۆمپانیای دیکە هاتبوون و بەشداری بەرچاویان هەبوو. یەکێك**




## بچووکترین ئامێری بارگاوی کردن

لە پێشانگای CESدا ئەنکەر چەند ئامێرێکی شەحنکردنەوەی خستەڕوو، یەکێك لەو ئامێرانە an-ker736 بوو، دیارە جگە لەو ناوە بە Nano II 100W یش ناسراوە. ئامێرەکە دەتوانێت ١٠٠ وات بۆ دوو پۆرتی USB-C و پۆرتێکی USB-A دابین بکا. لەیەك کاتدا ٣ ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە. دەکرێ بڵێین ئەوە بچووکترین شەحنکەرەوەی سەد واتییە. شەحنکەرەوکە زۆر خێرایە. هەم شەحن دەکاتەوە و هەم پاوەربانکیشە، واتە ئەگەر کارەباش بڕا، خۆی شەحنی ئامێرەکان دەکاتەوە.




## زەنگی زیرەکی دەرگا کەسەکان دەناسێتەوە

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، جەرسی دەرگا هەر ئەوە نییە یەکێك لە دەرەوەی دەرگا پلاکی تایبەتی دابگرێت و لە ژوورەوە دەنگی زەنگ لێدان بێت. ئێستا زەنگی دەرگا هۆشمەندە، بەرامبەرەکە دەبینی و دەتبینیێ. زەنگی دەرگا ئەوەی لە پشت دەرگایە دەیناسێتەوە، ئەگەر ناسیەوە بەبێ ئەوەی لە دەرگاش بدا، دەرگا دەکرێتەوە و زۆر تایبەتمەندی دیکەش.

کۆمپانیای Anker زەنگێکی دەرگای لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خستەڕوو کە بە Security Video Doorbell Dual ناسراوە. کامێرایەکی جۆری 2Kی لەسەرە و کامێرایەك فول ئیچ دیش بۆ ئەوەی هەرچی بە بەردەرگادا بڕوات نیشانی بدات و وەك کامێرای چاودێری. زەنگە زیرەکەکە ئەندامانی ماڵەوە دەناسێتەوە و دەرگایان بۆ دەکاتەوە.




## وزەی گەڕۆک بۆ گشت ئامێرەکان

لە پێشانگای CESدا ئامێرێکی دیکەی کۆمپانیای ئەنکەر کە خرایەڕوو، وزەیەکی گەڕۆك بوو. وزەی گەڕۆك کە واتە پاوەڕ ستەیشن، جیاوازی هەیە لەگەڵ پاوەربانك. پاوەربانك بچووکە و دەتوانێت ئەوپەڕەکەی چەند ئامێرێك شەحن بکاتەوە، بەڵام پاوەر ستەیشن گەورەترە و تواناکانی زیاترن.

پاوەرستەیشنی ئەنکەر کە بە جۆری Power-House 512Wh ناسراوە، وزەیەکی گەڕۆکە و تارادەیەك گەورەیە و زۆربەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە دەتوانن سوودی لێوەربگرن. شوێنی دانانی چوار پلاکی کارەبای هەیە. لەگەڵ چەندین پۆرتی تایبەت بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان. هەروەها گلۆپێکی تایبەتیشی لەسەرە بۆ رووناککردنەوەی دەوروبەر. ئامێرەکە جگە لەوەی گرنگی زۆرە بە کەمتر لە دوو کاتژمێر شەحن دەبێتەوە.

# ـــــــــرەوە هاتبوو بۆ پێشانگا

**لەو کۆمپانیایانە، Anker بوو. لە پێشانگادا زۆربەی ئەو ئامێرانەی تایبەتن بە ئامێرە زیرەکەکان و لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوە بەرهەم هاتبوون نیشاندران. سەرنجتان بۆ بەشێك لە بەرهەمەکان رادەکێشین.**



## کامێرای تایبەت بە پارکینگەکان

ئامێرێکی دیکە کە ئەنکەر لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خستەڕوو، کامێرایەکی چاودێری تایبەت بە پارکینگ بوو. ئامێرەکە بەناوی eufy garage control cam ناسراوە. ئامێرەکە نە تەنیا لە رێگای دوورەوە دەرگای پارکینگ دەگاتەوە، بگرە خاوەنی کامێرایەکی چاودێرییە کە لە بن میچی پارکینگ دادەنرێ و دەتوانێ تا ٣٢ گیگابایت ڤیدیۆ تۆمار بکات. کامێراکە بە کوالیتی فول ئیچ دی فیلم هەڵبگرێتەوە. کامێرا چاودێرییەکە هەرکاتێك هەست بەوە بکا کە کەسانی نامۆ بەرەو پارکینگ و شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبیل دێن، بەکارهێنەرەکەی بە کورتەپەیامێك ئاگادار دەکاتەوە.




## ئامێرێک بۆ وێبنار و وۆرکشۆپە ئۆنلاینەکان

بۆ سیمینار و وێبنار و کۆڕ و کۆبوونەوە ئۆنلاینەکان، یا بۆ چات و گفتوگۆ تاکەکەسییەکان، پێویستی بە وێبکەمێکی بەهێز هەیە، لەگەڵ ئەوەیدا پێویستە مایك و سپیکەرێکی باشیشت لەلابێ. رەنگە ئەوانەی لە لاپتۆپەکەدا وەڵامدەرەوە نەبن. Anker بۆ ئەم مەبەستە ئامێری AnkerWork B600 Video Bar بەرهەم هێناوە، کە لە یەك کاتدا وێبکەمە، سپیکەرە و مایکە. بەکارهێنەر هیچ کات کێشەی بۆ نایەتە پێش. وێبکەمەکە بە کوالیتییەکی بەرز فیلم دەگرێت واتە بە کوالیتی 2K. فۆکۆسی خۆکاریشی تێدایە. هەروەها سپیکەرەکەی بەشێکی هەیە بەناوی VoiceRadar کە دەنگێکی زۆر باش لە شوێنە قەرەباڵغەکانیش بڵاودەکاتەوە.




## داتاشۆیەکی تایبەتی لە ئەنکەر

یەکێکی دیکە لەو ئامێرە زیرەکانەی کە ئەنکەر لە پێشانگای CESدا خستیەڕوو، داتاشۆی جۆری Cosmos Laser 4K بوو. ئەم داتاشۆیە بە کوالیتی 4K و رووناکی ٢٤٠٠٠ لۆمن ڤیدیۆ بڵاودەکاتەوە. سیستەمی ئەندرۆیدی ١٠ی لەسەرە. ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە خۆی سپیکەری لەگەڵدایە و بە کوالیتی Dolby audio دەنگ بڵاودەکاتەوە. دەسکێکی تایبەتی لەسەرە کە بۆ هەڵگرتن کار ئاسانییەکی زۆر دەکا. بەهۆی ئەوەی کە سیستەمی ئەندرۆیدی ١٠ی لەسەرە، بەکارهێنەر دەتوانێ جگە لەوەی کە فیلم و ڤیدیۆکان بکاتەوە، دەکرێت هەر لەسەر داتاشۆکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکاتەوەو هەروەها یاری ئەلکترۆنیش بکات. چونکە شوێنی دانانی کیبۆرد و ماوسی هەیە.

# تەختەی دوگمە بۆ پەیوەندییەکان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەروا زیاتر و بەرفراوانتر دەبن، ژیان لە بازنەی حەقیقیەوە بەرەو مەجازی ڕۆیشتووە. کۆڕ و سیمینار، وانە و پەروەردە، خولەکانی فێرکردن و ڕاهێنان و...تاد. هەموو شتێك بوونەتە مەجازی. ئامێری بچووکی ChonkerKeys بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ئەم تۆڕە مەجازییانە بەرهەمهاتووە. جار هەیە لەبیرت دەچێت کە سەر مۆبایل یا کۆمپیوتەر لە تۆڕ بچیە دەر، یان دەتهەوێ دەنگ زیاد و کەم بکەی، یان نیازتە هەندێك لە بەشداران لە بازنەکە دەربخەی، بەهۆی ئەم ئامێرەوە کە پێکهاتووە لە چەند دوگمەیەك و بەکارهێنەر دەتوانێ دوگمەی زیاتریشی بەمەبەستی زیاتر کۆنترۆڵ کردن بۆ دابنێ گشت ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدەی. دوگمەیەکی گەورەی ڕەنگ سووری تێدایە کە بەمانای کۆتایی هێنان و چوونە دەرەوە لە تۆڕ دێت. ئەم تەختەی دوگمەیە کارئاسانییەکی زۆر دەکات، بەهۆی ئەوەی دوگمەکان لەبەردەستدان بەکارهێنەر زیاتر زاڵ دەبێت بەسەر خۆکۆنترۆڵکردن و کۆنترۆڵکردنی ژووری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆکاری چییە هێمای ماوسەکەم لەسەر لاپتۆپەکەم دەڕوات بەبێ ئەوەی بیجوڵێنم؟**

خوێنەری بەڕێز هۆکاری ڕۆیشتنی هێمای ماوس بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە، یەکەم ڕەنگە لەکاتی دانانی سیستەمدا، درایڤی پێناسەی ماوس واتە (تەعریف)ی ماوس بەباشی نەکرابێ، وا باشە سەرلەنوێ لە ئینتەرنێت بۆی دابەزێنیەوە. هۆکاری دووەم ڕەنگە پرۆگرامێکی تێکدەرانە دزەی کردبێتە ناو کۆمپیوتەرەکەت، ئەویش بە ئەنتی ڤایرۆس یا بەرنامە دژە سیخوڕییەکان لەناو بچێت. هەندێك لاپتۆپ خۆیان دوگمەیەکیان هەیە بۆ ڕاگرتنی هێمای ماوس. یان پرۆگرامۆکەیەك هەیە بەناوی freeze touchpad دایبەزێنە کێشەکە چارەسەر دەبێ.

## مۆبایلەکەت بکە بە تەبلێت

مۆبایلە زیرەکەکان ڕەنگە زۆربەی ئەرکی کۆمپیوتەرەکان جێبەجێ بکەن، بەڵام چونکە شاشەکەیان بچووکە، بەکارهێنەر دەستی ئەوەندە ئاوەڵا نییە کە بتوانێت بەباشی و بە ئاسانی لە پرۆگرامەکان سوود وەربگرێ. ئامێری NexPad بە ئاسانی مۆبایلە زیرەکەکان دەکات بە تەبلێت. بەهۆی چەند موگناتیسێکەوە مۆبایلەکە لە شاشەکە پەیوەند دەدرێ و دەبێتە شاشەیەکی گەورە. شاشەکە ١٢ ئینجییە بە کوالیتی فول ئیچ دی نیشان دەدا. کێشی ئامێرەکە ٧٣٦ گرامە. شوێنی دوو دانە پۆرتی USB 3 هەیە لەگەڵ شوێنێکی Mini HDMI هەروەها کەلینێکی USB 2.
شاشەی NexPad دەکرێ وەك شاشەیەکی لاوەکیش بۆ کۆمپیوتەر و لاپتۆپ بەکار بهێنرێ.






# گەورەترین و ناوازەترین مۆنیتۆری چەماوە

کۆمپانیای سامسۆنگ لە پێشانگای ساڵانەی CESئەمساڵدا، نوێترین و پێشکەوتووترین و ناوازەترین مۆنیتۆری چەماوەی گەیمینگی خۆی بەناوی Odyssey Ark خستەڕوو. شاشەکە ٥٥ ئینجە و دەتوانێت بە هەردوو حاڵەتی ستوونی و ئاسۆیی دابندرێت. کوالیتی نیشاندانی 4Kیە.

شاشە چەماوەکە تایبەتە بەگەیم و لەسەر ستاند داندرێ. بە هەموولایەدا دەسوورێت. هەرچەندە تایبەت بەگەیم بەڵام بۆ سەیرکردنی فیلم و دانانی وەك سینەماییەکی بچووك گونجاوترە. مۆنیتۆرەکە بەراستی بۆ ئەوانەی کاری گرافیك و دیزاین و سینەما دەکەن زۆر گونجاوە، چونکە لە یەك کاتدا دەبێتە چەندین بەش و هەر بەشەی دەتوانی ئەرکی تایبەت ئەنجام بدات و پرۆگرامێکی تایبەتی بکاتەوە. ئەگەر بەشێوەی ستوونی دابندرێ لە یەك کاتدا دەبێتە سێ تەلەفزیۆن و هەر تەلەفزیۆنەی بەجیا نیشان بدرێ.



## ماڵپەڕێکی گرنگ لەبارەی خۆتەوە

تەمەنت چەندە، دەزانی چەند رۆژ و مانگ و ساڵ و چەند کاتژمێر و خولەك ژیاوی؟! تەمەنت زۆر ماوە بەرەو پیربوون بچێت؟ لەو کاتەوە تۆ لەدایك بوویە، چەند جار دڵت لێیداوە، چەند جار هەناسەت هەڵکێشاوە؟ ئەگەر مام ناوەند رۆیشتبێ چەند جار بە دەوری زەویدا خولت خواردووە. لەو کاتەوە کە تۆ لەدایك بووی، چەند کەسی دیکەش لەدایك بوونە، ژمارەی دانیشتوانی زەوی لەوکاتەی کە تۆ لەدایك بووی چەند بوو، ئێستا چەندە؟ گشت ئەو پرسیارانە لە ماڵپەڕی http://you.regettingold.com دا ببینە. کاتێك ماڵپەرەکەت کردەوە، تەمەنی خۆت بە رۆژ و مانگ و ساڵ بنووسە، هەتا زۆر زانیاری ورد و گرنگ لەبارەی خۆت و ژیانتەوە پێبدات. وەك ئەو رۆژەی تۆ لە دایك بووی کام کەسایەتی جیهانی مردووە؟ تۆ لەکام کەلووی و ..تاد.

# پرۆگرامێکی بەهێز بۆ دەستکاری وێنە لە مۆبایلدا

ئەوە راستە کە پرۆگرامەکانی مۆبایل دەبێ بچووك بن و توانا و تایبەتمەندییان وەك پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مۆبایلیش پرۆگرامی زۆر گرنگ بەرهەم هاتووە ئەگەر هاوشێوەی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەریش نەبێ، دەتوانێ زۆر ئەرك ئاسان بکاتەوە. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی PicsArt – Photo Studioی سیستەمی ئەندرۆیدە.



ئەم پرۆگرامە هەتا ئێستا زیاتر لە سەد ملیۆن بەکارهێنەر دایانبەزاندووە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی تاقیگەیەکی وێنە لە مۆبایلەکەدا هەبێ. بەهۆی ئەو ئامرازانەی کە لە پرۆگرامەکەدا هەن دەتوانرێ گەلێك گۆڕانکاری لە وێنەدا بکرێ. دەیان ئێفێکتی تایبەت بەوێنەی تێدایە.

# به ڕێجیم و خواردن جەستەت سەرنجڕاکێش و جوانتر بکه




زۆر ڕێکار هەن کە وا دەکەن ئافرەتان لە ڕووی جوانیی ڕوخسار و ماکیاژ و پێست و جەستەوە سەرنجڕاکێش و جوانتر دەربکەون، بە تایبەت ئەوانەی خەریکی گرنگیدانن بە جوانی و جەستەیان، یان ئەوانەی هەست دەکەن کە کێشیان زۆرە وبێزاریان دەکات، پەنا دەبەنە بەر ڕێجیم و وەرزش و خواردنەکان، تاوەکو لاواز بن و جەستەیان باریك و ڕێك بێت، وەك خانمێك دەتوانیت بە ڕێگەی سادە و ساکار جوانی بەدەست بهێنیت، بە تایبەت لە جووڵە کردن و هەڵسان و دانیشتن، بۆ ئەوانەی لە دەوام و زانکۆن، نابێت هەمیشە دانیشن، هەوڵبدە کاتێك کارت نابێت، جووڵە بکەیت و سەردانی دەستەخوشك و هاوەڵانت بکەیت، هەروەها ماوە ماوە لە شوێنەکەت هەڵسیت و جووڵەیەك بکەیت، بۆ ئەوانەش کە لە ماڵن، دەتوانن بە کاری ماڵەوە خۆیان خەریك بکەن و ڕێژەیەك لە چەوری و پرۆتینەکانی جەستەیان بسووتێنن، کەمخواردن و خواردنی جۆراجۆر کاریگەرییان دەبێت لەسەر جوانیی جەستەت، بۆیە هەوڵ بدە ڕێژەیەکی زۆر ئاو بخۆیتەوە، چونکە پێستت تەڕ و نەرمونیان دەکات، خواردنی دەستکرد و قووتوو کراو کەم بکەوە، میوە و سەوزە بە شێوەکی زۆر بخۆ، ئەگەر کاتت هەبوو وەرزش بکە و لە ماڵەوە جووڵەی جۆراوجۆر ئەنجام بدە.

## باوی مۆدی تەنوورەی (میدی)یە لەسەر ئاستی جیهان



جلوبەرگ چەندە ناوازە و ناسك بێت، مۆدێکی تایبەتتر دەبەخشێت، هەروەها پێویستە خانمان ئەو جلانە هەڵبژێرن کە شایستە و لە لوتکەدان، تەنوورە یەکێکە لەو جلانەی کە هەمیشە خواستی لەسەرە و خانمان وەك جلوبەرگێکی سەرەکی پێویستیان پێی دەبێت، کە نموونەی جوانییە و ناودارەکانی جیهانیش زۆربەی کات تەنوورەیان هەڵبژاردووە، وەك ئۆدی هیبۆرن، گریس کەیلی، مارلین مۆنرۆ. مۆدی تەنوورەکان جۆراوجۆرن، کورت و درێژ، تەسك و فراوان، ئەوانەی لە ئێستادا باون بۆ شوێنی فەرمی تەنوورەی تەسك دەستینشان کراوە و، بۆ بۆنە و یاد و دەرچوونەکان تەنوورەی کراوە گونجاوە، مۆدی تەنوورەی (میدی-Midi) یەکێکە لە مۆدە باوەکان، بۆ دەرچوون و بۆنە و دەوام دەگونجێت، شێوازەکانی جۆراوجۆرن، هەندێکیان کورت و هەندێکی دیکەیان درێژ و لە نێوان تەنوورە و ماکسیدا خۆی دەدۆزێتەوە، مارکەکانی ئەدیم ڕیزۆرت و یۆروپیان کەڵچەر، تەنوورەی میدییان بە سەرەکیترین مۆدەکانی جلەکانیان داناوە، بە تایبەت تەنوورەی درێژ بۆ ئەوانەی خولیای تەنوورە کورتەکان نین، هەر یەکە لە یۆروپیان کەڵچەر تەنوورەی ناوەندیان پەسند کردووە، ئەوانەی تاوەکو سەر ئەژنۆن و زۆر کورت نین، بۆ شۆێنی فەرمی و کاتی دەوام و بۆنەکان شیك و گونجاون.





# ئەتەکێتی هەڵگرتن و هەڵبژاردنی ڕەنگ بۆ مۆبایلەکەت

مۆبایل و ئامێرەکانی پەیوەندی، بوونەتە ئێکسسوارێکی سەرەکیی دەستی خانمان، بە تایبەت ئەوانەی کە زیاتر کارەکانیان لەسەر مۆبایلە، یان وەك خوویەك هەمیشە بە دەستیانەوەیە، تۆش وەك خانمێك هەوڵ بدە جۆرە مۆبایلت هەبێت کە زۆربەی کارەکانت بۆ جێبەجێ بکات، هەوڵ بدە لە سەرەتادا ڕەنگێك هەڵبژێریت کە بە خواستی خۆتە، دواتر دەتوانیت کەڤەر و بەرگەکان بەکار بهێنیت، کەڤەرەکانیش دوو جۆرن، هەندێکیان دەستکردن و دەتوانیت لە کاتێکدا دوو دانەت هەبێت، یان ئەوانەی لە شێوەی لەزگەن لە مۆبایلەکان دەدرێن. هەوڵ بدە ئامێرەکەت هەمیشە پاك و خاوێن بێت، ڕۆژانە پاکی بکەرەوە و هەمیشە وابکە کە پاتریی مۆبایلەکەت پڕ چارج بێت، هەروەها لە کاتی سەردانی و لە شوێنی گشتیدا هێندە مۆبایل بە دەستەوە مەگرە، چونکە کار دەکاتە سەر کەسایەتیت، ئەگەر بۆت گونجا، ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ جارێك ئامێرەکەت بگۆڕە، مەرج نییە براندێکی بەرز بەدەست بهێنیت، بەڵکو لەوەی خۆت بەڵام لە مۆدی تازە و باشتردا، بە تایبەت کاتێك هەست دەکەیت ئامێرەکەت سست بووە و کارەکان بە ئاسانی ناکات.







# ملیاردێری بچووک



مومفا جۆنیۆر، ئەو منداڵە بچووکەی کە چاوی کردووەتەوە، ڕاستەوخۆ بووەتە خاوەن سامانێکی گەورە و نازانێت هەژاری و نەبوونی چییە، ناوی خۆی (موحەمەد ئاوال موستەفا)یە و، بە بچووکترین ملیاردێر دەناسرێت، ئەو منداڵە خەڵکی وڵاتی نێجیریایە و ڕەتڵێك ئوتۆمبێل و چەندین کۆشکی بەناوەوە کراوە، لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بووەتە خاوەن فڕۆکەی خۆی، لە ئێستادا لە تۆڕەکانی سۆشیال میدیاش خاوەنی ٣١ هەزار بینەرە، چەندین ئوتۆمبێلی گرانبەهای وەك (لامبورگینی و بێنتلی)ی هەیە، لە یەکێك لە وێنەکانیدا کە باوکی ئوتۆمبێلێکی گرانبەهای پێشکەش کردووە، لەسەر وێنەکەی نووسیوە، (ڕۆژی لەدایکبوونم پیرۆز) ئەو منداڵە کوڕی گەورە سەرمایەداری نێجیری (ئیسماعیل موستەفا)یە، خاوەن سەرمایەکی زۆرە لە وڵاتێکی ئەفریقیی هەژاردا، تا ئێستا دەیان کۆمپانیا و باڵەخانەی بەرزی لە وڵاتانی جیهان هەیە.



# داکوتینی بزمار بە سەری ئافرەتانی دووگیاندا

ئەو ژنانەی دووگیانن هەندێکیان هەر لە سەرەتاوە حەز دەکەن ڕەگەزی منداڵەکەیان ئەوە بێت کە خۆیان دەیانەوێت، لە وڵاتی پاکستان ئافرەتێکی دووگیان بەهۆی ژانەسەرەوە خۆی گەیاندە نەخۆشخانەیەك، دکتۆرەکان بینییان بزمارێك لە ناوەڕاستی سەری چەقێندراوە، لێیان پرسی هۆکاری ئەو بزمارە چییە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: «پیاوێکی دکتۆری چارەسەری سرووشتی ئەو بزمارەی لەسەرم چەقاندووە، گوایە بە دانانی ئەو بزمارە منداڵەکەم کوڕ دەردەچێت»، دکتۆرەکە ناوی (حەیدەر خان)ـەو لە شاری پیشاوەر باکووری پاکستان دەژی، ئافرەتەکە سێ کچی هەیە و ویستوویەتی ئەوجارەیان کوڕی ببێت، بۆیە پەنای بۆ ئەو کەسە بردووە تا منداڵی کوڕی ببێت، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەش پۆلیسی ئەو شارە دەستیان بە گەڕان بەدوای ئەو کەسەدا کرد کە بزماری لە سەری ئەو ئافرەتە چەقاندووە.










# نمایشی کاری دەستڕەنگینی و خشڵی کوردەواری


گرووپی سارا لە کۆمەڵە کچێکی دەسترەنگین پێکهاتووە، ساڵانێکە لە زۆربەی شوێنە گشتییەکاندا نمایش و کاری ناوازە ئەنجام دەدەن، لەوانە کردنەوەی ڕەشماڵی کوردەواری، خشڵ و ئێکسسواری دروست کراو بە دەستی خانمانی کورد، چای خەڵووز و کوردەواری. گرووپەکە تا ئێستا بەشدارییان لە ١٠ فیستیڤاڵ و کردنەوەی زیاتر لە (٢٥) نمایش لە چەندین شوێنی جیاوازدا کردووە، لەم بارەیەوە سەرۆکی گرووپەکە (سارا سوارە) دەڵێ: «ماوەی پێنج ساڵە ئەو کارە دەستییەمان هەیە، تا ئێستا ٢٥٠ ئەندامان لە شارەکانی کوردستان و عێراق و لە وڵاتانی دەوروبەریش هەیە، گرووپەکەمان لە ڕێگەی دۆزینەوەی بەهرەی گەنج و کچانی دەسترەنگینەوەیە، تا بتوانین سوود لە کارامایییەکانیان وەربگرین و، بتوانن ببنە خاوەن کار و پیشەی خۆیان، کردنەوەی ئەو ڕەشماڵە لە شەقامی غەزالی، بۆ ئەوە بوو کە زۆربەی شوێنەکانی دیکە بۆ شتی مۆدێرن و تازەن، ئێمە بیرۆکەی دانانی کەرەستە و خشڵی کوردەواریمان بۆ هات، بە پێویستمان زانی نمایشێکی کولتوور و فۆلکلۆری دابنێین، ئەوەش بووە مایەی پێشوازیی خەڵك و، ڕۆژانە خەڵك سەردانی شوێنەکەمان دەکەن و کەرەستە و خشڵی کوردەواری دەکڕن، یان وێنەی لەگەڵ دەگرن، تەنانەت زۆربەی ئەوانەی دێن، خەڵکی بیانی و دەرەوەن، زیاتر بە کەرەستەکانمان سەرسام دەبن، ئێمە لەو گرووپە هەمیشە بیر لەوانەش دەکەینەوە کە لە ماڵدا کار دەکەن و، بەرهەمەکانیان نمایش دەکەین چ بۆ مەبەستی نمایش بێت، یان بۆ دیاری و فرۆشتن، هەر کەسێکیش نیازی کارکردنی لەگەڵ ئێمە هەیە دەتوانێت پەیوەندی بە گروپەکەمانەوە بکات، بۆئەوەی کارە دەستڕەنگینی و کارامییەکانی نمایش بکەین.






# جوانترین میترۆکانی جیهان

تونێل و میترۆکان وەك شوێنێك بۆ وەستان و چاوەڕێکردنی ئامێرەکانی گواستنەوەی وەك شەمەندەفەر و پاس و ئوتۆمبێلەکان بەکار دێن، هەروەها شارەزایان و خاوەن بیرۆکەکە توانیویانە سوود لەو شوێن وەربگرن، تا بە ئەو یشوێنانە بە جوانترین شێوە و دیزاین دروست بکرێت. وڵاتانی ئەورووپا خاوەنی دە جوانترین تونێل و میترۆکانی جیهانن، کە لێرەدا بە ڕیزبەندێك، لە پێشەنگ تا دواهەمین جوانترین و سەرنجڕاکێشترینیان، ئاماژەیان پێ دەکەین: میترۆی (Toledo) لە ئیتاڵیا، میترۆی (Komsomolskaya) لە ڕووسیا، (Solna) لە سوید، (Westminster)ی بەریتانیا، (Arts et Métiers) لە فەرەنسا، (westfriedhof) لە ئەڵمانیا، (Olaias) لە پرتوگال، (Wilson) لە پۆڵەندا، (Zoloti Vorota ) لە ئۆکرانیا، (-Kiyevs kaya) لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە پێشتر بابەتی باوەش و ماچ و قسەکردن لەسەر جلەکانیان نووسرا بوو، بەڵام ئێستا لەسەر جلەکانیان نووسراوە تێستی کۆرۆنا و ئۆمیکرۆنم بۆ بکە.




## نوکتە

لە قوتابیەکی تەمبەڵیان پرسی، وانەی بیرکاری چییە؟

ئەویش گوتی: بریتییە لەوەی کۆمەڵە کەسێك (سین و ص و X و Y) ون دەکەن و ئێمەش دەبێ بیدۆزینەوە!

## فیلم

## قژ زەرد - Blonde



درامایەکی بەهێزە، باس لە ژیانی ئەکتەری ناوداری ئەمریکی (مارلین مۆرنرۆ) دەکات و، یەکێکە لە دراما سەرکەتووەکانی ئەمساڵ، باس لەوە دەکات کە چۆن ژیانی مارلین مۆنرۆ لە کەسێکی ئاساییەوە بۆ ئەکتەرێکی ناودار دەست پێ دەکات، بەشێکی زۆری ژیانی کچە ئەکتەرە ئەمریکییەکە لە فیلمەکەدا باس دەکرێت، کە لە دەرهێنانی (ئەندری دۆمینیك)ـە و، لە ساڵی ٢٠٢٢ کاری فیلمەکە تەواو بووە و بەم زووانەش لە سینەماکانی ئەمریکا نمایش دەکرێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٥ خولەکە، لە نواندنی کچە ئەکتەری ئیسپانی (ئانا دی ئارماس)، و ئەدریان برۆدی، ساران پاکسۆن و جەسیکا چەستەینە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەی ڕابردووت بە کاتێکی ناخۆش تێپەڕی، هەندێك گۆڕانکاری لە لایەنی پیشەییەوە بەربەستت بۆ دروست دەکات، بۆیە لەسەرخۆ بە، خۆشەویستەکەت بەردەوام لەپێناو سەرکەوتنی پەیوەندییەکەتان و مانەوەی لەگەڵ تۆدا هەوڵ دەدات، بیرت بێت ڕاهێنانی وەرزشی دەرونت ئارام دەکاتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بڕیارڕ بۆ داهاتووت با لەسەرخۆ بێت، پەلە مەکە لە هەنگاوەکانت، ڕەنگە ئەم ماوەیە لە ڕووی پیشەییەوە هەست بە ئارامی نەکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە پێویستت بە حەوانەوە هەیە، واتە دوورکەوتنەوە، بۆ ئەوەی کەمێك پەیوەندیتان ئاسایی ببێتەوە، چونکە ماندوبون هۆکارە بۆ تێکدانی تەندروستیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەرگیز ئەرکە گرنگەکانت فەرامۆش مەکە و بزانە چۆن ڕەفتار لەگەڵ نهێنییەکانی کارەکەت دەکەیت، متمانەکردن بە خۆت و خۆشەویستەکەت، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەمو بارودۆخێکدا بگونجێیت،لە لایەنی تەندوسییەوە سیستمی خۆراکیی تەندروست پەیڕەو بکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە کەسانێك دژایەتیت دەکەن، تۆش کارەکانت بە سانایی بەڕێ بکە، لە داهاتووش مەترسە و، بەشداریی ئەو چالاکیانە بکە کە دەبێتەهۆی بەرەوپێشچوونی کارەکەت، لە ڕووی سۆزدارییەوە پلان بۆ داهاتوو دابنێ، و لە خۆتەوە بڕیارمەدە، بەبێ پرسی پزیشك هیچ دەرمانێك مەخۆ.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە پێویستت بە بیرۆکەی نوێ هەیە بۆ ئەوەی داهێنان بکەیت و هەنگاوی گەورە بنێیت، پشتیوانیی خۆشەویستەکەت هاوکاریت دەکات بۆ ئەوەی زیاتر بەهێز بیت، لە ڕووی تەندروستییەوە گەڕان لە ناو سرووشتدا کاریگەریی لەسەر ئارامیی دەروونت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەرگیز هەموان لە شێوازی کارکردنت ئاگادارمەکەرەوە، چونکە هەرکەسێك نهێنیی تایبەتی خۆی هەیە، متمانە لەلایەنی سۆزدارییەوە زۆر گرنگە، بێگومان ئەویش بە ڕاستگۆیی دێتەدی، بەردەوام دانیشتن لەسەر کۆمپیوتەر، یان سەیرکردنی تەلەفیزیۆن زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.

# بۆ زانیاریت

## بلوتوس - Bluetooth

بۆچی لۆگۆی بلوتوس ددانێکی شینە، بلوتوس، ئەو ئەپلیکەیشنە سەرەکییەی لە زۆر لە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیادا هەیە، ناوەکەی سەیرە کە بە مانای ددانی شین دێت، دوای دۆزینەوەی شەپۆلەکانی ئەو ئەپلیکەیشنە بەناوی هاراڵد بلاتاند (Harald Blatand) ناونرا کە پاشایەکی کۆنی وڵاتی دانیمارك بووە و خاوەن ددانێکی شین بووە، ئەویش وەك ئەوەی ئەو ئەپلیکەیشنە کە سوود بە هەموو لایەك دەگەیەنێت بۆیە بە ناوی ئەو پادشایە کراوە، ئەم تەکنەلۆژیایە لە وڵاتی سوید داهێنراوە وەك ڕێزێك بۆ ئەم پاشایە کە توانیویەتی خزمەتێکی زۆری وڵاتانی ئەسکەندەنافی (سوید، دانیمارك، نەرویج) بکات، هەربۆیەش بە ناوی ددانە شینەکەی ئەوەوە ناونراوە.





## پەند و وتە

کارل گوستاف جۆنگ، فیزیۆلۆجی سویسری، لە ساڵی ١٨٧٥ لە شاری کیسوێڵ لە سویسرا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری کوسناچ لەو وڵاتەدا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی تەنیایی و دوورەپەرێزی دەڵێت: «زۆر هەوڵم دا بۆ تێگەیشتن لەو کەسانەی کە تەنیا و دوورەپەرێزن، چونکە خەڵکێکی زۆر دەکەونە داوی تەنیایی و دوورەپەرێزییەوە، بەڵام کێشە لەوەدایە کە ئەو کەسانە باسی هەندێك شت دەکەن، تەنیا خۆیان تێدەگەن و بۆ کەسانی دیکە ڕوون نییە».




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا پلیکانەیەکی بازنەیی هەیە، هەوڵ بدە بزانیت وێنەی پلیکانە پێچاوپێچەکە لە سەرەوە، یان لە خوارەوە وێنەی گیراوە.

## بیرکردنەوە و فەلسەفە

### کۆیلایەتی!



حاڵەتی بە کاڵا دانانی مرۆڤە کە خاوەن ماڵ دەتوانێت بیفرۆشێت یان بیکڕێت و ناچاری بکات بە ئەنجامی کارێك. کۆیلایەتی چەندین جۆری هەیە، بەڵام ترسناکترین جۆری کۆیلایەتی ڕۆح و مێشکە، کە بریتیە لەوەی کە کەسی سەرکردەو دەسەڵاتدار بەپیرۆز بزانرێت و بپەرسترێت لەم بارەیەوە (Volter kipli)ی نووسەری فینلەندی دەڵێت: «ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی کە بە ڕۆح کۆیلەن، زۆر قورسترە لە ڕزگارکردنی ئەوانەی کە زنجیر لە دەست و پێیان دایە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی پیشەییەوە هەنگاوی گەورە دەنێیت و بەربەستەکان تێك دەشکێنیت، کێشەکان لەسەر خۆشەویستەکەت کەڵەکە بوون، هەر بۆیە ئەم ماوەیە کەمتر بایەخ بە تۆ دەدات، گرنگە تۆش لە بارودۆخی تێبگەیت، لولایەنی تەندروستییەوە ڤیتامینەکان پێویستە بۆ لەشێکی تەندروست.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسانێك یارمەتیی تۆیان پێویستە، تۆش چاکەیان لەگە بکە و فەرامۆشیان مەکە، هەوڵ مەدە هیچ کەسێك بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆت بەکار بهێنیت، ڕێککەوتن و تێگەیشتن لە خۆشەویستەکەت یارمەتیدەرە بۆ چالاککردنی پەیوەندیتان، ئەگەر دەتەوێت بحەوێیتەوە، باشترە بۆ ماوەیەك پشوو بدەیت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

خۆت لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێنە، ڕێکخستنی کارەکانت لە لایەنی پیشەییەوە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی ڕێگەی سەرکەوتن بدۆزیتەوە، ڕەنگە لەم ماوەیەدا خۆشەویستەکەت کارێکی بوێرانە بکات، گرنگە تۆش بتوانیت پشتیوانیی بکەیت، لە لایەنی تەندروستییەوە هەمیشە بایەخ بە خواردنی میوە بدە.



### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەنگاوەکانی پێشووت باش و بەنرخ بوون، هەوڵ بدە لەو شوێنەی کاری تێدا دەکەیت ڕووبەڕووی کێشەی کەسی نەبێتەوە، چونکە کاریگەریی نەرێنیی دەبێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە گرنگە تێگەیشتن هەبێت، لە لایەنی تەندروستییەوە بەهۆی ماندوبونی زۆرەوە توشی ئازاری جەستەیی دەبیت، بەڵام کاتییە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە بەرپرسانی کارەکەت زیاتر ئازادت بکەن لە بڕیارەکانت، گۆڕانکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆتینەکان، بنەمایەکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پەیوەندیی سۆزداریت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، یان هاوبەشی ژیانت، ئەگەر تەندروستیت باش نییە سەردانی پزیشك بکە و خۆت پشتگوێ مەخە.





### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کێشەی زۆر ڕووبەڕووی کارەکەت دەبێتەوە، بەڵام پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات، چونکە هەر زوو چارەسەر دەبێت، لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانیت ئەم ماوەیە باش نییە، بەڵام هەوڵ بدە لە هەموو بارودۆخێکدا خۆڕاگر بیت، لە پێناو تەندروستیت ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە.

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری


## (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan February 28, 2022 Issue,No.1307

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626